زنجیرەی ئیسلام و زانست

1

قورئان و گەردوونناسی

قورئان و زانست

1

ئامادەکردنی
سەروەر رەحمان

پێداچوونەوەی زانستی
دکتۆر مەریوان احمد رشید



قورئان و گەردووناسی

زنجیرەی قورئان و زانست (٦)

قورئان و گەردووناسی

ئامادەکردنی

سەروەر حەسەن

پێشەکی بەقەڵەمی

مامۆستا نەشئەت غەفور

سەرۆکی ناوەندی کوردستان بۆ ئیعجازی زانستی

پێداچوونەوەی زانستی

د.مەریوان ئەحمەد ڕەشید

یاریدەدەری پرۆفیسۆر لە گەردووناسیدا

پێداچوونەوەی زمانەوانی

م. محمد شریف صالح

بەکالۆریۆسی زمانی کوردی



ناوی کتێب بەکوردی: قورئان و گەردووناسی
ئامادەکردنی: سەروەر حەسەن
پێداچونەوەی زانستی: د.مەریوان ئەحمەد ڕەشید
پێداچونەوەی زمانەوانی: م. محمد شريف صالح
بلاوکردنەوەی: نوسینگەی تەفسیر بۆ بلاوکردنەوەو ڕاگەیاندن/ هەولێر
نەخشەسازی ناوەوە: جمعه صديق كاكه
خەت: نەوزاد کۆیی
بەرگ: أمين مخلص
نۆرە و سالی چاپ: یەکەم ١٤٣٢ك - ٢٠١١ز
تیراژ: ١٥٠٠ دانە

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان ژمارەی سپیاردنی (١٣٢٠) سالی ٢٠١١ پێدراوە

تەفسیر
بۆ بلاوکردنەوە و ڕاگەیاندن
هەولێر- شەقامی دادگا - ژێر تونێلی شیرین پالاس
ت: ٢٢٢١٦٩٥ - ٢٢٢٠٩٠٨- ٢٥١٨١٣٨
مۆبایل: ٠٧٥٠ ٤٦٠ ٥١ ٢٢ - ٠٧٧٠ ١٣٨ ٧٢ ٩١
tafseeroffice@yahoo.com
tafseeroffice@maktoob.com
altafseer@hotmail.com

ناوەرۆك

به ناوی خوای بەخشندەی میهرەبان

پێشەکی

بەقەڵەمی مامۆستا نەشئەت غەفور

سەرۆکی ناوەندی کوردستان بۆ ئیعجازی
زانستی لە قورئان و سوننەتدا

لـە حـەفتاکانی سـەدەی ڕابـردوودا و لـەنێو دونیـای زانـین و زانیاریـدا چاومان کەوت بە کتێبی (الإنسان ذلك المجهول)، دەستمان بە خوێندنەوە و لێکۆڵینـەوەی کـرد و نهێنیـەکانی بەدیهێنـەر و مـەزنیی ئـەو زاتـەمان بـۆ دەرکەوت، ئەوەش لـە میانـەی زانینـی نهێنییەکانی خانـەی زینـدەوەران و توێکاری مرۆڤەوە. ئیتر زانستی پزیشکی و توێکاریی بوونە میحرابی باوەڕ، خودی مرۆڤ خۆی موعجیزەیەکی زیندووە... لەڕاستیدا هەرچەند لە زانینـی نهێنیەکانیشدا پێشڕەوی بکەین هێندەش پەی بە ڕاستودروستی ئەو وتەیە دەبـەین کـە مرۆڤـی هاوچـەرخ هـەر بەدەسـتی خـۆی لـەناودەبات، شارسـتانیەتی مـاددیش مرۆڤـی گۆڕیـوە بـۆ تـەنها ئامێرێـك کـە خاڵیـە لـە خۆشەویستی و بەها باڵاکان.

بێگومـان ئەگـەر کامـەرانی و تـەواوێتیمان بوێـت، دەبێـت سـەرلەنوێ تەواوی کەسێتی مرۆڤ بگۆڕین و ئاسـودەیی خێـزان و ڕۆڵ بـۆ دایـك و بـاوك

بگێڕینەوە لە پەروەردە و گەشەی سۆزداریدا، دەبێت مرۆڤ بۆ بنچینەی ڕاستەقینەی خۆی بگێڕینەوە تاکو (نێر) نێر بێت و (مێ)یش مێ بێت، بەجۆرێکی ئەوتۆ کە بەهیچ شێوەیەك خەسڵەتەکانی ئەقڵ و ئارەزووە زایەندی و خواستەکانی ڕەگەزی بەرامبەر لەخۆیدا دەرنەخات.

بەباوەڕی من ناسینی مرۆڤ لە بەدیهێنانەوە لە ﴿مِن نُّطْفَةٍ إِذَا تُمْنَىٰ﴾ تاکو گواستنەوەی لەم ژیانەوە بۆ ژیانی بەرزەخی، دەبێتە هۆکاری نزیکخستنەوەی کەسەکە لە ناسینی ئیعجازی پەروەردگار لە بەدیهێنانیدا.

ئایا چاو موعجیزە نییە؟

ئایا زمان موعجیزە نییە؟

ئایا مێشك موعجیزە نییە؟

ئایا دڵ موعجیزە نییە؟

ئایا سوڕی خوێن موعجیزە نییە؟

ئایا خانەکانی جەستەی مرۆڤ کە بەشێوەی جۆراوجۆر هەن و هەریەکەیان ڕۆڵی تایبەت بەخۆیان دەگێڕن، موعجیزە نین؟

ئایا یادگا (زاکیرە)ی مرۆڤ موعجیزە نییە؟

خوای پەروەردگار دەفەرموێت: ﴿وَفِىٓ أَنفُسِكُمْ ۚ أَفَلَا تُبْصِرُونَ﴾.

پێغەمبەر (ﷺ) پەرتوکی خوێنراوەی خوای گەورەی لەماوەی (٢٣) ساڵدا بۆ دابەزی، هەر بە قورئان تەحەددای ئەهلی ڕەوانبێژی و زمانی کرد، ئەوان بێتوانا و کەمدەست بوون لەوەدا کە هاوشێوەی قورئان بهێنن لەجیهانی هزر و ڕوونکردنەوە (بیان)دا، تەحەددیەکە بەردەوام بوو و تا ئەبەدیش هەر بەردەوام دەبێت.

﴿ قُل لَّئِنِ ٱجۡتَمَعَتِ ٱلۡإِنسُ وَٱلۡجِنُّ عَلَىٰٓ أَن يَأۡتُواْ بِمِثۡلِ هَٰذَا ٱلۡقُرۡءَانِ لَا يَأۡتُونَ بِمِثۡلِهِۦ وَلَوۡ كَانَ بَعۡضُهُمۡ لِبَعۡضٖ ظَهِيرٗا ﴾الإسراء/٨٨.

مەعالیمەکانی هزر و ڕۆشنبیری مرۆڤ گۆڕاون و زانست بووەتە منارەی پێشکەوتن و ئاوەدانی، ئیتر تەحەددیکردن بە ئیعجازی زانستی لە پێگەکانی زانستدا دەستیپێکرد.

هەروەها ئیعجازی یاسادانان لە بنچینە و بنەماکانی یاسا و سیستەمەکاندا.

ئیعجازی پەروەردەیی لە بونیاتنانی قوتابخانە و پەیمانگاکاندا.

ئیعجازی گەردوونی لە گەردوونی بینراودا.

ئیعجازی پزیشکی لە نهێنییەکانی جەستە و دەرووندا.

ئیعجازی ژینگەیی لە هاوسەنگی ژینگەییدا.

ئیعجاز، قوتابخانەیەکی قورئانیی نوێی بانگەوازی ڕێی خوای میهرەبانە.

ئەمڕۆ مرۆڤایەتی لەوپەڕی پێویستیدایە بۆ باوەڕ و هاوسەنگی، بۆ بەها و ڕەوشتە بالآ و جوانەکان، بۆ ئایین و ڕێگای ڕاست و دروست.

دەبێت باوەڕ بە سادە و سانایی وەربگیرێت، وەك لەم ئایەتەدا کە خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿إِنَّ فِي خَلۡقِ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِ وَٱخۡتِلَٰفِ ٱلَّيۡلِ وَٱلنَّهَارِ وَٱلۡفُلۡكِ ٱلَّتِي تَجۡرِي فِي ٱلۡبَحۡرِ بِمَا يَنفَعُ ٱلنَّاسَ وَمَآ أَنزَلَ ٱللَّهُ مِنَ ٱلسَّمَآءِ مِن مَّآءٖ فَأَحۡيَا بِهِ ٱلۡأَرۡضَ بَعۡدَ مَوۡتِهَا وَبَثَّ فِيهَا مِن كُلِّ دَآبَّةٖ وَتَصۡرِيفِ ٱلرِّيَٰحِ وَٱلسَّحَابِ ٱلۡمُسَخَّرِ بَيۡنَ ٱلسَّمَآءِ وَٱلۡأَرۡضِ لَأٓيَٰتٖ لِّقَوۡمٖ يَعۡقِلُونَ ﴾البقرة/١٦٤.

ئەم هەشت پۆلە لە بەڵگە گەردوونییەکان لەسەر توانا و دەسەڵاتی خوای گەورە و خوێندنەوەی گەردوونی بینراو، ئەمە و دەیان نموونەی تر

لە ئایەتەكانی قورئانی پیرۆز، بیركردنەوە دەكەنە فەرزێكی ئیسلامی. ئایین بوونی نییە بەبێ ئەقڵ، بەبێ پەیبردن (إدراك) ئایین نییە.

ئایین بۆ ژیانە و لە بەرژەوەندی مرۆڤەكانە.

مرۆڤ هەمیشە ویـردی سـەر زمانیـەتی، دەڵێـت: ﴿رَبَّنَآ ءَاتِنَا فِى ٱلدُّنْيَا حَسَنَةً وَفِى ٱلْـَٔاخِرَةِ حَسَنَةً وَقِنَا عَذَابَ ٱلنَّارِ﴾البقرة/٢٠١.

ئیسلام لە پاشماوەی ئایینەكانی تر جیاوازە، بەوپێیەی جەخت لە ئەقڵ و بیركردنەوە و زانست و گەڕان و وردبوونەوە دەكات. لـە قورئـانی پـیرۆزدا نزیكەی (١٠٠٠ ئایەت) هاتووە دەربارەی گەردووناسی و زەویناسی و ژیانی مرۆڤ و بوارەكانی تری زانست.

پێغەمبـەر (ﷺ) فەرموویـەتی: ﴿داواكـردن و گـەڕان بـەدوای زانسـتدا لەسـەر هـەموو موسـڵمانێك فـەرزە، هـەموو شـتێك داوای لێخۆشـبوون بـۆ داواكاری زانست دەكات، تەنانەت نەهەنگی دەریاش﴾.

لە فەرموودەیەكی تـردا هـاتووە: ﴿باشـترین كارەكـان بـوونی زانسـت و زانیارییـە دەربـارەی خـوای گـەورە، زانسـت سـوودت پێدەگەیـەنێت كـاری كەمی لەگەڵدا بێت یان زۆر، نەزانی و نەفامیش سوودت پێناگەیەنێت كـاری كەمی لەگەڵدا بێت یان زۆر﴾.

هەروەها فەرموویەتی: ﴿داواكردنی زانست و زانیاری لای خوا لە نوێـژ و ڕۆژوو و حەج و جیهادكردن لەڕێی خوادا باشترە﴾.

لەڕاستیدا ئەو هەوڵانەی لە بواری ئیعجازی زانستیدا دراون ئەو ڕاسـتییە دووپاتدەكەنەوە كە پاش تێپەڕبوونی چواردە سەدە هێشتا قورئانی پـیرۆز لەسەر شێواز و پیت و وشە و ئایەتـەكانی خـۆی پـارێزراوە، خـوای گـەورە پەیمانی پارێزگـاریكردنی داوە لـە تێكـدان (تحریـف) و گـۆڕین و شـێواندن،

پـــەروەردگار دەفـــەرموێت: ﴿إِنَّ عَلَيْنَا جَمْعَهُۥ وَقُرْءَانَهُۥ﴾القيامـــة/١٧، يـــان فەرموويەتی: ﴿إِنَّا نَحْنُ نَزَّلْنَا ٱلذِّكْرَ وَإِنَّا لَهُۥ لَحَـٰفِظُونَ﴾الحجر/٩.

مرۆڤایەتی هەر لەباری پێویستییدا دەمێنێتەوە بە هۆکارێك کە ئارامی و سەقامگیری و ئاسایشی گیانی و دەروونـی بـۆ بگێڕێتـەوە، ئـەوەش تـەنها لـــەڕێی یـــادی خـــوای مەزنـــەوە دەبێـــت: ﴿أَلَا بِذِكْرِ ٱللَّهِ تَطْمَئِنُّ ٱلْقُلُوبُ﴾الرعد/٢٨.

گـەردوون وەك پـەرتوکی بینـراوی خـوا دەمێنێتـەوە کـە لێوانلێـوە لـە ئیعجازی بەدیهێنان و سیستمی پـڕ لـە سەراسیما، مـرۆڤیش وەك هـەڵگری چەندین وردەکاری بەدیهێنان و دەرخەری توانـای بێسـنووری پـەروەردگار، ئـــەم ئایەتـــە پـــیرۆزەش هەمیشـــە بـــە درەوشـــاوەیی دەمێنێتـــەوە کـــە دەفەرموێت:

﴿سَنُرِيهِمْ ءَايَـٰتِنَا فِى ٱلْـَٔافَاقِ وَفِىٓ أَنفُسِهِمْ حَتَّىٰ يَتَبَيَّنَ لَهُمْ أَنَّهُ ٱلْحَقُّ ۗ أَوَلَمْ يَكْفِ بِرَبِّكَ أَنَّهُۥ عَلَىٰ كُلِّ شَىْءٍ شَهِيدٌ﴾فصلت/٥٣.

نەشئەت غەفور سەعید

سلێمانی ٢٠/ڕەجەب/١٤٣١

بەر لە دەستپێك

سوپاس و ستایش بۆ خوای گەورە، هەزاران درووود وسلاو بۆ گیانی پاكی پێغەمبەری ئازیز و یارو یاوەرانی تا ڕۆژی دوایی...

قورئان پەرتوكی خوای گەورەیە و بۆ مرۆڤایەتی دابەزیوە و لێیەوە مرۆڤ فێری چۆنیەتی ژیان و ڕێكخستنی پەیوەندیی دەبێت لەگەڵ خود و خوا و خەڵك و گەردوون.

قورئـان وتـەی خـوای میهرەبانـە، لـە قورئانـدا خـوای بـە بـەزەیی و بەخشندە بۆ مرۆڤ دواوە، وتەی خۆیی بۆ ناردووە، لە هەندێك مەسەلەدا ئەو زاتە مەزنەی توانای بێسنووری بەسەر هەموو نهێنی و ئاشكراكاندا هەیە سوێندی بۆ مرۆڤ خواردووە، مرۆڤێك كە وەك قەوارە و هێز و زانست بەرامبەر پەروەردگار هیچ نییە، هیچ هیچ... ئەو خوایە ڕێزی لێناوە ﴿وَلَقَدْ كَرَّمْنَا بَنِيٓ ءَادَمَ﴾.

خوای گەورە وایكردووە ئێمە لە وتەكانی تێبگەین، ئەمەش یەكێكە لە گەورەترین بەخششەكانی بۆ مرۆڤ.

ئەم قورئانە هەموو لایەنەكانی پەیوەست بە ژیانی مرۆڤی گرتوەتەوە و هیچ لایەنێكی فەرامۆش نەكردووە (سیفەتێكی ئەم قورئانە ئەوەیە گشتگیرە و بۆ هەموو سەردەمەكانە). یەكێك لەو لایەنانە ئامازە زانستییەكانی ئایەتە قورئانییەكانە كە ئێستا قوتابخانەی ئیعجازی زانستی لێكۆڵینەوەیان دەربارە دەكات.

جێی ئاماژەیە هەنـدێك لـەو توێژینەوانـەی دەربـارەی ئـەو ئایەتانـە کـە ئاماژەی زانستیان تێدایە، دەتوانرێت پێیبوترێت ئیعجازی زانستی قورئـان، بەڵام هەندێکی تریان لەوە بەدەر نین کە ڕاڤەیەك یان خوێندنەوەی زانستی بن بۆ ئایەتەکان.

خوێنەری بەڕێز! ئەم کتێبەی بەردەستت یەکێکە لـەو زنجـیرە شـەش بەرگیەی دەربارەی ئایەتە زانستییەکانی قورئانی پیرۆز (کە لەماوەی پێـنج تـا شـەش سـاڵدا) ئامـادەکراوە: "قورئـان و گەردووناسـی، قورئـان و زەویناسی، قورئان و دەروونناسی، قورئـان و زانسـتی پزیشـکی، قورئـان و ئاژەڵناسی لەگەڵ قورئان و ڕووەکناسی"... ئێمە لـەم زنجیرەیـەدا خۆمـان پەیوەست نەکردووە بەوەوە کە سەرجەم بابەتە هەڵبـژێردراوەکان لـەڕووی ئیعجازبوونیانەوە ساغ کرابنەوە، بەڵکو ئیعجازبوونی هەندێك لـە باسـەکانی نێو ئەم زنجیرەیە سەلمێنراون و هەندێکی تریشیان تـەنها خوێندنەوەیـەکی زانستی و هاتنەوەی زانستە لەگەڵ ئایەتەکاندا.

لەڕاستیدا جگە لە "قورئان و دەروونناسی" کـە وەرگێـڕدراوی بەشـێکی زۆر لە بابەتەکانی نووسراوێکی "ئەندازیار عبدالدائم الکحیل"ە کە توێژەر و چالاکێکی بواری ئیعـازی زانسـتییە، سـەرجەم بەرگـەکانی تـر ئامـادەکراون (بابەتەکان لە کتێب و سیدی و پێگـە ئەلیکترۆنییەکانـەوە هەڵبـژێردراون و وەرگێڕدراونەتە سەر زمانی کوردی).

لەلایەکی ترەوە لەم زنجیرەیەدا خۆمان پەیوەست نەکردووە بەوەوە کە بابەتەکان بـە دووردرێـژی و سـەرجەم وردەکارییەکانیانـەوە بـاس بکـەین، بەڵکو زۆرینەی بابەتەکان کورت و پوختن، هەوڵمانداوە زۆربەی هەرە زۆری ئایەتە زانستییەکان لە بوارە دیاریکراوەکاندا لەخۆبگرن.

خاڵێکی گرنگ کە تایبەتمەندی ئەم زنجیرەیەیە، پێداچوونەوەی زانستی و زمانەوانییە لەلایەن پسپۆڕانی بوارەکانەوە. ڕێز و خۆشەویستی بێپایانم بۆ یەك یەکی ئەو بەڕێزانە هەیە کە ئەرکی پێداچوونەوەیان لەئەستۆگرت.

ئەو مامۆستا و هاوڕێ ئازیزانەم کە پێداچوونەوەی زانستیان بۆ بابەتەکان کرد، بەڕاستی کارەکەیان زیاتر زانستی کرد، تێبینی و سەرنجی ورد و زانستیانەیان دەربارەی تاك تاکی بابەتەکان پێدام، یان پێباشبوونیان پێوتم، خۆشحاڵبووم ئەو ئازیزانە بوونە هاوکاری ئەم کارە سادەیمان، دەبێت خوای گەورە خۆی پاداشتیان بداتەوە.

لەلایەکی تریشەوە ئەو خوشك و برایانەم کە پێداچوونەوەی زمانەوانیان بۆ زنجیرەکە ئەنجامدا گەلێك جوانکاری و ڕاستکاریان بۆ کارەکە کرد، چاکنووسی و جواننووسیان بۆ شێوازی داڕشتن و وشە و دەربڕینەکان پەسەندکرد، دەستخۆشی و نزای خێرم بۆیان هەیە.

لەگەڵ ئەوەشدا دیارە هەر کارێك خاوەنەکەی مرۆڤ بوو، لە کەموکوڕی بەدەر نییە. هەر هێندە دەتوانین و دەزانین داوای لێخۆشبوون و پێدانی حیکمەت لە خوای گەورە بکەین.

خوای گەورە دڵسۆزی و داناییمان پێبدات و بەمیهرەبانی خۆی ئەو کارانەی کە خۆمان بەباشیان دەزانین، لێمان وەربگرێت.

سەروەر حەسەن

سلێمانی/ ٢٠١٠

دیاردەی پێکبەستویی و لێکهەڵوەشان
(الرتق والفتق)

کاتێـک مــرۆڤ دەڕوانێتــە درەخــت و بەروبوومــەکانی زەوی و بــەهار، دەپرسـێت ئـاخۆ کـێ بەوشـێوە جوانـە ڕازاندویەتیـەوە؟ پاشـان دووبـارە لــەوەرزی زسـتاندا چـاودەگێڕێت، دوایـی پـاییز، دەپرسـێت: کـێ زەردی بــەدوای سـەوزیدا دەهێنێـت و گـەڵا زەردە وەریوەکـان بـەهۆی (بـا)وە بڵاودەکاتــەوە؟ لـە بـەهاری داهاتووشـدا ورد دەبێتـەوە، کـێ خەنـدەی بـۆ شەونمەکان گێڕایەوە و پێکەنینیش بۆ بـەیانیانی باخچە ڕازاوەکـانی سـەر زەوی؟

خــوای گــەورە وەڵام دەداتــەوەو دەفــەرموێت: ﴿ٱللَّهُ يَبۡدَؤُاْ ٱلۡخَلۡقَ ثُمَّ يُعِيدُهُۥ ثُمَّ إِلَيۡهِ تُرۡجَعُونَ﴾الـروم/١١، واتــە: هــەر خـوا خـۆی دروسـتکراوان دەهێنێتــە مەیـدان و دوایــی وەك خۆیـانی لێدەکاتــەوە، ســەرەنجامیش گەڕانەوەتان (ئەی گرۆی ئادەمیزاد) هەر بۆ لای ئەو زاتەیە.

ئەمانەو مرۆڤ تەماشای گەردوونی کردووە و لێی کۆڵیوەتەوە، نموونـەی لەو نەیزەکانـە کۆکردۆتـەوە کـە کەوتونەتـە سـەرزەوی و نموونـەی لەتەنـە ئاسمانییـەکانی تـری وەك مـانگ وەرگرتـووە. ئەسـتێرەو گەلەسـتێرەکان لــەڕێگای وێنــەگرتنی ڕووناکییــەوە دەپشـکنێت، کـە لەدوورییـەکی زۆرەوە

ئـەنجام دەدرێـت و پاشـانیش هەڵدەسـتێت بـە شـیکارکردنی شـەبەنگە دەرچووەکان لەو ئەستێرانەوە و بـەوەش مـرۆڤ گەیشـتووەتە باوەڕێك کـە هەنووکە هەموو بەرەنجامەکانی زانست پشتگیری لە ڕاستییەکەی دەکـەن، ئـەویش کـورت دەبێتـەوە لەمـەدا: گـەردوون بارسـتەیەکی هـەوریی گـازی دوکەڵیی کڵپەسەندووی یەکگرتوو بووە.

سەرجەم پێکهاتەکانی گەردوون لە خۆر و مانگ و ئەستێرە و دار و بەرد و مـرۆڤ لـە سـێ ڕەگـەزی سـەرەکی پێکـدێن کـە ئـەلیکترۆن و پرۆتـۆن و نیوترۆنەکانن... ئەم یەکێتییە لە پێکهاتەی گەردووندا، دڵنیایی پتر لەسـەر بیرۆکەی یەکپارچەیی سەرەتا دەدات. گەردوون یەك یەکە بووە لە شـێوەی هەور و دووکەڵ، لەپاشان لەیەکتر جیابوونەتەوە بـۆ پێکهێنـانی ئەسـتێرەو گەلەستێرە و هەسارەکان و زەوی.

خـــوای پـــەروەردگار لـــە قورئـــانی پـــیرۆزدا دەربـــارەی چـــۆنیەتی جیابوونـەوەی گـەردوون دەدوێـت و دەفـەرموێت: ﴿ أَوَلَمْ يَرَ ٱلَّذِينَ كَفَرُوٓاْ أَنَّ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضَ كَانَتَا رَتْقًا فَفَتَقْنَٰهُمَا ۖ وَجَعَلْنَا مِنَ ٱلْمَآءِ كُلَّ شَىْءٍ حَىٍّ ۖ أَفَلَا يُؤْمِنُونَ ﴿٣٠﴾ وَجَعَلْنَا فِى ٱلْأَرْضِ رَوَٰسِىَ أَن تَمِيدَ بِهِمْ وَجَعَلْنَا فِيهَا فِجَاجًا سُبُلًا لَّعَلَّهُمْ يَهْتَدُونَ ﴿٣١﴾ وَجَعَلْنَا ٱلسَّمَآءَ سَقْفًا مَّحْفُوظًا ۖ وَهُمْ عَنْ ءَايَٰتِهَا مُعْرِضُونَ ﴿٣٢﴾ وَهُوَ ٱلَّذِى خَلَقَ ٱلَّيْلَ وَٱلنَّهَارَ وَٱلشَّمْسَ وَٱلْقَمَرَ ۖ كُلٌّ فِى فَلَكٍ يَسْبَحُونَ ﴾ الانبيـاء/٣٠-٣٣، واتـە: ئایـا کـافر و خوانەناسـان نـابینن و بۆیـان ڕوون نەبووەتەوە کـە ئاسمانـەکان و زەوی یەکپارچـە بـوون و لـەوەودوا لێکمـان جیاکردنەوە، لە ئاویش هەموو شتێکی زیندوومان فەراهەم هێنا، ئایا ئـەوان هەر باوەڕ ناهێنن، لەزەویشدا کەژ و کێوەکانمان چەسپاندووە، تـا لاسـەنگ نەبێت و لارنەبێتەوە و هەڵیان نەگێڕێتەوە، لە لاپاڵی چیاکان و لە دۆڵەکاندا

ڕێبازمـان سـازاندووە، تـا خـەڵكی ژیـان بـۆ خۆیـان دابـین بكـەن و ڕێبـازی هیدایەت بگرنەبەر و ڕێیان لە گەنجینە و ناز و نیعمەتە شاراوەكان بكەوێت، ئێمە ئاسمانمان كردووە بە سـەقفێكی پـارێزەر كەچـی ئەوانـە ڕوویـان لـەو هـەموو نیشـانە و بەڵگانـە وەرگێـڕاوە. هـەر ئـەو زاتەیـە كـە شـەو و ڕۆژی بەدیهێناوە، خۆر و مانگیشی دروسـتكردووە، هەریەكـەیان لـە خولگەیەكـدا دەسوڕێنەوە.

ئەم ئایەتانە كۆمەڵێك زانیاری ورد و دەقیقمان دەدەنێ، لەوانە:

١- ئاسمانـەكان و زەوی پێكەوەنوسـاو و یـەككگرتوو بـوون: ﴿كَانَتَا رَتْقًا﴾

٢- پاشان هەموو لێك جیاكراونەتەوە: ﴿فَفَتَقْنَٰهُمَا﴾.

٣- ئەو زاتەی لێكی جیاكردوونەتەوە نەناسـراو نییـە، بـەڵكو ئـەو زاتـە (الله) یە كە لەسەرەتادا هەموو گـەردوونی بـەدیهێناوە: ﴿فَفَتَقْنَٰهُمَا﴾ واتـە ئێمە لە یەكترمان جیاكردنەوە.

٤- یەكەم كەس ئـەم زانسـتە دەزانێـت و دەینوسـێت و بڵاویدەكاتـەوە ئەوانـــەن كـــە بێبـــاوەڕن: ﴿أَوَلَمْ يَرَ ٱلَّذِينَ كَفَرُوٓاْ﴾، واتـــە: ئایـــا كـــافر و خوانەناسەكان نابینن؟

٥- ئاو دەچێتە پێكهاتەی ژیانی هەموو زیندەوەرێكەوە: ﴿وَجَعَلْنَا مِنَ ٱلْمَآءِ كُلَّ شَىْءٍ حَىٍّ﴾، واتــە: لــە ئــاو هــەموو شــتێكی زینــدوومان فەراهــەم هێنا... زانستی نوێش بەم زانیارییە گەیشتووە، هەتاكو ئەوەش زانراوە كە هۆكاری ژیانی ڤایرۆس و بەكتریاش هەر ئاوە.

٦- خـوای گـەورە لـە سـەرەتادا زەوی بـەدیهێناوە، پاشـان زەوی نـاجێگیر دەبـوو تـاکو خـوای گـەورە بـەهۆی شـاخەکانەوە جێگیریـی و هاوسـەنگی بـە زەوی بەخشـی: ﴿ وَجَعَلْنَا فِي الْأَرْضِ رَوَاسِيَ أَن تَمِيدَ بِهِمْ ﴾ واتە: لە زەویشدا کەژ و کێوەکانمان چەسپاندووە تـا لاسـەنگ نـەبێت و لار نەبێتەوە و هەڵیان نەگێڕێتەوە.

پاشـانیش دوای ئـەو لێکجیابوونەوەیـە گـەردوون بەسـەرجەم وردەکارییەکانییـەوە دروسـتبوو: ﴿وَجَعَلْنَا فِيهَا فِجَاجًا سُبُلًا لَّعَلَّهُمْ يَهْتَدُونَ ﴾.

٧- خـوای گـەورە سـەقفێکی پـارێزەری بـۆ زەوی دروسـتکردووە، سەرەتای ئەم سەقفەش بریتییە لە بەرگەهـەوای دەوری زەوی: ﴿ وَجَعَلْنَا السَّمَاءَ سَقْفًا مَّحْفُوظًا ۖ وَهُمْ عَنْ آيَاتِهَا مُعْرِضُونَ ﴾ واتـە: ئێمـە ئاسمانمـان کردووە بەسەقفێکی پارێزەر، کەچی ئەوانە ڕوویان لە هەموو ئەو نیشـانە و بەڵگانە وەرگێڕاوە.

لەپێش دروستبوونی بەرگەهـەوا و پـێش دروسـتبوونی ژیـان، شـوهب و نەیزەکەکان و تیشکە زیانبەخشەکانی خۆر بەر زەوی دەکەوتن، بـەڵام ئـەو بەرکەوتنانە بەهۆی ئەم سەقفە پارێزەرەوە نەمان و کۆتاییان پێهات، دەنـا ژیانیش لەسەر زەوی بەم شێوەیە بەردەوام نەدەبوو.

٨- پاش هەڵوەشان و جیابوونەوەی گـەردوون، هەریـەك لـە هەسـارە و ئەستێرەکان شوێنی خۆیان وەرگرت، بەتـەواوی وەك ئـەوەی خـوای گـەورە بۆی دیاری کردوون... دوای ئەوەی خۆر شوێنی خۆی گرت، تیشکەکانی بۆ کۆمەڵەکەی دەنێرێت و وەك فەرمانی پێکراوە کۆمەڵەکەی (کۆمەڵەی خـۆر)

بەهۆی هێزی کێشـکردنەوە دەپارێزێـت، تـا شـەوو ڕۆژ پێکـدێنێت :﴿ وَهُوَ ٱلَّذِی خَلَقَ ٱلَّیۡلَ وَٱلنَّهَارَ﴾، واتە: هەر ئەو زاتەیە کە شەو و ڕۆژی بەدیهێناوە.

٩- دوای ئەوەی هەریەك لە ئەستێرە و هەسارەکان شوێنی خۆیانیـان گرت، لەو ناوچەیەی لە فـەزادا بۆیـان دیاریکراوە دەستیان بـە مەلـەکردن کـرد، بەئاڕاستـەیەکدا کـە خـوای گـەورە فـەرمانی پێکـردوون: ﴿وَٱلشَّمۡسَ وَٱلۡقَمَرَۖ كُلٞ فِی فَلَكٖ یَسۡبَحُونَ ﴾، (خۆر و مانگی دروستکردووە هەریەکـەیان لـە خولگەیەکدا دەسوڕێنەوە).

وەك زانراوە گەلەستێرەکان تائێستاش (لە کاتی لێك جیابوونەوەکـەوە) بە بەردەوامی لێك دووردەکەونەوە و گەردوون لەو کاتەوە بە یەکبینەیی لـە فراوانبووندایە. ئەم فراوانبوونەش بەردەوامە و بەخێراییەکی زۆر گەورەیە و جوڵەکەشـی وەك جوڵـەی خـۆر و کۆمەڵەکەیـەتی، بـەڵام ئـەم جـوڵ ەو فراوانبوونـەی گـەردوون تائەبـەد بـەردەوام نابێـت، بـەڵکو تـاکو کـاتێکی دیاریکراو و سنووردارە.

خـوای گـەورە بـۆ هـەموو شـتێك ماوەیـەکی دیـاریکراوی دانـاوە و هـەر ساتێکیش ماوەی جوڵە و فراوانبوونی گەردوون دواییهات، ئیتر گەردوون بۆ حاڵەکـەی سـەرەتای دەگەڕێتـەوە (حاڵـەتی پێکبەسـتوویی و دووکـەڵی) بەتەواوی وەك سەرەتا کە دەستی پێکردووە.

هەروەك چۆن مرۆڤ تەمەنێکی دیاریکراوی هەیـە و لـەپاش ئـەو تەمەنـە ئیتر دەمرێت، گەردوونیش بەهەمان شێوە، خوای گەورە بۆ حاڵی سـەرەتا کە بـەدیهێناوە، دەیگێڕێتـەوە. ئـەوەش لـە ڕۆژێکـدا کـە ئاسمانـەکان وەك کتێبێکی کراوە بە فەرمانی خوایی دادەخرێن و دەپێچرێنەوە: ﴿ یَوۡمَ نَطۡوِی

ٱلسَّمَآءَ كَطَيِّ ٱلسِّجِلِّ لِلْكُتُبِۚ كَمَا بَدَأْنَآ أَوَّلَ خَلْقٍ نُّعِيدُهُۥۚ وَعْدًا عَلَيْنَآۚ إِنَّا كُنَّا فَٰعِلِينَ﴾الأنبيــاء/١٠٤، واتــه: ڕۆژێــك دێــت ئێمــه ئاسمــان دەپێچینەوە، وەکو چۆن کتێبی کراوە دادەخرێت و دەپێچرێتەوە، هەروەك چۆن لە سەرەتاوە دروستمانکرد، وەك ئەو ساتەی خۆی لێدەکەینەوە. ئەوە پەیمان و بەڵێنی ئێمەیە، بێگومان ئێمە ئەم کارە ئەنجام دەدەین.

تەقینەوە گەورەکە

خـوای گـەورە دەفـەرموێت: ﴿أَوَلَمْ يَرَ ٱلَّذِينَ كَفَرُوٓاْ أَنَّ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضَ كَانَتَا رَتْقًا فَفَتَقْنَٰهُمَا﴾الأنبياء/٣٠، واتە: ئایا کافر و خوانەناسان نـابینن و بۆیـان ڕوون نەبووەتـەوە کـە ئاسمانـەکان و زەوی یەکپارچـە بـوون و لەوەودوا لێکمان جیاکردنەوە؟

دەکرێـت بـۆ یەکـەمین دیـدگای مـرۆڤ لەسـەر دروسـتبوونی گـەردوون بگەڕێینەوە بۆ چاخی بەردین، واتە پێش سەدان هەزار ساڵ بەر لـە ئێسـتا، ئەوکاتە کە خورافە دەستی گرتووە بەسەر خەیاڵ و هزری مـرۆڤ و گەشـەی ئـەقڵی لای میسـرییە کۆنـەکان و بابلیـەکان... لای ئـەوان پەیوەندییـەك دەردەکەوێت لەنێوان ئەزەلیەتی گەردوون و خواوەندە جۆراوجۆرەکان کـە لە هزری خۆیاندا دروستیان کردووە و دەسەڵاتدارن بەسەریانەوە.

فەیلەسـوفە ئیغریقـی و ڕۆمانییـەکان هـەوڵی دانـانی تیۆریـان داوە بـۆ دیـاردە گەردوونیـەکان، لەکاتێکـدا کـە ئەسـتێرەگەریی لـە هـەردوو

شارستانیەتی هیند و چینیدا بەتەواوی بڵاوبووەتەوە.

ئـەو خاسـیەتە گشـتییەی تەسـەوراتی گـەردوونی لای شارسـتانیەتە کۆنەکان چەسپاندووە، پەیوەستیەتی بە جیهانی خواوەنـدەوە و باوەڕی پتەوی بە بوونی جیاوازی بنـەڕەتی لـەنێوان زەوی و ئاسمانـدا، کە ڕێ بە دانانی تیۆرە نـادات دەربارەی گـەردوون و چۆنیەتی دروسـتبوونی، بـەڵام دوای ئەو گەشەسەندنە گرنگەی لەسەرەتای سەدەی بیستـەمدا مرۆڤایـەتی لەبواری فەلەکناسی تیۆرییەوە (Cosmology) بەخۆیەوە بینی، هاوکات لەگەڵ سەرهەڵدانی بیردۆزی ڕێژەیی گشتی کە چوارچێوەی ڕاستەقینەی بۆ لێکۆڵینەوەی گەردوون دانا، سەرباری تێڕوانین و چاودێریکردنی گەردوون و دۆزینـەوەی نایـاب لـە فـەزادا، دەبـوو تیـۆرێکی گشـتی دابنرێـت ئـەو دەرهاوێشتانە ئاوێتـە بکـات بـۆ پێشکەشـکردنی تێڕوانینێکـی یـەکگرتوو و هاوتـا بـە مەبەسـتی ڕاڤـەکردنی گـرنگترین دیـاردە گەردوونییـەکان و لـەو دیاردانەش دروستبوونی گەردوون.

لەڕاسـتیدا مەسـەلەی سـەرەتای دروسـتبوونی گـەردوون یەکێکـە لـەو مەسـەلانەی فەیلەسـوف و زاناکـان لێـی دواون، بـەڵام بەشـێوەیەکی ورد و تێروتەسەل و یەکلاکەرەوانە نەبوو، هەربۆیە ژمـارەی تیـۆر و بۆچـوونەکان زۆر بـوون، تـاکو زانـای بـەلجیکی گـەردوونناس "جـۆرج لیماتـەر" لەسـاڵی (١٩٢٧ز)دا دەربارەی سەرەتای دەسـتپێکردنی گـەردوون دوا و وتـی: "لـە سـەرەتای دروسـتبوونیدا گـەردوون بارسـتەیەکی گـازی بـووە، چـڕی و درەوشانەوە و گەرمییەکەی زۆر بەرز و مەزن بوون".

پاشان لەم بارستەیەدا و بەکاریگەری ئـەو پەسـتانە گەورەیـەی لـە پلـە گەرمییە بەرزەکەیەوە دروستبوو، تەقینەوەیـەکی گـەورە ڕوویـدا و پـەرتی کرد و بەشەکانی بەهـەموو ئاراسـتەیەکدا بڵاوەپێکرد. لەگـەڵ تێپـەڕبوونی کاتیشـدا ئەسـتێرە و هەسـارە و گەلەسـتێرەکان دروسـتبوون. هەنـدێك لـە

زانایان ئەم بیردۆزەیان بە بیردۆزی تەقینەوە گەورەکە (The Big Bang Theory) ناوناوە.

بەڕای زانایانی فیزیای گەردوون لە بەشێك لەملیار ملیار بەشی چرکەیەك (١٠ ^-٢٤^ چرکە) و بەر لە زیاد لە چواردە ملیار ساڵەوە گەردوون بارستەیەکی مەزنی پلە گەرمی زۆر بەرز بووە و بەقەبارەی گۆیەکیش بووە تیرەکەی ناگەیشتوەتە بەشێك لە هەزار بەشی سانتیمەترێك.

لەساڵی (١٩٤٠ن)دا زانای ئەمریکی بە ڕەگەز ڕووسی (پسپۆڕ لە بواری گەردوونناسی) "جۆرج گامۆف" پاڵپشتی تیۆرەی تەقینەوە گەورەکەی کردووە. ئەمەش ڕێی خۆش کرد لە بەردەم هەردوو زانا "بانزیاس" و "ویلسون" لەساڵی (١٩٦٥ن) دا کە شەپۆلە ڕادیۆییەکان لە هەموو بەشەکانی گەردوونەوە وەربگرن، بەجۆرێك کە لە هەر جێگایەکدا تۆمار بکرانایە هەمان خاسیەت و سیفەتی فیزیاییان هەبوو و بەپێی کات و ئاراستەش نەدەگۆڕان. ئەم شەپۆلانە ئەوانەن کە لە سەردەمە دوورەکانەوە هاتوون و پاشماوەی ئەو تەقینەوە گەورەیەن لە چرکە سەرەتاییەکانی ڕوودانیدا کە بەدوایدا دروستبوونی گەردوون دێت.

لەساڵی (١٩٨٩ن) دا ئاژانسی بۆشایی ئەمریکی (ناسا) مانگی دەستکردی (Cobe explorer)ی بۆ بۆشایی ئاسمان نارد کە لە دوای سێ ساڵ زانیاری زۆر وردی بۆ زەوی نارد. زانیارییەکان دڵنیایی تەواو لەسەر ڕاست و دروستی تەقینەوە گەورەکە دەدەن.

ئەم ڕاستییە زانستییە لە قورئانی پیرۆزدا ئاماژەی پێدراوە، لەئایەتی ٣٠ ی سورەتی (الأنبیاء)دا هاتووە: ﴿أَوَلَمْ يَرَ الَّذِينَ كَفَرُوا أَنَّ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضَ كَانَتَا رَتْقًا فَفَتَقْنَاهُمَا﴾.

مانای ئایەتەکە بەمجۆرەیە: زەوی و ئاسمانەکان بە ئەستێرە و هەسارە

و گەلەستێرەکانەوە کە هەموویان پێکەوە ئەم گەردوونەی تیایدا دەژین پێکدێنن، لەبنەڕەتدا بریتی بوون لە تەنها یەک بارستەی پێکەوەلکاو، پاشان ئەو بارستەیە تەقیوەتەوە و لەدوای ئەوە ئەستێرە و هەسارە و گەلەستێرەکان دروستبوون، ئەمەش زانایانی گەردوون لە کۆتایی سەدەی بیستەمدا دۆزیویانەتەوە... هەردوو زانا "بانزیاس" و "ویلسۆن" لەساڵی (١٩٧٨ز)دا خەڵاتی نۆبڵیان لە فیزیادا لەسەر ئەم دۆزینەوەیەیان وەرگرت.

فراوانبوونی گەردوون

لەساڵی (١٩٢٩ز) دا دۆزینەوەیەکی گەورەی زانستی ئاشکرا کرا، کاتێک کە لە ناوەندە زانستییەکاندا بڵاوکرایەوە دەنگدانەوەیەکی گەورەی هەبوو. تا ئەوکاتە باوەڕ وابوو گەلەستێرەکان بە جوڵەیەکی هەڕەمەکی وەک جوڵەی گەردی گازەکان دەجوڵێن کە هەندێکیان لەیەکتر نزیک دەکەونەوە و هەندێکی تر لە حاڵەتی لێک دوورکەوتنەوەدان، بەڵام دۆزینەوەکە ئەو بڕوایەی بەتەواوی پێچەوانە کردەوە.

"هابل" دۆزییەوە، هەموو ئەو سەدان بلیۆن گەلەستێرەیەی لە گەردووندا هەن بە بەردەوامی بەخێراییەکی زۆر گەورە لەیەکتری دووردەکەونەوە کە لەهەندێك خاڵدا لەوانەیە خێراییان بگاتە چەند بەشێکی خێرایی ڕووناکی. بەگوێرەی ئێمەوە هەموو ئەو گەلەستێرانەی لە دەوروبەرماندا دەیانبینین (جگە لە ئەندرۆمیدا و هەندێك گەلەستێرەی تری نزیک)، سەرجەمیان لە دورکەوتنەوەیەکی بەردەوامدان لێمانەوە.

مانای دۆزینەوەکە بەم جۆرەیە: مادام هەموو یەکەکانی ئـەم گەردوونـە لە حاڵەتی لەیـەکتر دوورکەوتنەوەیـەکی هەمیشـەییدان، ئەمـە تـەنها ئـەوە دەگەیـەنێت کـە گـەردوون لـە کشـانێکی قـەبارەیی یـان فراوانبـوونێکی یەکبینەدایـــە. خـــوای گـــەورە دەفـــەرموێت: ﴿وَٱلسَّمَآءَ بَنَيۡنَٰهَا بِأَيۡيْدٍ وَإِنَّا لَمُوسِعُونَ﴾الذاريات/٤٧، واتە: ئێمـە ئاسمانمـان بـە دەسـتی پـڕ دەسـەڵاتی خۆمان دروستکرد، بەردەوامیش گەورەو فراوانی دەکەین.

وەك دەزانین ڕووناکی لە حەوت ڕەنگ پێکهاتووە و هەریەك لەو ڕەنگانە شەپۆلێکی تایبەتیان هەیە بـە درێـژی و لەرەلـەرێکی دیـاریکراو، کـورتترین شەپۆل (بەرزترین لەرەلەر) شەپۆلی ڕەنگی شینە، درێژترینیان و کـەمترین لەرەلەریش شەپۆلی ڕەنگی سوورە.

کاتێك "هابل" لێکۆڵینەوەی لەو ڕووناکییە کرد کە لە گەلەستێرەکانەوە دەردەچـن، بـینی لـە هـەموو حاڵەتەکانـدا (جگـە لـە ئەندرۆمیـدا و هەنـدێك گەلەسـتێرەی تـری نزیـك) لادانێـك لـە ڕووناکیەکـەدا بـەرەو ڕەنگـی سـوور ڕوودەدات. چـەندەش بـڕی لادان ڕووەو سـوور زیادبکـات هێنـدەش دووری گەلەستێرەکە لێمانەوە زیاترە.

لەپاش ئەم دۆزینەوەیە بەڵگەی بـوونی ژمارەیـەك کونی زۆر تاریـك لـە گەردووندا دەرکەوت کە لەپشت ئەم کونانـەوە هێزێکـی کێشـکردنی گـەورە هەیە لادانی ڕووەو ڕەنگی سوورمان پیشان دەدات. (گـەردوون دەکشـێت و فراوان دەبێت لە خاڵی سەرەتاوە بۆ تیشکی سوور).

ئێستا و لەپاش گەیشتنی زانست بەو ڕاستییەی گـەردوون سـەرەتایەکی هەیە تیایدا دەستی بە کشان و فراوانبوون کـردووە، ڕوونـتر لـە مانـای ئـەو ئایەتە پیرۆزە تێدەگەین: ﴿وَإِنَّا لَمُوسِعُونَ﴾ خوای گەورە دەفـەرموێت ئێمـە

ئاسمانەكانمان دروستكردووەو ئێمەش فراوانـی دەكـەین... ئەمـە دەقێكـی ڕوونە و تەئویل هەڵناگرێت، هـەر ئەوەیـە ئێسـتا لـە گەردوونـدا ڕوودەدات، بەڵكو چەندین بلیۆن ساڵە ئەم فراوانبوون و كشانە بەردەوامە.

ئاسمانەكان فراوان دەبن و گەردوون دەكشێت. وەك تێبینیمان كرد ئەم ڕاسـتییە تـەنها تیـۆر و گریمانـە و نموونـە نییـە، بـەڵكو بینینـەكان ئـەم ڕاستییەیان سەلماندووە و تەبایی و هاوشێوەی ئەو تاقیكردنەوانەی زۆرێك لـە گەردوونزانـەكان لـە كـات و شـوێنی جیـاوازدا ئـەنجامیان داوە و ئـەم تیۆرەیـان كردووەتـە ڕاسـتییەكی زانسـتی سـەلمێنراو. تـا ئێسـتاش هـیچ دژایەتییەك یان هیچ شتێك نییە لە دروستی ئەم ڕاستییە كەم بكاتەوە.

هەموو تەنەكان لەڕێڕەوی تایبەتی خۆیاندا مەلەدەكەن

یەكێك لەخاسیەتەكانی گەردوون ئەوەیە هەر توخمێك لـە توخمـەكانی و هـەموو گەردیلـەكانی ئـەم توخمانـە (تەنانـەت ئەگـەر كێشـەكەی هێنـدەی ئەتۆمێكیش بێت)، لە جوڵەیەكی یەكبینەدان و تائەبەد ناوەستن مەگەر بـە فەرمانی خوا نەبێت، خوای بەدیهێنەری زەوی و ئاسمانـەكان و هەرچـی لـە نێوانیاندا هەیە.

بەدڵنیاییەوە ئەم جوڵەیە بە ڕێكەوت نییە، یان بـەو جـۆرە نییـە مـاددە خۆی هەر لەخۆیەوە ئەو كارە بكات (وەك بێبـاوەڕان بانگەشـەی دەكـەن)، بـەڵكو جوڵەیـەكی بەیاسـاكراو و دیـاریكراوە لەلایـەن پـەروەردگارێكی كارزانەوە، چونكە جوڵـەی تەنـەكان لـە گەردوونـدا لـەدەرەوەی یاسـاكانی زانسـتی دانـراون كـە مـرۆڤ داینـاون و زانیـونی و لـە دەوروبـەری خۆیـدا و لەزەوی و گەردووندا دۆزیونیەتەوە.

هەریەكـە لـە ئەسـتێرە و هەسـارە و گەلەسـتێرەكان بـە جوڵەیـەكی تەوەرەیی بەدەوری خۆیانـدا و بەجوڵەیەكی جێگۆڕكێ لـە خولگەكانیانـدا دەسـوڕێنەوە. زیـاتر لـەوەش هـەموو گـەردوون بـەدەوری چـەقێكدا دەسوڕێتەوە كە زانسـتی مـرۆڤ (كـەم تـا زۆر) هیچـی لـەبارەوە نازانێـت و تەنها لە زانستی خوای تاك و تەنهادایە.

گەرچی مرۆڤ بتوانێت هەندێك لە یاسا دەربارەی جوڵەی تەنەكانی سەر زەوی و نزیك زەوی بزانێت، بەڵام هەر كەمدەست و بێتوانا دەبێت لە زانینی زۆرێك لە مەسەلە شاراوەكانی جوڵەی تەمگەلەكان و هەسارەكان و گەلەستێرە و ئەستێرە كلكدارەكان و...هتد. ئەو دیاردانەی مرۆڤ لەسەر ڕووی زەوی دەیانبینێت و وا دەزانێت جێگیر و وەستاون و جوڵەیان نییە (وەك شاخەكان و بان و دەریاكان)، لەڕاستیدا هەموو ئەوانە لەجوڵەیەكی بەردەوامدان بە هاوكاتی لەگەڵ جوڵەی زەوی خۆیدا، بە جوڵەیەكی تەوەرەیی و جێگۆڕكێ و جوڵەكانی تریش.

ئەم جوڵە بەردەوامە ڕێكوپێكەی سەرجەم پێكهاتەكانی ئەم گەردوونە فراوانە كە ماندووبوون و وەڕسبوون و هەڵە نازانن، تەسبیح و سوژدەن بۆ پەروەردگاری مەزن و بەدیهێنەری ئاسمانەكان و زەوی و هەرچی لەنێوانیاندایە، بەڵام مرۆڤ بەو كەمە زانستە سنووردارەی هەیەتی لەو جۆرە تەسبیحاتە تێناگات.

لە جوڵەی هەر بەشێك لە بەشەكانی ئەم گەردوونەدا سوود و بەخشش و بەرەكەت هەیە بۆ مرۆڤ (دانیشتوی سەر ڕووی هەسارەی زەوی)، چونكە بە فەرمانی خوای گەورە و میهرەبان هەموو پێكهاتەكانی گەردوون بۆ خزمەتی مرۆڤ و ئاسانكردنی ڕێگاكانی ژیانی لەسەر زەوی هێنراونەتە بوون.

پەروەردگار دەفەرموێت: ﴿لَا ٱلشَّمْسُ يَنۢبَغِى لَهَآ أَن تُدْرِكَ ٱلْقَمَرَ وَلَا ٱلَّيْلُ سَابِقُ ٱلنَّهَارِ ۚ وَكُلٌّ فِى فَلَكٍ يَسْبَحُونَ﴾یس/ ٤٠، واتە: نە خۆر بە مانگ دەگات و نە شەویش پێش ڕۆژ دەكەوێت، بەڵكو هەریەكەیان لەڕێڕەوی تایبەتی خۆیاندا مەلەدەكەن .

هەروەها دەفەرموێت: ﴿وَهُوَ ٱلَّذِى خَلَقَ ٱلَّيْلَ وَٱلنَّهَارَ وَٱلشَّمْسَ وَٱلْقَمَرَ كُلٌّ فِى فَلَكٍ يَسْبَحُونَ ﴾الأنبياء/٣٣، واتە: هەر ئەو زاتەیە شەو و ڕۆژی بەدیهێناوە، خۆر و مانگیشی دروستکردووە، هەریەکەیان لە خولگەیەکدا دەسوڕێنەوە و مەلەدەکەن.

لەئەنجامی جوڵەی تەوەرەیی ئەستێرە و هەسارەکاندا چەقە هێزێکی دوورخستنەوە (قوة طرد مركزي) دروستدەبێت کە دەبێتە هۆی هێشتنەوەی ئەستێرە یان هەسارەکە لە خولگە تایبەتییەکەی خۆیدا (هێشتنەوەی دووریی نێوان ئەو هەسارە و ئەستێرەیە لەگەڵ ئەستێرەی دایکدا لە دوورییەکی جێگیر و نەگۆڕدا). ئەو هۆکارانەی کار دەکەنە سەر بەردەوامبوونی پەیوەستی ئەستێرە و هەسارەکان پێکەوە، لەم خاڵانەدا دەردەکەوێت:

- بارستایی ئەستێرە (خۆر)ی دایك.
- سوڕانەوەی تەوەرەیی خۆر.
- هێزی ڕاکێشانی خۆر.
- بارستایی هەموو هەسارە پاشکۆکانی خۆر.
- بەردەوام سوڕانەوەی تەوەرەیی هەریەك لە هەسارەکان بەخێرایی نەگۆڕ.
- هێزی دوور خستنەوەی ناوەند (سەنتەر)ی هەریەك لە هەسارەکان.
- دووریی نێوان خۆر و هەسارەکان.

سەرەڕای ئەو هۆکارانە و درێژ خایاندنی کارەکەی لەسەرەتای دروستکردنیەوە تاکو ئەمڕۆ کە بە چەندین بلیۆن ساڵ مەزەندە دەکرێت، ئەو خۆر و ئەستێرە و هەسارانە بەبێ هەڵە و لادان و تێکچوون جوڵاون،

چـونكە ڕامبوونيـان بـە فـەرمانى خـواى پـەروەردگارى مەزنـە و ملكەچـى ڕێكەوت و بێسەرەوبەرەيى نين. ڕوودانـى لادانێكـى زۆر بچـووك لـە هەريـەك لەو هۆكارانـەى باسـكران دەبێتـەهۆى نـەمانى هێـزى نێـوان خـۆرى دايـك و هەسـارەكانى، لەمەشـەوە تەقينـەوە و پـەرتبوون و لـەتبوون ڕوودەدات، ئەمەش تەنها كاتێك ڕوودەدات بەديهێنەرى گەردوون فەرمانى ڕوودانى بدات (لە هاتنى قيامەتدا).

ڕۆژى قيامـەت ئـەو ڕۆژەيـە كـە گـەردوون حالـەتى هاوسـەنگى خـۆى لەدەست دەدات و ئەستێرە و هەسارە و مانگـەكان بـە فـەرمانێك لەلايـەن خواوە بەهيچ جۆرێـك لـەت نـابن، زەويـش بـەڕوودانى ئـەو زەمينلەرزەيـەى پـەيمان دراوە ڕووبـدات كاريگـەر دەبێـت، هـەموو مـاددە كانزاييـەكان لـە ناواخنيانـەوە دێنـەدەرەوە و بـەوەش هاوسـەنگى و هێـزى كێشـكردنى و شوێنەكەى لە بۆشايى ئاسماندا لە دەستدەدات.

لەئەنجامى جوڵەى تەوەرەيى خۆر، ئەو گازانەى بەڕێگەى ناوكى كارلێك دەكەن، لەناواخنيدا چڕدەبنەوە و هێزێكى گەورەى كێشكردنى لێوەدروست دەبێت (بە هۆى بارستاييە زۆر گەورەكەيـەوە كـە بـە ٣٣٣هـەزار هێنـدەى بارسـتايى زەوى مەزەنـدە دەكرێـت)، ئەمـەش كاريگەرييـەكى زۆرى هەيـە لەسـەر هێـزى كێشـكردنى هەسـارە پاشـكۆكانى و پەيوەسـتكردنى بـە خولگەكەيەوە و دروستكردنى كۆمەڵە يان سيستمى خۆريى.

تيشـكى خـۆر تواناكـەى لـەو وزە زۆرە مەزنـەوە وەردەگرێـت كـە لـە كارلێكە ناوەكييەكانى ناواخنى خۆردا ڕوودەدەن، وزەى خـۆر لـە ئـەنجامى يەككگرتنى گەرديلەكانى هايدرۆجينى سوكەوە پەيدا دەبێت.

بەبێ بەردەوامبوونى جوڵەى تەوەرەيى خـۆر، دروسـتبوونى وزەى خـۆر دەوەستێت و لەگەڵ كاتدا نوێ نابێتەوە. ئەگەر ئەو جوڵەيەى نەبوايە خـۆر

بــەر لــە هــەزاران ملیـۆن ســاڵ دەبــووە ئەسـتێرەیەکی مــردوو و هێــزی کێشکردنی ون دەکرد و هۆکارەکانی پەیوەستبوونی نێوان خۆر و هەسارە پاشکۆکانی لە بۆشایی ئاسماندا هەڵدەوەشـان... هـەر ئـەو پەیوەسـتیەی نێوان هەسارە و ئەسـتێرەکانە شـوێن و خولگـەی هەریەکـەیان لەئاسمانـدا دەپارێزێـت. خــوای مــەزن دەفــەرموێت: ﴿فَلَآ أُقۡسِمُ بِمَوَٰقِعِ ٱلنُّجُومِ ٧٥ وَإِنَّهُۥ لَقَسَمٌ لَّوۡ تَعۡلَمُونَ عَظِيمٌ﴾الواقعة/٧٥-٧٦، واتـە: سـوێندم بـە شـوێنی ئەستێرەکان، ئەو سوێندە گەر بزانن سوێندێکی زۆر گەورەیە.

لێکۆڵینەوە لە شوێنی ئەستێرەکان و ئایەتە خواییـەکان لـە گەردوونـدا، دەبنە بەڵگەی یەکلاکەرەوە لەسەر بوونی هاوسـەنگییەکی بێوێنـە لـەنێوان سەرجەمیاندا. جیاوازی لە قـەبارەی ئـەم ئەسـتێرە و هەسـارانە و چـڕیی و پێکهاتە گازی و کانزاییەکانیان و بارستەو وزە و خێراییان لە خولگەکانیاندا و دوورییــە زۆرەکــانی نێوانیــان، بەڕاسـتی جیاوازییەکـە دەچـێتە خانــەی موعجیزەوە.

دەلاقەی ئاسمانی

خــــوای گـــەورە دەفــــەرموێت: ﴿يُرۡسَلُ عَلَيۡكُمَا شُوَاظٞ مِّن نَّارٖ وَنُحَاسٞ فَلَا تَنتَصِرَانِ﴾الرحمن/٣٥، واتە: (ئەم ئایەتە باس لەوە دەکات کە ئەگەر لە سنوور دەرچوون) ئەوا بڵێسەی ئاگر و مسی تواوەیان بۆ دەنێرین، ئیتر شکست دەخۆن و سەرکەوتوو نابن.

هەروەها خوای گەورە لەسەر زمانی پەری (الجن) دەفەرموێت: ﴿وَأَنَّا لَمَسۡنَا ٱلسَّمَآءَ فَوَجَدۡنَٰهَا مُلِئَتۡ حَرَسٗا شَدِيدٗا وَشُهُبٗا﴾الجن/٨، واتە: ئێمە بەرەو ئاسمان کشاین و هەست و هۆشمان خستەکار، (سەرنجماندا) پڕە لە پاسەوانی بەتوانا و بێشوومار، و شوهبیش.

زاناکـــان دۆزیانـــەوە کـــە بۆشـــایی ئاسمـــان بارگاوییـــە بـــە گـــەردە بـــەئایۆنبووەکان (پلازمـــا)، هـــەروەها پشـــتێنەیەکی گـــەورە لـــە تیشـــکی مەترسیداریان ئاشکرا کردووە (شواظ من نار) کە لە دوو چیندا دەوری گۆی زەوی داوە و لەزانستدا بە "پشتێنەی ڤان ئەلن" ناسراوە... ئەم تیشکانە پێکهاتوون لە ئەلیکترۆن و پۆزیترۆنی بارگاوی کە بەخێراییەکی زۆر گەورە دەجوڵێن، ئەمە جگە لە تیشکەکانی گاما و تیشکە گەردوونییەکان.

لەسەرەتای سەدەی بیستەمدا تێبینی کرا هەوا بەئایۆن دەبێت، گەرچی جیاکراوە بێت و لەنێو دەفری داخراویشدا بێت. تێبینی ئەوەش کرا ئەم دیاردەیە (بەئایۆنبوونی هەوا) هەر ڕوودەدات تەنانەت ئەگەر ئەو دەفرە داخراوانە بە چینێکی ئەستوری قوڕقوشمیش داپۆشرابن کە تیشکی گاما

نایانبڕن. لێرەدا زانایان گەیشتنە ئەو بڕوایەی دەبێت تیشکێکی تر ئەو کارە بکات کە لە بۆشاییەکانی گەردوونەوە بەرەو زەوی دێت، ئەو تیشکە ناونرا " تیشکی گەردوونی " کە بەشێوەیەکی بەردەوام لەبۆشایی دەرەوە دەگاتە زەوی. ئەم تیشکە وزەیەکی زۆر مەزنی هەیە بەشێوەیەك کە تێکڕای وزەی تیشکی گەردوونی نزیکەی (١٠هەزار ملیۆن) ئەلیکترۆن ڤۆڵتە بۆ هەر تاکە تەنۆلکەیەك، ئەم تیشکە پێکدێت لە پرۆتۆن (بەڕێژەی٩١,٥٪) و تەنۆلکەکانی ئەلفا (بەڕێژەی ٧,٨٪) کە هەموو تەنەکان دەبڕێت گەرچی ئەستوری و سروشتیان هەرچەندێك و هەرچۆنێك بێت.

زانایان (کلارك، هارلۆ، دیمۆند، هیل، فزیل) کە گەورەترین زانایانی ئەم سەردەمەن، ئەوەیان دۆزییەوە کە (پاسەوانی بێتوانا و بێشومار و شوهبیش) ﴿حَرَسًا شَدِيدًا وَشُهُبًا﴾، واتە چەندین شوهب و نەیزەکی دەرچوو لە ئاسمانەوە... کۆمەڵێکی زۆر لە زانایانی گەردوون و فیزیای گەردوونی نزیکە لەسەر ئەستەمیەتی بڕین و تێپەڕینی ئاسمانەکان ڕێکبکەون، لەبەر ئەم هۆیانە:

١. توندیی و بڕی تیشك لە پشتێنەی ڤان ئەلندا کە دەوری زەوی داوە لە بەرزاییە جیاوازەکاندا، زۆر بەهێز و مەترسیدارن، بەشێوەیەك کە تێپەڕبوونی تەنێك بەو بەربەستە تیشکییەدا و کاریگەرنەبوونی بەتیشکە مەترسیدارەکانی زۆر ئەستەمە، بە هەزاران جار مەترسیدارترن لەو تیشکانەی لەئەنجامی تەقینەوە ناوەکییەکانەوە دەردەچن.

٢. بەهۆی وزە و توندی تیشکە گەردوونییەکان لەبەرزاییە زۆرەکانی ئاسماندا کە مەترسی گەورە لەسەر تەنە زیندووەکان دروستدەکەن.

٣. مەترسی کاریگەری ئەو شێواندنەی بە بەردەوام ڕوودەدات لە بەرزاییەکانی بەرگەهەوادا کاریگەری هەر دەمێنێت، چونکە چڕی هەوا زۆر

کەمە و ناتوانێت هەڵیانمژێت یان پێچەوانەیان بکاتەوە.

٤. ئەو شوهب و نەیزەکانەی لێرەولەوێ لـە ئەستێرە و هەسارەکانەوە دەردەچن، چەند بەرزبینەوە بۆ سـەرەوە ئەوەنـدەش ڕێژەیان چـەند جـار دەبێت... زاناکان مەترسی نەیزەکەکان بە گرنگترین مەترسییەکان دادەنێن کـە دەگونجێـت ڕووبـەڕووی کەشـتییە ئاسمانیـەکان ببنـەوە و تێکیـان بشکێنن، چونکە لە ناوچە بەرزەکانی بۆشایی ئاسماندا نەیزەکی پەرتەوازە و بڵاو هەن کە هەندێکیان بینراون و هەندێکی تریشیان نـەبینراون و بـریتین لە بارستەی گەورە لـە ئاسن و ماددەی کـانزایی تـر کـە کێشیان دەگاتـە هەزاران تەن.

٥. چەند بەرەو بۆشایی بەرزبینەوە، توندی تیشکی سەرووەنەوشـەیی مەترسییەکەی زیاددەکات.

پشتێنەی "ڤان ئەلن" هەردوو زانا "فیرنوف"ی ڕوسی و "ڤان ئـەلن"ی ئەمریکی دۆزیانەوە. ڕوونیان کردەوە کە زەوی لە ناوچەی هێڵی یەکسانیدا بـە سـێ چـین دەورەدراوە و تەنۆلکـە بارگاوییـەکان لـە تیشـکە گەردوونییەکاندا بەهۆی بواری موگناتیسی زەوی (کە بـوارێکی نارێکوپێکـە و لە جەمسەرەکاندا چڕترە) کۆنترۆڵ دەکرێن... کاتێك تەنۆلکەکان دەگەنە ئەم پشتێنەیە ناچاری دوو جۆر جووڵە دەبن:

١. بەدەوری خۆیاندا خول دەخۆن.

٢. بەدرێژایی ئەو هێڵانە خول دەخۆن.

بـەڵام زاناکـان ئـەوەیان دۆزیوەتـەوە چـەند ناوچـەیەك هـەن بـەتاڵن لـە تەنۆلکـە کوشـندەکان کـە وزەیـەکی زۆر بـەرزیان هەیـە: ﴿وَلَقَدْ خَلَقْنَا فَوْقَكُمْ سَبْعَ طَرَآئِقَ وَمَا كُنَّا عَنِ ٱلْخَلْقِ غَٰفِلِينَ﴾المؤمنـون/١٧، واتـە: بەڕاسـتی ئێمە لە ڕاسەرتانەوە حەوت چین ئاسمانمان دروستکردووە و ئێمـە هـەرگیز

لە دروستکراوان غافڵ و بێئاگا نین.

ئـەم ناوچـەیە کـە تێپـەڕین پیایـدا ڕێپێـدراوە و دەلاقـەی ئاسمانییـە، لەسـەر شـاری (قـودس)ەوەیـە و چـوونە ژوورەوە لێیـەوە بـەرەو بۆشـایی دەرەوە گونجاو و ئاساییە بەبێ توشبوون بـە هـەر گرفتێـك، ئـەم کـارەش لەڕێی مانگە دەستکردەکانەوە دەبێت کە ئاسمـان دەپشـکنن و پاشـان لـە ناوچـەیەکی سـەنتەریەوە کـە دەکەوێتـە سـەرو قودسـەوە بەرزدەبنـەوە، چونکە ئاسانترینی ناوچەکانە بۆ دەرچوون بەرەو بۆشایی ئاسمان.

بەرەنجامــە زانســتییە نوێیــەکان دوپاتیــان کردووەتــەوە مانگــە دەسـتکردەکان بەسـەر شـاری قودسـدا دەسـوڕێنەوە و پاشـان لێیـەوە دەردەچـن، ئەمـەش دڵنیـایی ئـەو موعجیزەیـەی پێغەمبـەری مـەزن (ﷺ) دەدات لە ڕووداوی شەوڕەوی و بڵندبوونەوەدا کـە لـە مەککـەوە بـۆ قـودس ڕۆیشت، پاشـان لـە مزگـەوتی ئەقساوە کە لـە قودسـدایە بـەرەو ئاسمـان بەرزکرایەوە.

شایانی ئاماژە بۆکردنـە خـاڵی سـەرەتا کـە بـڕی تەنۆلکـە کوشـندەکان دەست بەکەمبوون دەکەن دیسانەوە دەکەوێتـە سـەرو شـاری قـودس و بـە هێڵێکی لار ڕووەو سەرەوەی ناوچـەی جەمسـەری بـاکور درێژدەبێتـەوە... هیچ کەشتییەکی ئاسمـانی ناتوانێـت بـەهێڵێکی ڕاسـت بەرزببێتـەوە، بـەڵکو دەبێت لەکاتی بەرزبوونەوەیدا بـەدەوری خۆیـدا بسـوڕێتەوە. ئەمـەش ئـەو ڕاسـتییەیە کـە قورئـانی پـیرۆز ئامـاژەی پێـدەدات و دەفـەرموێت: ﴿ وَلَوْ فَتَحْنَا عَلَيْهِم بَابًا مِّنَ ٱلسَّمَآءِ فَظَلُّواْ فِيهِ يَعْرُجُونَ ﴾الحجـر/١٤، واتــە: (ئــەو بێباوەڕانە) ئەگەر دەروازەیەکمان لە ئاسمانەوە بۆ بکردنایەتەوە تـا پیایـدا سەربکەون و تێپەڕ ببن (عروج بکەن) و (نهێنی دروستکراوانی ئێمـە ببیـنن، هەر باوەڕ ناهێنن).

ئەستێرە کونکارەکە

خوای گەورە لە قورئانی پیرۆزدا دەفەرموێت: ﴿وَٱلسَّمَآءِ وَٱلطَّارِقِ ۝١ وَمَآ أَدۡرَىٰكَ مَا ٱلطَّارِقُ ۝٢ ٱلنَّجۡمُ ٱلثَّاقِبُ﴾ الطارق/١-٣، واتە: سوێند بە ئاسمان و بە (طارق)، تۆ چوزانی (طارق) چییە؟ ئەستێرە کونکەرەیە تیشکی تاریکی دەبڕێت.

پـەروەردگار سـوێند بـە ﴿وَٱلسَّمَآءِ وَٱلطَّارِقِ﴾ دەخـوات... هـەر کـەس لەسەرەتادا گوێی لەم سوێندە بێت نازانێت مەبەست لە (الطارق) چییە، بـەلاَم لەدواییـدا خـوای گـەورە ڕوونیدەکاتـەوە بـەوەی کـە ئەسـتێرە کونکەرەکەیە (النجم الثاقب).

لێرەدا پرسیار ئەمەیە کە ئایا چۆن دەبێت ئەستێرەیەك (طارق) و (ثاقب)یش بێت؟ ئایا شرۆڤەیەکی زانستی بۆ ئەم حاڵەتە هەیە؟ ڕاڤەکاران ڕاڤەی تیشکی ئەستێرەکەیان کردووە کە کونکەرە و تێپەڕبووە، بەلاَم سیفەتی (طارق) بە دەگمەن باسی لێوەکراوە.

خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَٱلنَّجۡمِ إِذَا هَوَىٰ﴾ النجم/١، واتە: سوێند بەو ئەستێرەیەی لە شوێنی خۆی دەترازێت و بەخێرایی بەردەبێتەوە.

ئەم سوێندەیان تایبەتە بە دیاردەیەکی تری گەردوونی کە ئەویش دیاردەی ترازان و بەربوونەوەی ئەستێرەیە. لێرەدا پێویستە جیاوازی بکەین لەنێوان ئەم دیاردەیە و دیاردەی کەوتنەخوارەوەی ڕۆژانەی

شوهبەکان. شوهب ڕۆژانە دێتە نێو بەرگەهەوا و لێکخشاندنی بە هەوای کەش دەبێتەهۆی بەرزبوونەوەی پلەگەرمییەکەی و لەپاشان سوتانی، ئەمە وێڕای ئەوەی هەندێك لە شوهبەکان دەکەونە سەر زەوی. خوای مەزن سوێندی بە شوهبە کەوتووەخوارەوەکان بۆ سەر زەوی نەخواردووە، سەرەڕای ئەوەش کە لە قورئانی پیرۆزدا زیاتر لە جێگایەکدا ئامـاژەی پێدراوە.

بارستایی ئەستێرە نیوترۆنییەکان زیاترن لە بارستایی خۆر بەنزیکی (١,٤) هێند. لەسەرەتادا کە ئەستێرەکە دەست بەچوونەوەیەك دەکات بەسەرخۆیدا، بەخێرایی دێتەوەیەك و پەستان لەسەر گەردەکانی ماددەکەی پتردەبێت، بەمەش گەردەکانی تێکدەشکێن و شلگازی ئەلیکترۆنی (المائع الألكتروني) دروستدەبێت و ئەستورییەکەی زیاددەکات و توانای بەرگەگرتنی ئەو پەستانەی نامێنێت کە بەهۆی قورسایی ئەستێرەکە و کێشکردنیەوە بەرهەم دێت. ئەنجامی ئەمەش هەرەسهێنانی هێزی کێشکردنی ئەستێرەکەیە (شلگازە ئەلیکترۆنیەکە) کە لەلایەن گەردەکەوە تێکشکاوە و هەرەسهێنانی ئەستێرەی زەبەلاحی سووریش بەسەرخۆیدا بەردەوام دەبێت. ئەلیکترۆنەکان دەلکێن بە پرۆتۆنەکانەوە و پاشان لەگەڵیدا یەکدەگرن و نیۆترۆنی نوێ دروستدەبێت.

ئەمە بەردەوام دەبێت (بەرامبەر هێزی قورسی ئەستێرەکە) و لەکۆتاییدا سەرجەم ئەلیکترۆنەکان لەگەڵ پرۆتۆنەکان یەکدەگرن و ئەودەمە ئەستێرەکە بریتی دەبێت لە نیوترۆنی پەستێوراو لەسەریەکتر، بەبێ بوونی هیچ بۆشاییەك، بەشێوەیەك چڕی ئەستێرەکە دەگاتە ژمارەیەکی پێوانەیی ئەوتۆ کە وێناکردنی زۆر ئەستەم دەبێت.

بەمجۆرە ئەستێرەی زەبەلاحی سوور دێتەوەیەك تا پێکهێنانی ئەو تەنەی پێیدەوترێت "ئەستێرەی نیوترۆنی".

ئەستێرەی نیوترۆنی چڕییەکەی زۆرە، بەجۆرێك کە قەبارەی تەنها تۆپێکی پێ لەماددەی ئەم ئەستێرەیە کێشەکەی دەگاتە (٥٠ هەزار بلیۆن) تەن. ئەگەر ئەم تۆپە بخرێتە سەر ڕووی زەوی یان هەر تەنێکی ئاسمانی تر، ڕووەکەی بەرگەی ئەو کێشە زۆر گەورەیە ناگرێت و تۆپەکە بەنێو زەوی یان تەنە ئاسمانیەکەدا تێپەڕ دەبێت و لەدوای خۆیەوە کونێك بەجێدەهێڵێت کە لەگەڵ قەبارەی تۆپەکەدا هاوڕێژە دەبێت.

چیرۆکی دۆزینەوەی ئەستێرەی نیۆترۆنی چیرۆکێکی سەرنجڕاکێشە. لەساڵی (١٩٦٨ز)دا کچە قوتابیەکی ئەمریکی چەند ئاماژەیەکی بێتەلی بەهۆی ئامێرێکی نوێوە وەرگرت (ئەو ئامێرە پێیدەوترێت تەلەسکۆبی بێتەل یان ڕادیۆیی–Radio telescope) و ئاماژە بێتەلەکان لە قوڵایی ئاسمان و دووریی سەدان ساڵی ڕووناکییەوە وەردەگرێت و تۆماریان دەکات.

لە سەرەتای حەفتاکانی سەدەی بیستەمدا گەردووناسەکان توانییان چاودێری چەندین ئەستێرە بکەن کە سەرجەمیان خاوەن سیفەتی ناردنی ئاماژەی بێتەلی ڕێکوپێکن. ئاماژەکان بە پچڕپچڕی دەگەن: (لە شێوەی: بیب...بیب...بیب). هەر ئاماژەیەك چەند بەشێکی چرکەیەك دەخایەنێت و هەر چرکەیەك یان زیاتر دووپات دەبنەوە.

ئەوەی ناوی ئەم ئەستێرانەی ناوە (کە ئاماژەی بێتەلی ڕێکوپێك دەردەکەن) بەناوی ئەستێرە پرتەدارەکان بە ئەستێرەی (الطارق الثاقب) ئایەتێکە لە ئایەتەکانی قورئانی پیرۆز کە تیایدا خوای گەورە سوێندی پێدەخوات: ﴿وَالسَّمَاءِ وَالطَّارِقِ (١) وَمَا أَدْرَاكَ مَا الطَّارِقُ (٢) النَّجْمُ الثَّاقِبُ﴾.

(الطـارق) تـەنێکی ئاسمانییـە و دوو سـیفەتی تـری هەیـە، ئـەوانیش ئەسـتێرەیی و کونکارییـە، خۆئەگـەر لەسـەر بنـەمای ئـەم خاسـیەتانە بەراوردی تەنە ئاسمانییەکان بکەین، دەبینین تەنها ئەستێرەی نیوترۆنییـە ئـەم سـیفەتانەی تێدایـە، ئەسـتێرەو کونکـار و (طـارق)، پرتـە و لێـدانی ڕێکوپێکیان هەیە. (الطارق) لێدانی ڕێکوپێکی پچڕپچڕ دەردەکات (تـك... تـك...) بەتـەواوی وێکچـووی ئـەو داتایانەیـە کـە بێتەلەکـە گوێزاویەتیـەوە بۆمان و سەرچاوەکەی ئەستێرەی نیوترۆنییە.

زاناکـان گەیشـتوونەتە ئـەو ڕاسـتییەی کـە ئەسـتێرەی نیـوترۆنی لەنزیکبوونەوەی لەدایکبوونیدا پرتەی خێرای هەیـە، بـەهۆی وزەی خێرایـی سوڕانەوەکەیەوە. ئەستێرەی نیوترۆنی بەتەمەن ئاماژەی هێواش و هێـدیی هەیـە و مـاوەی نێـوان ئاماژەیـەك بـۆ ئاماژەیـەکی تـر درێـژترە، ئەمـەش لەکاتێکدایـە کـە ڕێـژەی وزەکـەی دادەبـەزێت و خێرایـی سوڕانەوەکەشـی کەمدەکات.

پاکوبێگـەردی بـۆ پـەروەردگاری مـەزن کاتێـك ئـەم ئەسـتێرەیەی بـە کونکەر (الثاقب) وەسف کردووە و سوێندی پێخواردووە.

لە مەزنی سوێندەکەوە درکی گەورەیی سـوێندپێخوراوەکەش دەکـەین، چڕیی ئەستێرەی نیوترۆنی کونکار بەرزترین بڕی چڕیی ناسراوی ماددەیە و کێشەکەشی لە کێشی گۆی زەوی زۆر زیاترە (وێڕای بچـوکی قەبارەکـەی). ئەم ئەستێرەیە، ئەستێرەیەکی کونکارە. کاتێك ئەم ئەستێرەیە لەسەر هەر تەنێکی ئاسمانی دابنرێت یاخود تەنها بەریبکەوێت، ئەو تەنـە لەبەردەمیـدا خۆی ناگرێت، تەنانەت خۆریش. هۆیەکەشـی ئـەو چـڕییە زۆرەیـە کـە ئـەم ئەستێرە نیوترۆنییە هەیەتی.

ژمارەی ئەستێرە نیوترۆنییەکان لە گەلەستێرەکەماندا (گەلەستێرەی ڕێی کاکێشان) بەسەد هەزار ئەستێرە دادەنرێت. ئاشکرایە ملیۆنان گەلەستێرەی تریش بە سەدان هەزار ئەستێرەی نیوترۆنی لێدەر و کونکاری تێدایە و ئاسمان پڕیەتی لەم ئەستێرانە.

پەروەردگار هەر لەدوای ئەو ئایەتانەوە دەفەرموێت: ﴿إِن كُلُّ نَفْسٍ لَّمَّا عَلَيْهَا حَافِظٌ﴾الطارق/٤، واتە: "(سوێند بەوانە) هەر هەموو کەسێك چاودێری هەیە". هەموو کەسێك چاودێری دەکرێت، تاکو لە مەترسی ئەوانە بپارێزرێت.

دیاردەی خۆر گیران و مانگ گیران

قورئانی پیرۆز پتر لە جیگایەکدا لـەبارەی دیـاردەی خـۆر گـیران دواوە، لەوانـە: خـوای مـەزن دەفـەرموێت: ﴿أَلَمْ تَرَ إِلَىٰ رَبِّكَ كَيْفَ مَدَّ الظِّلَّ وَلَوْ شَاءَ لَجَعَلَهُ سَاكِنًا ثُمَّ جَعَلْنَا الشَّمْسَ عَلَيْهِ دَلِيلًا (٤٥) ثُمَّ قَبَضْنَاهُ إِلَيْنَا قَبْضًا يَسِيرًا﴾ الفرقـان/٤٥-٤٦، واتـە: ئایـا نابینیـت چـۆن پـەروەردگارت سـێبەر درێـژ دەکاتەوە، ئەگەر بیویستایە جێگیری دەکرد، پاشان خۆریشمان کردووە بە بەڵگە و نیشانە لەسەر سێبەر، لـەوەودوا بەشـێنەیی ئـەو سـێبەرە بـۆ لای خۆمان دەگێڕینەوە و دەیگرینەوە.

یـان دەفـەرموێت: ﴿إِذَا الشَّمْسُ كُوِّرَتْ﴾ التکـویر/١، واتـە: کاتێـك خـۆر دەپێچرێتەوە و ڕووناکی نامێنێت.

لـەو ئایەتـە پیرۆزانـەدا ئاماژەیـەکی زانسـتی هەیـە کـە پەیوەندییـەکی پتەوی کردووە لەنێوان دیاردەی سێبەر و خۆردا، بەجۆرێك کە خۆر بووەتە بەڵگە لەسەر سێبەر و سێبەریش بەڵگە لەسەر خۆر.

زانایـانی گەردووںناسـی دەڵـێن: کاتێـك مـانگ دەکەوێتـە نێـوان خـۆر و زەوییەوە و هەرسێکیان لەسـەر یـەك هێڵـی ڕاسـت دەبـن، سـێبەر لەپشـت مانگەوە بۆ سەر زەوی بەشێوەی قوچـەکێك درێژدەبێتـەوە تـا کۆتـایی بـە ناوچەیەکی تاریك (ڕەش) دێت لەسـەر زەوی پانیەکـەی نزیکـی (١٠٠ میـل) دەبێـت... ئەودەمـەی خـۆرگیرانی تـەواوەتی دەبێـت ئـەو ناوچـە ڕەشـە

دەجولێت و دوورییەك دەبڕێت لە دوورکەوتنیـەوە بـۆ دیارنـەمانی لـە چـوار کاتــژمێردا، زۆر بەدەگمــەن خــۆرگیرانی تــەواوەتی (٧,٥ خولــەك) زیــاتر بخایەنێت... لەو حاڵەتەدا کە مانگ زۆر دوور بێت لەزەوییەوە، ئـەو ناوچـە ڕەش و تاریکـەی باسـکرا ناگاتــە زەوی و بــەوەش خــۆرگیرانی تــەواوەتی ڕوونادات.

خۆرگیرانی تەواوەتی تەنها (٣٠٠ ساڵ) جارێك ڕوودەدات، بە جیـاواز لـە خۆرگیرانی کەلی (ناتەواو) کە زۆرجار ڕوودەدات.

جێی باسـە گونجـانی دوورییـەکانی نێـوان هەریەکـە لـە خـۆر و مـانگ و زەوی دەرئاسـایەکی گـەردوونی گەورەیـە، لەسـەر بنـەمای ئـەو دووریانـە دیاردە سروشتییەکان ڕوودەدەن، هەر لەسەر ئەو بنەمایانەیە ژیـان جـێگیر و بەردەوامە.


دیاردەی خورگیران

شوێنی ئەستێرەکان

پەروەردگار دەفەرموێت: ﴿فَلَآ أُقۡسِمُ بِمَوَٰقِعِ ٱلنُّجُومِ ٧٥ وَإِنَّهُۥ لَقَسَمٞ لَّوۡ تَعۡلَمُونَ عَظِيمٌ﴾الواقعة/٧٥-٧٦، واتە: سوێندم بە شوێنی ئەستێرەکان، بێگومان ئەو سوێندە گەر بزانن سوێندێکی زۆر گەورەیە.

گەردوونناسیی سەلماندوویەتی: "قورئانی پیرۆز یەکەمین پەرتوکی جیهانە ئاماژەی بە بایەخی ئەستێرەکان دابێت وەك نیشانەگەلی ڕێنوێنی ڕێبوار لە وشکایی و دەریادا. زیاتر لەوە ئەستێرەکان گرنگترین بایەخپێدراون لەلایەن پەیمانگاکانی کەشتییەوانیەوە، گرنگترین کاری سەرقاڵانە بە کاروباری گەشت و هاتوچۆوە".

لەبەر گرنگی شوێنی ئەستێرەکانە پەروەردگاری مەزن سوێندی پێخواردوون، ئەوەش بۆ دەرخستنی بایەخ و گرنگی ئەو شوێنانە... دووریی نێوان ئەستێرەکان دەگەنە ڕادەیەك کە ئیدی خەیاڵ ناتوانێت وێنای بکات، بۆنموونە نزیکترین ئەستێرە لێمانەوە لە کۆمەڵەی خۆردا، خۆرە کە نزیکەی (١٥٠ملیۆن کیلۆمەتر) لێمانەوە دوورە.

شوێنی ئەستێرەکان واتایەکی زانستی دیکەی هەیە، بۆنموونە شوێنی زەوی بەجێگایەکی تا ئەوپەڕ ورد و نایاب دادەنرێت لەبەر ئەم هۆیانە:

یەکەم: ئەگەر زەوی دوو هێندی دووریی ئێستای لە خۆرەوە دوورتر بوایە، ئەوکاتە بڕی ئەو گەرمییەی دەگەیشتە زەوی دەبووە چارەکی ئەو

بڕەی ئێستا دەمانگاتێ، لەلایەکی تریشەوە زەوی کاتێکی زیاتری دەویست بۆ سوڕانەوەی بەدەوری خۆیدا، ئەوەش دەبووەهۆی درێژبوونی وەرزی زستان و دوابەدوای ئەوە بەستنی بوونەوەرە زیندوەکانی سەر ڕووی زەوی.

دووەم: ئەگەر زەوی لەخۆر نزیك دەبووەوە بۆ نیوەی دووریی ئێستای، ئەودەمە ئەو گەرمییەی لەخۆرەوە دەگەیشتە زەوی دەبووە چوار هێندی ئەوەی ئێستا پێمان دەگات، خێرایی سوڕانەوەی زەوی بەدەوری خۆردا دووئەوەندە زیادی دەکرد و وەرزەکان نەدەمان و ژیانیش لەسەر زەوی ئەستەم دەبوو.

سێیەم: لێکۆڵینەوەی شوێنی ئەستێرەکان ڕەهەندی قوڵی هەیە، تا هەنوکەش زانایان کەمدەستن لەبەردەمیدا و ناتوانن بەدوایدا بڕۆن.

ئێستا با چاوێك بخشێنین بە گەورەیی هەسارەکان و تەنەکانی کۆمەڵەی خۆردا :

١. نزیکترین تەنی گەردوونی لە زەوییەوە مانگە کە (٤٠٠ هەزار کیلۆمەتر) لەزەوییەوە دوورە.

٢. خۆر نزیکەی (١٥٠ملیۆن کیلۆمەتر) لێمانەوە دوورە، ئەم دوورییە کەمێك دەگۆڕێت، چونکە ڕێڕەوی جوڵەی زەوی بەدەوری خۆردا شێوە هێلکەییە.

٣. زوهرە و مەریخ دورییان لە کاتێکەوە بۆ کاتێکی تر زۆر جیاوازە، نزیکبوونەوەی هەسارەی زوهرە لە زەوییەوە دەوروبەری (٢٥٠ملیۆن کیلۆمەتر) دووردەکەوێتەوە. مەریخیش بەهەمان شێوە هەموو (١٥-١٧ساڵێك) نزیکەی (٧٠ کیلۆمەتر) لە هەسارەی زەوی نزیکدەبێتەوە.

دووریی هەسارەکانی کۆمەڵەی خۆر لە خۆری دایکەوە بەمجۆرەیە:

عەتارد ٨٥ ملیـۆن کیلۆمـەتر لـە خـۆرەوە دوورە – زوهـرە ١٠٨ ملیـۆن کیلۆمەتر – زەوی ١٥٠ملیۆن کیلۆمەتر – مەریخ ٢٢٨ ملیۆن کیلۆمەتر — موشـتەری ٧٧٤ ملیـۆن کیلۆمـەتر – زوحـەل ١,٤١٨ملیـار کیلۆمـەتر – ئۆرانۆس ٢,٨٥٤ ملیۆن کیلۆمەتر – نیپتۆن ٤,٤٧٢ ملیۆن کیلۆمەتر.

ڕەنگە ئەم دوورییانە بۆ خوێنەر خەیاڵی بن، جا ئەوە دووریی نێوان تاکە خێـزانێکن کـە لـە بۆشـایی گەردوونـدا لـەدەوری یـەك دایـك (خـۆر) کۆبوونەتـەوە. لەڕاسـتیدا بـە بـەراوردی دووریـی نێـوان خـۆر و کۆمەڵـە خۆریەکانی ترەوە، ئەم دوورییانە زۆر کـەم و بچوکن گـەر بـەراورد لـەنێوان خۆری خۆمان و خۆرەکانی دیکەدا بکەین، ئەوکاتە هیچ مانایەك بۆ ملیۆن و ملیـاران کیلۆمـەتر نامێنێتـەوە و ناچـاری بـەکارهێنانی پێـوەری "سـاڵی ڕووناکی" دەبین. ساڵی ڕوونـاکیش ئـەو دوورییەیـە کـە ڕوونـاکی لـەماوەی سـاڵێکدا دەیبڕێـت و یەکسـانە بـە ٩,٤٦٠,٨٠٠,٠٠٠,٠٠٠ نـۆ ترلیـۆن و چـوار سەدو شەست ملیار و هەشت سەد ملیۆن کیلۆمەتر.

نزیکترین ئەستێرە لەخۆرەوە (ئەلفاسنتۆری)ـە کە چوار ساڵی ڕووناکی و سێیەکی ساڵێك لێمانەوە دوورە. ئەسـتێرەی (گەلاوێـژ) زیـاتر لـە شـەش ساڵی ڕووناکی دوورە. ئەمە لەکاتێکدا کە ئەستێرەی تر هـەن بـە سـەدان و هەزاران و ملیۆنان ساڵی ڕووناکی لێمانەوە دوورن.

خوێنەری بـەڕێز! ئایـا ئێسـتا لەگـەڵ ئـەوەدا نییـت کـە ئـەوەی خـوای گەورە سوێندی پێدەخوات (شوێنی ئەستێرەکان) بەڕاستی سـوێندێکی زۆر گەورەیە.


زانـای گـەردوونی "جـەیمز جێنـز" دەڵێـت: "لێکۆڵینـەوە لـە شـوێنی ئەستێرەکان، کلیلی جوانترین دیمەنمان دەداتیّ کە چاوی مـرۆڤ بینیویـەتی

یان دەیبینێت، وامان لێدەکات تەماشای ئاسمانی سەرنجڕاکێش بکەین و لەو مانایانە تێبگەین کە پێشتر تێی نەگەیشتووین".

ئێمە دەپرسین: کێ هەواڵی نهێنی دووریی ئەستێرەکان و هەقیقەتی شوێنی ئەو ئەستێرانەی بە محمد (ﷺ) داوە؟ بێگومان ئەوە وەحیی خواییە، قورئانی پیرۆز.

هەسارەکان

خـــــوای پـــــەروەردگار دەفـــــەرموێت: ﴿إِنَّا زَيَّنَّا ٱلسَّمَآءَ ٱلدُّنۡيَا بِزِينَةٍ ٱلۡكَوَاكِبِ﴾الصافات/٦، واتە: بێگومان ئێمە ئاسمانی دونیامان بە جوانی و ڕۆشنی هەسارەکان ڕازاندووەتەوە.



زانستی نوێ سەلماندوویەتی: "هەسارە گەڕۆکەکان تەنی ئاسمانی ناکڵپەسەندون، جگە لەخۆر، ئەو هەسارانە بڕی گەورەی بەرد و کانزایـــــان تێدایـــــە و هەنـــــدێکیان بەرگەهەوایشیان هەیە. هەسارەکان ڕووناکی خۆر دەدەنەوە، هەروەك ئاوێنە، بەڵام بەپلەی جیاواز، ئەوەش بەندە لەسەر سروشتی ڕووەکانیان و پێکهاتەی بەرگە هەواکانیان".

شـــوهـــب

خـــوای پـــەروەردگار دەفـــەرموێت: ﴿وَأَنَّا لَمَسْنَا ٱلسَّمَآءَ فَوَجَدْنَٰهَا مُلِئَتْ حَرَسًا شَدِيدًا وَشُهُبًا ۝٨ وَأَنَّا كُنَّا نَقْعُدُ مِنْهَا مَقَٰعِدَ لِلسَّمْعِ ۖ فَمَن يَسْتَمِعِ ٱلْـَٔانَ يَجِدْ لَهُۥ شِهَابًا رَّصَدًا﴾ الجن/٨-٩، واتە: ئێمەش (واتە پەرییـەکان) بەڕاسـتی بـەرەو ئاسمـان کشـاین و هەسـت و هۆشمـان خسـتەکار، سـەرنجماندا پـڕە لـە پاسەوانی بەتوانا و بێشومار، نەیزەکیش بە هـەموو لایەکدا دەکشا، ئێمـە جـاران لەهەنـدێك شـوێنی ئاسمانـدا خۆمـان حەشـار دەدا بـۆ گـوێگرتن و دەنگوبـاس بیسـتن، بـەڵام ئێسـتا ئـەوەی بیـەوێت گـوێ بگرێـت یەکسـەر نەیزەکێکی بۆ ئامادەیە و بۆی دەهاوێژرێت.

زاناکان دەڵێن: " نەیزەك تەنی ئاسمانین قەبارەی جیاوازیـان هەیـە کـە بەخێرایی (٢٢٥٠کیلۆمـەتر/چرکە بـەرەو زەوی دێـن. لـە شەویشـدا بـەهۆی لێکخشـاندنیان لەگـەڵ گـەردەکانی بەرگەهـەوای زەوی بـە درەوشـاوەیی دەبینرێن". هـەرکاتێك هـەمووی سـوتا بـە شـوهب ناودەبرێـت و کـاتێکیش بەشێکی مایەوە و کەوتە سەر زەوی ئەوە نەیزەکی پێدەوترێت.

ئەستێرەکلکدارەکان (المذنبات)

خـــــوای پـــــەروەردگار دەفـــــەرموێت: ﴿فَلَآ أُقۡسِمُ بِٱلۡخُنَّسِ ١٥ ٱلۡجَوَارِ ٱلۡكُنَّسِ﴾التکـویر/١٥-١٦، واتـە: سـوێند بـەو ئەسـتێرانەی پـەنهان دەبـن و لەچاو وندەبن، یاخود بەهۆی سوڕانەوەی زەوی و خۆیانـەوە ونـدەبن، بـەو هەسارانەی کە پەنادەگرن و دیارنامێنن.

خوای مەزن سوێند بە هەسارە خۆشارەوە لەچاوەکان دەخوات، یـاخود ئـەوەی لـە زانسـتی گەردووناسـیدا پێیـدەوترێت کلکـدارەکان (المـذنبات)، هەرئەوەیە قورئانی پیرۆز بـە ﴿بِٱلۡخُنَّسِ﴾ ئامـاژەی پێـدەدات، کـە بەڕاسـتی نزیکترین وەسفە بۆ کلکدارەکان.

ڕووی ئیعجازی زانستی لە دوو ئایەتەکەی پێشوودا بەمجۆرەیە:

کلکـدارەکان لـە ئەنـدامانی کۆمەڵـەی خـۆرن، ڕێڕەوەکانیـان بـەدەوری خۆردا درێژکۆلەیە، هەندێکیان بە بۆشاییدا دەکشێن بۆ دوورییـەکی زۆر کـە دەیان ساڵ دەخایەنێت تـاکو سـوڕێك تـەواو بکـەن، بـەوەش ڕێڕەوەکـەیان دوور دەبێت لـە خـۆر بەڕادەیـەك کـە بەتـەواوی لـە بینینـەکان دووردەبن، هەروەك ئەوەی دەیان ساڵ ون ببن و لەپاشان بگەڕێنەوە نزیك خۆر.

" کلکداری (هالی) بەناوبانگترینی کلکدارەکانە و هەموو (٧٦-٧٩ساڵ) جارێك دەگەڕێتـەوە و پاشـان دووبـارە ئـەو ماوەیـە ونـدەبێت و لـە فـەزای گەردوونیدا دیارنامێنێت".

نهێنی ئیعجازی قورئانی پیرۆز لەوەدایە کە کلکدارەکانی بە "خُـنَّس" و "الجَوارِ الكُنَّس" ناوبردووە کە دواتر زانایانی گەردوونناس دروسـتی و وردی وەسفەکە و لێکچواندنەکەیان بۆ دەرکەوت.

یـەکێکی تـر لـە ئەگـەرەکانی مانـای ئـەو دوو ئایەتـەی پێشـوو ئـەم لێکدانەوەیەیە:

لـەم گەردوونـەدا تـەنی گـەورەی وەهـا هـەن کـە بـە کونـە ڕەشـەکان ناسراون، چڕیی مـاددەی ئـەم کونەڕەشـانە دەگاتـە (٢٥٠ هـەزار تـۆن) لـە هەریـەك سـانتیمەتر سـێجایەکدا. ئـەم کونەڕەشـانە هێزێکـی کێشـکردنی ئێجگـار گـەورەیان هەیـە و هـەموو ئـەو تەنانـەی لێیـان نزیـك دەبنـەوە دەمودەست هەڵی دەلوشن، تەنانەت ڕووناکیش کێش دەکەن!

ئەو تەنانە تاریکن و نابینرێن، ئەوەش وەهای کردبوو زانایـان لـەبوون و نەبونیان گومانیان هـەبێت، تـاکو لـەم دوایانـەدا بـوونی ئـەو کونەڕەشـانە سەلمێنرا و یەکلایی کرایەوە و هیچ گومانێك لە بوونیان نەماوە.

وەك ئاماژەی پێدرا لـە ئایەتەکـەدا خـوای گـەورە سـوێند بـە (الخُـنس) دەخـوات کـە لـەزمانی عەرەبیـدا بـە شـتێکی نادیـار و شـاراوە دەوترێـت، (الكُـنَّس)یـش بـە مانـای ڕووپێـوکردن و مـاڵین دێـت. لەڕاسـتیدا ئـەو کونەڕەشانە لەکاتی جوڵەیاندا هەرچییەك بێتە بـەردەمیان و بچێتە بـواری کێشکردنیانەوە، هەڵی دەلوشـن و بـەرەو خۆیـان کێشـی دەکـەن، ئـەوەش مانای ڕاماڵینی شتەکان دەگەیەنێت.

زانایــەکی ئــەمریکی ڕەنگــە هــەر قورئانیشــی نەخوێندبێتــەوە، کونەڕەشەکانی ناساندووە بەوەی ئەستێرەی زەبەلاحی بۆشایی گسـکدەرە (وەك گسکێکی کارەبایی زەبەلاح)!!

گەشتە بۆشایی

خـــوای پـــەروەردگار دەفـــەرموێت: ﴿ يَٰمَعۡشَرَ ٱلۡجِنِّ وَٱلۡإِنسِ إِنِ ٱسۡتَطَعۡتُمۡ أَن تَنفُذُواْ مِنۡ أَقۡطَارِ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِ فَٱنفُذُواْۚ لَا تَنفُذُونَ إِلَّا بِسُلۡطَٰنٖ ﴾الـرحمن/٣٣، واتــە: ئــەی گـرۆی پــەری و ئـادەمیزاد! ئەگـەر دەتـوانن بـە بەشــەکانی ئاسمانەکان و زەویدا دەرچن، ئەو کارە ئەنجام بدەن، دڵنیاش بن ئەو کارە بەهۆی دەزگای ماددی و توانای مەعنەوییەوە نەبێت ئەنجام نادرێت.

مرۆڤ بەدابەزینی لەسەر ڕووی مانگ گـەورەترین دەستکەوتی زانستی و کرداری بەدەستهێنا، بەهۆی داهێنان و ئـامێرە نوێیەکانـەوە تـوانی بەسـەر ڕووەکەیدا بڕوات و لە گەڕانەوەیدا نموونەی بەرد و خۆڵەکـەی لەگـەڵ خـۆی بهێنێتەوە تاکو شییان بکاتەوەو توخمەکانی بزانێت.

زانستی نویێ دەڵێت مانگ (کە مـرۆڤ بـەهۆی کەشـتی ئاسمانیـەوە پێـی گەیشــتووە) تــەنێکی بچـوکی پاشــکۆی زەوییــە، وەك ئەوەیــە یــەکێك لەناوچەکانی بێت، کە (٣٨٥٠٠٠کیلۆمەتر) دەبێت، ئیتر بزانـە ئـەو دوورییـە چــەند کەمــە بــە بــەراوورد لەگــەڵ دووری بەشــەکانی ئاسمانــەکان کــە دوورییەکانی لە زەوییەوە بەهەزاران ساڵی ڕووناکی دەبن؟

خێرایــی ڕوونــاکی (٣٠٠٠٠٠ هــەزار کیلۆمــەترە لەچرکەیەکدا)، دەبێـت ڕوونـاکی لـە خولەکێکدا چـەند کیلۆمـەتر ببڕێـت، ئـەی لـە کاتژمێرێکـدا... پاشان لە ڕۆژێکدا... لە مانگێکدا... لـە ساڵێکدا؟! لـە ساڵێکدا دوورییـەك

دەبڕێـت بـە ژمـارە ئامارییـەکانمان مەزەنـدە ناکرێـت، بـەڵکو ژمـارەی فەلەکین... خەیاڵین...

تەحـەددای بەدیهێنـەر بۆ دەرچـوونی بـەدیهێنراوەکانی بـە بەشـەکاندا بەدوو ئاڕاستەیە:

١. ئاڕاستەی بەشەکانی ئاسمانەکان

٢. ئاڕاستەی بەشەکانی زەوی

تێبـینی دەکـەین (ئاسمـان) بـە دەسـتەواژەی (کـۆ) هـاتووە، ئـەوەش ئاماژەیەکی زانستی ورد و جوانە بـۆ بـوونی ژمارەیـەك پێکهاتـەی (بـوونی) ئاسمـــانی لـــەم گەردوونـــە فراوانـــەدا، دروســـت وەك ئـــەوەی دۆزینـــەوە گەردوونییە نوێیەکان دەیسەلمێنن.

بەڵام زەوی بە (تاك) ناوی هاتووە، ئـەوەش ئاماژەیـە بـەوەی زەوی لـە پێکهـاتن و سـیفەتەکانیدا بەتـەواوی نایـاب و جیـاوازە لـەنێوان سـەرجەم هەسارەکانی تردا. ئەمەش کتومت وێکچووی نوێترین زانیارییەکانی زانسـتی نوێیە.

ئیعجازی ئایەتەکە لە دەستەواژەی (إلاّ بِسُلطان)دایە، بەمانای ناتوانـایی لە دەرچوون بە بەشەکانی ئاسمانەکان و زەویدا بەبوونی هێزێکی گـەورە و زۆر مەزن نەبێت... ڕەنگـە هێـزی کێشـکردنی زەوی بێـت، پێدەچێت ئـەو خێراییـە بێـت کـە پێـی دەجـوڵێین، ناشـکرێت لـەخێرایی ڕوونـاکی نزیـك ببێتەوە.

خـەڵکی وەهـا گومـان دەبـەن مـرۆڤ بـە زانسـتەکەی توانیویـەتی بـە بەشـــەکانی ئاسمانـــدا دەربچـــێت، ئـــەو کـــارەش بـــە هـــۆی (سُـــلطان)ی زانستەکەیەوە ئەنجام داوە. لێرە هەڵەکـە لـە(سُلطان)ـەکەدایە، کـە وەهـا گومـان دەبـەن سـوڵتانی زانسـت بێـت، خـۆی لەڕاسـتیدا سـوڵتانی خـوای

پەروەردگارە کە لەشەوی میعراجدا پێغەمبەری (ﷺ) تێپەڕاند، چونکە هەر زاتی (الله)یە بەسەر ملکەچکردنی سوننەت و ڕێساکانی گەردووندا بەتوانا و دەسەڵاتدارە.

بەو پێیە، زانستی نوێ نەیتوانیوە بگاتە ئەو هەسارە و گەلەستێرانەی بەهۆی ئامێرەکان و تەلەسکۆبە گەردوونییەکانەوە ئاشکرای کردوون، ئەمەش لە ئەستەمبوونی بەزاندنی بەشەکانی ئاسمانن.

لە لایەکی تریشەوە، بۆ مرۆڤ ئەستەمە بتوانێت بەشەکانی زەوی ببەزێنێت، لەبەر ئەم هۆیانە:

گرنگترینیان، چەند بەرەو نێو زەوی بچین پلەی گەرمی بەرزدەبێتەوە تا دەگەینە کرۆکی زەوی، لەوێدا زەوی دەبێتە دۆزەخێك کە گەرمییەکەی دەگاتە (٣٠٠٠پلەی سەدی). ئیتر کام ئامێر دەتوانێت هەموو ئەو چینانە ببەزێنێت، لەگەڵ ئەو پلە گەرمییە زۆر بەرزەدا کە سەرجەم کانزا ڕەقە ناسراوەکان دەتوێنێتەوە!

گەر بەزاندنی بەشەکانی وشکایی توێکڵی زەوی هێندە گران و ئەستەم بێت، دەبێت حاڵەکە چۆن بێت بەگوێرەی بەشی دەریایی گۆی زەوییەوە؟ لەکاتێکدا کە ڕێژەی وشکایی زەوی (٣٠٪) یە و ئەوی تری هەمووی دەریا دایپۆشیوە.


مرۆڤ نەیتوانیوە قوڵایی دەریاکان ئاشکرا بکات تەنها لە سنوورێکی تەسکدا نەبێت، ئەوەش هۆیەکەی دەگەڕێتەوە بۆ کۆمەڵێك فاکتەر کە گرنگترینیان زیادبوونی پەستانی هەوا و ئاو لەسەر کەسی نقوم بووی نێو قوڵاییەکان، هەر (١٦کیلۆمەتر) ڕۆچوون بۆ نێو دەریا ئەوا پەستانی بە ئەندازەی (١پەستانی کەش) زیاددەکات.

یەکێکی تر لە گرفتەکان نەمانی ڕووناکییە بەپلەپەندی، بەشێوەیەك کە لەقولایی (١١٠مەتر)دا دەریا دەبێتە تاریکییەکی شەوەزەنگ ئاسا، لەو قولاییەدا پەستان لەسەر کەس و ئامێرەکان ١٢هێندەی پەستانی کەشە.

لە هەموو ئەوانەوە دەبینین کە تەحەدداکە هێشتا لەبەردەم هەموو مرۆڤایەتیدایە و تاکو ڕۆژیی دوایی بەردەوامە. ئەوەش ئیعجازێکی ئیلاهییە کە زانستی نوێ نەیتوانیوە بە (سُلطان)ی زانست و نوێترین ئامێرەکانی ڕووبەڕووی ببێتەوە.

گــەردیلــە

خوای گەورە لـە قورئـانی پـیرۆزدا دەفـەرموێت: ﴿وَمَا تَكُونُ فِي شَأْنٍ وَمَا تَتْلُواْ مِنْهُ مِن قُرْءَانٍ وَلَا تَعْمَلُونَ مِنْ عَمَلٍ إِلَّا كُنَّا عَلَيْكُمْ شُهُودًا إِذْ تُفِيضُونَ فِيهِ وَمَا يَعْزُبُ عَن رَّبِّكَ مِن مِّثْقَالِ ذَرَّةٍ فِي ٱلْأَرْضِ وَلَا فِي ٱلسَّمَآءِ وَلَآ أَصْغَرَ مِن ذَٰلِكَ وَلَآ أَكْبَرَ إِلَّا فِي كِتَٰبٍ مُّبِينٍ﴾یونس/٦١، واتە: (ئەی پێغەمبەر (ﷺ)) تۆ بـەهیچ کارێك هەڵناستیت، هیچ بەشێك لە قورئان ناخوێنیتـەوە (کـە ئێمـە ئاگـادار نـەبین، ئێـوەش ئـەی خەڵکینـە) بـەهیچ هەڵسـوکەوتێك هەڵناسـن ئێمە شـایەت نـەبین بەسـەریەوە لەکاتێکـدا ئــەنجامی دەدەن و تیایدا ڕۆدەچـن، هـیچ شـتێکیش لە پەروەردگاری تۆ ون نابێت لە پارچـە ئەتۆمێکـەوە بگـرە لــە زەوی یان لە ئاسمانـدا، بچوکتر بێت یان گەورە تر، کە لە دۆسـیەیەکی تایبـەتی ئاشـکرادا لای ئێمـە تۆمـار نەکرابێت.



یــان دەفــەرموێت: ﴿فَمَن يَعۡمَلۡ مِثۡقَالَ ذَرَّةٍ خَيۡرٗا يَرَهُۥ ۝٧ وَمَن يَعۡمَلۡ مِثۡقَالَ ذَرَّةٖ شَرّٗا يَرَهُۥ﴾الزلزلة/٨-٧، واتـە: جا ئـەوەی بەقـەدەر سەنگی گەردیلەیەك خێر و چاکەی ئەنجامْ دابێت دەیبینێتەوە، ئەوەش کە بەقەدەر سەنگی گەردیلەیەك خراپەی هەبێت، دەیبینێتەوە.

لەکۆنـدا بـاوەڕ وابـوو گەردیلـە بچـوکترین شـتە، شـتێك نییـە کـێش و قەبارەی لە گەردیلە بچوکتر بێت، بەڵام زانستی نویێ سەلماندی گەردیلـەش توانای بەشکردنی هەیە.

ئەوەیە قورئانی پیرۆز بەر لەزانسـتی نـوێ باسـی کـردووە... لـەکۆتایی سەدەی نۆزدە و سەرەتای سـەدەی بیسـتدا ئـەو وتەیـە سـەلمێنرا، کاتێـك زانایـان ئاشـکرایان کـرد کـە گەردیلـەی هەنـدێك مـاددەی (وەك ڕادیـۆم و یۆرانیـۆم) هـەر خـۆی بۆخـۆی بـەش دەبێـت و لێیانـەوە تەنۆلکـەی بارگـە موجەب دەردەچێت پێیانـدەوترێت (تەنۆلکـەی ئـەلفا) و تەنۆلکـەی بارگـە سالب کە پێیاندەوترێت (تەنۆلکەی دەلتا) لەگەڵ تیشـکێك کـە بـە (گامـا) ناودەبرێت.

تاهەنوکەش زانست لێکۆڵینەوەی بەردەوامە، تاکو گەیشـتە پـەرتکردنی گەردیلە، پەتکردنی دەستکرد لە ساڵی (١٩٣٩ن): هـەر دوو زانـای ئـەڵمانی (هـاهن) و (اسـتتراسمان) لـە پـەیمانگای بـەرلین گەیشـتنە کـەرتکردنی گەردیلەی یۆرانیۆم بۆ دووبەشی گەورەو چەند بەشێکی تر.

ئـەم بـیردۆزەی قورئـانی پـیرۆز لەسـەدەی حەوتەمـدا لەسـەر زمـانی پێغەمبەرێکی نەخوێندەوار، لـە نەتەوەیـەکی نەخوێنـدەوار، کـە لـە سـارادا دەژیـا و هـیچ پەیوەندییـەکی بـەمجۆرە زانیاریانـەوە نـەبوو. ئایـا نابێتـە ئیعجازێکی جوان و سەرنجڕاکێش؟!

چەندین لێکۆڵینەوە سەلماندیان هەر توخمێك لە گەردیلە پێکدێت، ئەو گەردیلانەش لە پێکهاتەیاندا سادە نین، وەك گومان دەبرێت، بەڵکو لە تەنۆلکەی بچوك پێکدێت پێیدەوترێت (پرۆتۆن)، بە دەوریشیدا تەنۆلکەی بچوك هەن کە (ئەلیکترۆنەکان)ن، ئەم ئەلیکترۆنانە لە جوڵەیەکی بەردەوام و یەکبینەدان بەدەوری ناوکی گەردیلەکەدا (کە پرۆتۆن و نیوترۆن پێکیدێنن).

پرۆتۆن بارگەی موجەبی هەڵگرتووە و ئەلیکترۆنیش بارگەی سالب. بارستایی پرۆتۆن ١٨٤٠هێندەی بارستایی ئەلیکترۆنە، بۆیە ڕاستە بوترێت زۆرینەی بارستایی تەن لە(پرۆتۆن) پێکدێت.

لەوانەوە دەردەکەوێت کە پێکهاتەیەك هەیە بچوکتر لە گەرد (گەردیلە)، دروست وەك ئەوەی خوای مەزن لە قورئانی پیرۆزدا لەبارەیەوە دواوە، ئەوەش بەدۆزینەوەیەکی زانستی دەژمێردرێت کە لەم دوادواییانەدا ئاشکرا کرا.

خێرایی ڕووناکی لە بۆشاییدا

خـوای پـەروەردگار دەفـەرموێت: ﴿ يُدَبِّرُ ٱلۡأَمۡرَ مِنَ ٱلسَّمَآءِ إِلَى ٱلۡأَرۡضِ ثُمَّ يَعۡرُجُ إِلَيۡهِ فِي يَوۡمٖ كَانَ مِقۡدَارُهُۥٓ أَلۡفَ سَنَةٖ مِّمَّا تَعُدُّونَ ﴾السـجدة/ ٥، واتـە: ئـەو خوایـە لـەژوور ئاسمانـەوە کاروبـاری زەوی ڕێکـدەخات و سەرپەرشـتی دەکات، لەوەودوا ڕووداوەکان و بەسەرهاتەکان و کـاروکردەوەی بەنـدەکان دەگەڕێتەوە بۆلای لە ڕۆژێکدا کە بەرامبەر هەزار ساڵە بـەو حسـابەی ئێـوە دەیکەن.

لەسـاڵی (١٩٨٣ز)دا و لـەکاتی بەسـتنی کـۆنگرەی نێودەوڵـەتی پێوەرەکانـدا خێرایـی ڕوونـاکی لـە بۆشـاییدا بـە (٢٩٩٧٩٢,٤٥٨کیلۆمـەتر\چـرکە) دانـراو سـەلمێنرا. ئـەم زانیاریـە لـە کۆتاییـەکانی سـەدەی بیسـتەمدا زانایـان پێیگەیشـتن، هـەروەك لـە ئینسایکلۆپیدیای بەریتانیدا هاتووە.

گەر بگەڕێینەوە بۆ قورئانی پیرۆز دەبینین هاوکێشەیەکی وردی پێداوین دروستی ئەوە دووپات دەکاتەوە کە کۆنگرەی نێودەوڵەتی بـۆ پێوەرەکـان لەپاریس و لەساڵی (١٩٨٣ز)دا پێیگەیشت.

خاوەنی دۆزینەوەکە ئەمجارە زانایەکی موسوڵمانە و پسپۆڕی فیزیایـە، ئـەویش "د.محمـد دودح"ـــە ڕاوێـژکار لـە "هیئـة الاعجـاز العلمـي". ئـەو دۆزینەوەیەشـی لـە ئایـەتی (٥)ی سـورەتی (السـجدة) هـەڵێنجاوە ﴿ يُدَبِّرُ

ٱلۡأَمۡرَ مِنَ ٱلسَّمَآءِ إِلَى ٱلۡأَرۡضِ ثُمَّ يَعۡرُجُ إِلَيۡهِ فِي يَوۡمٖ كَانَ مِقۡدَارُهُۥٓ أَلۡفَ سَنَةٖ مِّمَّا تَعُدُّونَ ﴾. مەبەست لە (الأمر-كاروبار) بریتییە لە كاروباری گەردوونی فیزیایی لەژیانی دونیاماندا... "عەبدوڵلای كوڕی عباس" ئەم چەمكەی باسكردووە، گێڕدراوەتەوە كە لە ڕاڤەی (الأمر)ی ئایەتەكەدا وتویەتی: "ئەوە لەدونیادا، لەبەر خێرایی تێپەڕبوونی (واتە كاروباری گەردوونی) هەزار ساڵ دەبڕێت لە ماوەی یەكێك لە ڕۆژەكانتاندا".

"أبوحيان التوحيدي"یش لە ڕاڤەی: ﴿مِّمَّا تَعُدُّونَ﴾دا دەڵێت: "ساڵ لەسەر جوڵەی مانگ بوونیاتە". ئەوەش مانای ئەوەیە عەرەب لە ژماردنی كاتدا جوڵەی مانگیان كردووەتە پێوەر، دووریشیان بە كات گوزارشت لێكردووە، وەك ئەوەی بڵێن: دووریی سێ ڕۆژ. قورئانیش بە زمانی عەرەب هاتووە، فەرمویەتی: ﴿مِّمَّا تَعُدُّونَ﴾.

لەژێر ڕۆشنایی ئەوەی ڕابورد و گەر زانیمان: (خێرایی تەن= دووری بڕاو ÷ كاتی خایەنراو) و بەراوردكردنی هاوكێشە زانستیەكە لەگەڵ هاوكێشە قورئانیەكە:

هاوكێشەی زانستی	هاوكێشەی قورئانی
كات	﴿فِي يَوۡمٖ كَانَ مِقۡدَارُهُۥٓ﴾ كاتی ڕۆژێكی زەوی
دووری	﴿أَلۡفَ سَنَةٖ مِّمَّا تَعُدُّونَ﴾ (بەكاتی مانگی)= ١٢٠٠٠سوڕی مانگ
خێرایی= دووری÷ كات	كاروباری گەردوونی= (هەزار ساڵی ئێوە حسابی دەكەن، واتە ١٢٠٠٠سوڕی مانگ) ÷ (كاتی ڕۆژی زەوی)

بەدانانی ژمارەکان لە هاوکێشەکەدا:

خێرایی کاری گەردوونی (الأمر الكوني) = هەزار ساڵ لەوەی حسابی دەکەن ÷ ڕۆژێك کە حسابی دەکەن

= ١٢هەزار سوڕی مانگ ÷ (٢٤کاتژمێر × ٦٠خولەك × ٦٠چرکە)

= ١٢٠٠٠× درێژی سوڕی مانگ بەدەوری زەویدا × ٨٦٤٠٠ چرکە

= ٣٣٤٠٥٦,٨ کیلۆمەتر\چرکە

کاتێك ئەم ژمارەیەی کۆتایی لێکبدەین لە هەریەکە لە فاکتەری مانگی (المعامل الشهري) و فاکتەری ساڵانەیی (المعامل السنوي) مانگ (هەروەك د.منصور حسب النبي) پێشنیاری کردووە، دەگەینە:

٣٣٤٠٥٦,٨ × ٠,٩٢٥٢ × ٠,٩٧ = ٢٩٩٧٩٢,٥ کیلۆمەتر\ چرکە

ئەوەش خێرایی ڕووناکییە لەبۆشاییدا.

ئەو ژمارەیەی لە ئایەتە پیرۆزەکەوە بەدەستمان کەوت بۆ خێرایی ڕووناکی تەواو نزیکە لە ژمارە نێو دەوڵەتییەکە کە کۆنگرەی نێودەوڵەتی بۆ پێوەرەکان بڕیاری لەسەرداوە. ئەو ژمارەیەی لە کۆنگرەکەدا دانرا (٢٩٩٧٩٢,٤٥٨ کیلۆمەتر\چرکە) لەکاتێکدا ژمارەکە کە لە ئایەتەکەوە دەستخرا (٢٩٩٧٩٢,٥ کیلۆمەتر\چرکە)، ئەوەش بەتەواوی وێکچوون گەر ئەو هەڵە ڕێپێدراوەمان لەبەرچاوگرت کە لە لێکدانی فاکتەرەکانەوە دروستدەبن.

ئەم لێکۆڵینەوەیە بە دەرەنجامە سەرنجڕاکێشەکەیەوە خرایە بەردەستی پسپۆڕانی فیزیای زانکۆی (ملك عبدالعزيز) لە سعودیە، لەدوای توێژینەوەی وردی پسپۆڕان ڕاپۆرتی ڕاست و دروستی لێکۆڵینەوەکەیان لەڕووی زانستییەوە، پێشکەش کرد، بەهەمان شێوە لەڕووی زمان و ڕاڤەی

ئایەتەکانیشـەوە لەلایـەن زانکـۆی (أم القـری) بەشـی زمـان و تەفسـیر لـە مەککە (سعودیە) جەختی لەسەر کرایەوە.

بەوەش لێکۆڵینەوەکە لە هەموو لایەکانەوە پەسەند کرا.

قورئانی پیرۆز دروستی گرنگترین ڕێسا دووپات دەکاتەوە کە مرۆڤایەتی لە سەدەی بیستەمدا ناسـیویەتی، ئایا ئـەوە پێشـینەیەکی ئیعجـازی نییـە قورئانی پیرۆز باسی لێوەکردووە؟

﴿قُلْ إِي وَرَبِّيٓ إِنَّهُۥ لَحَقٌّ﴾یـونس/٥٣، واتــە: سـوێند بـە پـەروەردگارم بەڕاستی ئەوە هەقیقەتێکە.

زۆریی ژمارەی خۆرەکان

خوای پەروەردگار دەفەرموێت: ﴿وَمِنْ ءَايَـٰتِهِ ٱلَّيْلُ وَٱلنَّهَارُ وَٱلشَّمْسُ وَٱلْقَمَرُ ۚ لَا تَسْجُدُوا۟ لِلشَّمْسِ وَلَا لِلْقَمَرِ وَٱسْجُدُوا۟ لِلَّهِ ٱلَّذِى خَلَقَهُنَّ إِن كُنتُمْ إِيَّاهُ تَعْبُدُونَ﴾فصلت/٣٧، واتە: لە نیشانە و بەڵگەکانی دەسەلاتی خوای پەروەردگار شەو و ڕۆژ و خۆر و مانگە، هەرگیز نەکەن سوژدە بۆ خۆر یان مانگ ببەن، بەڵکو سوژدە تەنیا بۆ ئەو خوایە ببەن کە دروستی کردوون، ئەگەر ئێوە خۆتان بە بەندەی ڕاستەقینەی ئەو دەزانن و هەر ئەو دەپەرستن.

(ن)ی (نسوة) کە بۆ (کۆ)یە لە وشەی ﴿خَلَقَهُنَّ﴾دا ئاماژەیە بۆ زۆریی ژمارەی خۆرو مانگەکان. ئەوەش زانست سەلماندوویەتی.

لە گەردووندا چەندین کۆمەڵەی خۆر لەگەڵ هەسارەکانیاندا کە وەك خۆری خۆمان یا بچوکتر یان گەورەتریشن، هەن و دەجوڵێن. هەر هەسارەیەك مانگێك یان چەند مانگێکی پاشکۆی هەیە یاخود هەر خۆیەتی.

زانایانی فەلەکناسی ئاشکرایان کردووە کە ژمارەی خۆرەکان پترن لە دووسەد ملیۆن خۆر، ئەوە تەنها ئەو خۆرانەن کە ئاشکرا کراون، دەبێت چەندی تر هەبن و هێشتا مرۆڤ پەی پێ نەبردوون و ئاشکرای نەکردوون؟!

كۆتـايی خۆر

زانسـت سـەلماندوويەتی لـە هـەر چـركەيەكدا خـۆر (٥٠٠٠٠٠تـەن) لـە كێشـەكەی ونـدەكات. ئـەی دەبێـت لـە خولەكێكـدا چـەند ونبكـات؟ لـە كاتژمێرێكـدا؟ لـە ڕۆژێكـدا؟ ئايـا لـەماوەی (٥٠٠٠ مليـۆن) سـاڵی تـەمەنيـدا چەندی ونكردووە؟! با پێكەوە حسابی بكەين:

خۆر لە خولەكێكدا كێشی كەم دەكات بەبڕی:

٥٠٠٠٠٠ × ٦٠ = ٣٠٠٠٠٠٠٠ تەن

لە كاتژمێرێكدا: ٣٠٠٠٠٠٠٠ × ٦٠ = ١٨٠٠٠٠٠٠٠٠ تەن

لە ڕۆژێكدا: ١٨٠٠٠٠٠٠٠٠ × ٢٤ = ١٥٧,٦٨٠٠٠٠٠٠٠٠٠ تەن

لە ماوەی پێنج هەزار مليۆن ساڵدا:

١٥٧٦٨٠٠٠٠٠٠٠٠٠ × ٥٠٠٠٠٠٠٠٠ = ٧٨٨٤٠٠٠٠٠٠٠٠٠٠٠٠٠٠٠ تـــــەن

(حـەوت سـەد و هەشـتا و هەشـت مليـۆن و چوارسـەد كوادريليـۆن تـۆن) (كوادريليۆن بريتيە لە ١ كە لای ڕاستيەوە ١٥ سفر هەبێت).

زانسـت سـەلماندوويەتی خـۆر كۆتـايی هەيـە، ئـەويش بـەهۆی ئـەو كەمبوونەی لە بارستەكەيدا ڕوودەدات، ئـەم ڕاسـتيە بـەڕوونی لـە قورئـانی پيرۆزدا ئامارژەی پێدراوە: ﴿وَجُمِعَ ٱلشَّمۡسُ وَٱلۡقَمَرُ﴾القيامة/٩، واتە: خۆر و مـانگ كۆدەكرێنەوە و دەدرێن بەيەكدا.

بەلاّم ئایا ئەو کۆکردنەوەیە کەی و چۆن دەبێت؟

﴿فَإِذَا بَرِقَ ٱلْبَصَرُ ﴿٧﴾ وَخَسَفَ ٱلْقَمَرُ ﴿٨﴾ وَجُمِعَ ٱلشَّمْسُ وَٱلْقَمَرُ ﴿٩﴾ يَقُولُ ٱلْإِنسَٰنُ يَوْمَئِذٍ أَيْنَ ٱلْمَفَرُّ ﴿١٠﴾ كَلَّا لَا وَزَرَ ﴿١١﴾ إِلَىٰ رَبِّكَ يَوْمَئِذٍ ٱلْمُسْتَقَرُّ﴾القيامة/٧-١٢، واتە: کاتێك دێت، چاو ئەبلّەق دەبێت، مانگیش دەگیرێت و تاریك دەبێت (ئەویش هەلّدەوەشێت)، (یاسای بوونەوەر تێکدەچێت) خۆر و مانگ کۆدەکرێنەوە و دەدرێن بەیەکدا. ئەو ڕۆژە مرۆڤ دەلّێت: (ئەی هاوار) بۆ کویێ ڕابکەم، لەکوێوە خۆم ڕزگار بکەم. نەخێر ئیتر دەربازبوون نییە، تۆ دەبێت ئیتر لای پەروەردگارت ئامادەبیت و لەوێ ئۆقرە بگریتت (بۆ لێپرسینەوە).

زۆر ئایەتی تریش کۆتایی خۆر دەسەلمێنن:

﴿إِذَا ٱلشَّمْسُ كُوِّرَتْ ﴿١﴾ وَإِذَا ٱلنُّجُومُ ٱنكَدَرَتْ﴾التكوير/١-٢، واتە: کاتێك خۆر دەپێچرێتەوە و ڕووناکی نامێنێت، کاتێکیش ئەستێرەکان (لە خولگەی خۆیان) دەترازێن و دەدرێن بەیەکدا.

(قتادة) دەلّێت:(تكوير) لە ئایەتەکەدا واتە: ڕووناکی نامێنێت. کۆتایی ئەستێرەش وەك کۆتایی خۆر وەهایە، چونکە خۆریش یەکێکە لە ئەستێرەکان: ﴿وَإِذَا ٱلنُّجُومُ ٱنكَدَرَتْ﴾، واتە: دەکەونە خوارەوە و درەوشانەوە و ڕوونی نامێنێت و بەخێرایی لەناودەچن و پەرش دەبنەوە.

ئەم ڕاستییە زانستییانە دەربارەی خۆر، قورئانی پیرۆز بە ڕوونی و ئاشکرایی باسی لێوەکردوون، ئایا ئەوە بەس نییە وەك بەلّگە لەسەر ڕاستی و دروستی و دوابەدوای ئەوەش لەسەر ڕاستی و دروستی هەموو ئەوەی لەقورئاندا هەیە؟

ژیان لەسەر هەسارەکان

خـوای پـەروەردگار دەفـەرمویّت: ﴿وَلِلَّهِ يَسْجُدُ مَا فِي السَّمَاوَاتِ وَمَا فِي الْأَرْضِ مِن دَابَّةٍ وَالْمَلَائِكَةُ وَهُمْ لَا يَسْتَكْبِرُونَ﴾النحـل/٤٩، واتـە: هەرچـی لـە ئاسمانـەکان و هەرچـی لـە زەویـدا هەیـە سـوژدە بـۆ خـوای بەدیهێنـەریان دەبـەن، هـەروەها هـەموو زینـدەوەران، فریشـتەکانیش بەتایبـەت سـوژدە دەبەن بۆ خوا و خۆ بەگەورە نازانن و لە هیچ فەرمانێکی خوا لانادەن.

بێگومان فریشتەکان وشەی (دابة) نایانگرێتەوە، چونکە بەسـەر زەویـدا بە پێ ناڕۆن. وشەی (دابة) ئەو زیندەوەرانـە دەگرێتـەوە کـە ئـاو ڕەگـەزی سەرەکی پێکهاتەی ئەندامیان پێکدێنێت، ئیتر ئەو (دابة)یـە هەرچـی بێـت، چونکە خوای پەروەردگار دەفەرمویّت: ﴿وَاللَّهُ خَلَقَ كُلَّ دَابَّةٍ مِّن مَّاءٍ﴾النـور/٤٥، واتە: خوا هەموو زیندەوەرێکی (دابة) لە ئاوێکی تایبەت دروستکردووە.

هەنـدێك لـە زانایـانی گـەردوون دەڵـێن: "سـەیر نییـە هەنـدێك لـە تەنـە ئاسمانییەکان زیندەوەری لەسەر نیشتەجێ بێت، سەیر ئەوەیە بـەو جـۆرە نەبێت".

ئاژانسـی بۆشـایی ئـەمریکی (ناسـا) لـە کالیفۆرنیـا لەسـاڵی (١٩٧٠ن)دا ڕایگەیاند: ساڵی ڕابردوو نەیزەکێك لە ئوستورالیا کەوتوەتە خوارەوە ترشە ئەمینیـەکان لـە پێکهاتەیـدا هەیـە کـە بـەردی بناغـەی ماددەی ئەندامی

زیندووە، ئەوەش ئەگەری بوونی ژیان لە دەرەوەی گۆی زەوی بەهێزتر دەکات.

لەسالّی (١٩٧٤ز)دا یەکەمین پەیام بۆ شارستانییە گەردوونییەکان نێردرا، کە پەخشەکەی سێ خولەکی خایاند. ئەم نامەیە وەها نەخشە کێشرابوو کە زانیاری بنەڕەتی لەبارەی شارستانییەتی زەوی و دانیشتوانەکەی لەخۆگرتبوو.

جێی باسە ئەم کارە ڕووبەڕووی ڕەخنەگەلی زۆر بووەوە بەو پاساوەی کارەکە هەموو مرۆڤایەتی دەگرێتەوە نەك تەنها ئەو کۆمەڵەی نامەکەیان نارد.

کات لە نێوان زانست و قورئاندا

لەچوار چێوەی چالاکییە ڕۆشنبیرییەکانی (کۆمەڵەی ئیعجازی زانستی لە قورئان و سوننەتدا) لە قاهیرە، کۆڕێك دەربارەی "کات لەنێوان قورئان و زانستدا" بەسترا، تیایدا "د.منصور حسب النبی" سەرۆکی کۆمەڵە و مامۆستای فیزیا لە کۆلیژی (بەنات)ی زانکۆی (عین شمس)، باسێکی پێشکەش کرد.

سەرەتا "د.حسب النبی" جەختی لەوە کردەوە کە قورئانی پیرۆز هەمیشە ئاسۆی زانستی نوێ لەبەردەم زانایاندا دەکاتەوە بۆ بیرکردنەوە و تێڕامان... بەدڵنیاییەوە زانستی ڕاست و دروست دەبێتەهۆی باوەڕهێنانی مرۆڤەکان، هەرگیز نابێت دژایەتی لەنێوان ڕاستییە زانستییەکان و قورئاندا ڕووبدات مەگەر زاناکە لە تیۆرەکەدا هەڵەی کردبێت یاخود موفەسیرەکە لە تەفسیر و بۆچوونی لە ئایەتە قورئانیەکەدا دروست نەیپێکابێت.

پاشان دکتۆر هاتە سەر ئەوەی قورئانی پیرۆز ئامـاژەی بە زۆرێك لە مەسەلە زانستییەکان داوە، وەك بابەتی بەدیهێنانی گەردوون، کات و شوێن... قورئان ئاماژە بەوە دەدات خوای گەورە لە شەش ڕۆژدا گەردوونی بەدیهێناوە، ڕۆژەکانیش لای خوا ماوەی زەمەنین نەك ڕۆژ بە ماناکەی سەر زەوی، لەبەرئەوەی کات ڕەها نییە و ڕێژەییە، ئەمەش لەگەڵ دەرەنجامەکانی زانستی نوێ و بیردۆزی ڕێژەییدا بەتەواوی دەگونجێت.

كات لە ژیانی زیندەوەران و تەنانـەت نازیندووەكانیشـدا نـرخ و بایـەخی گەورەی هەیە، هەموان گرنگی بە پێوانی كات دەدەیـن وەك سـنووردانەرێك بۆ تەمەن. هەروەها ماددە تیشكدەرەكانی وەك ڕادیـۆم و یۆرانیـۆم كـە بـە تیشـكدان هەڵدەوەشـێن و دەگـۆڕێن بـۆ قورقوشـم، هـەموو تـوخمێكی تیشـكدەریش كـاتێكی دیـاریكراوی خـۆیی بـۆ هەڵوەشـان هەیـە (مـاوەی نیوەتەمەنی تایبەت بەخۆیی هەیە).

زانایـان هەنـدێك مـاددەی تیشـكدەری یۆرانیـۆم و كـاربۆن (١٤) بـۆ دیاریكردنی تەمەنی زەوی و مێژووی ژیان لەسەر زەوی بەكاردێنن، هەروەك چۆن دیـاردەی كشـانی گـەردوون و فراوانبوونیـان لـە دیـاریكردنی تەمـەنی گەردووندا بەكارهێناوە.

"د. حسب النبی" لە تەمەنی گەردوون دوا وەك بابەتێك بـۆ سـەلماندنی بوونی خـودا، چـونكە ئەگـەر گـەردوون سـەرەتایەكی زەمـەنی هـەبوو ئـەوا بەدڵنیاییەوە دەبێت بەدیهێنەر و دەستپێكارێكی هەبێت (واتە خـاوەن هێـز و دەسـەڵاتێك هـەبێت سـەرەتای بـەدیهێنانی دەسـتپێكردبێت)، هـەر بۆیـە قورئانی پیرۆز بانگەوازێكی ڕوونی ئاڕاستەی مرۆڤ كردووە بۆ گەڕان بەدوای چۆنیەتی دروستبوونی گەردوون و سەرەتای بەدیهێنانیدا.

﴿قُلۡ سِيرُواْ فِي ٱلۡأَرۡضِ فَٱنظُرُواْ كَيۡفَ بَدَأَ ٱلۡخَلۡقَ﴾ العنكبوت/٢٠، واتـە: ئەی پێغەمبەر (ﷺ) پێیان بڵێ با بگەڕێن بە زەویدا تەماشـابكەن و سـەرنج بدەن چۆن ئەو زاتە دروستكراوانی بەدیهێناوە.

دەلالەتەكانی ئەم ئایەتە كورتدەكەینەوە لە چەند ئاماژەیـەكی گرنگدا، لەوانـە: گـەڕان بـە زەویـدا ڕێمـان پیشـان دەدات بـۆ زانـینی سـەرەتای بەدیهێنان، دەستەواژەی قورئان (سيروا في الارض- بگەڕێن بە زەویدا) نەك (سـيروا علـى الارض- بگـەڕێن بەسـەر زەویـدا) ئامـاژەی گەڕانـە بـە چـینە

جیۆلۆجییـەکانی زەویـدا، ئـەوەش بـۆ زانـینی چـۆنیەتی دروسـتبوونی و دروسـتبوون و پەیـدابوونی مەملەکـەتی ڕووەکـی و ئـاژەڵی، بـەڵکو زانـینی سەرەتای بەدیهێنان بە سەرجەم جۆرەکانیەوە و لەوانەشدا گەردوون.

لەزۆرێك لە ئایەتەکانی قورئانی پیرۆزدا هاتووە خوای گەورە گـەردوونی لـە شـەش ڕۆژدا بـەدیهێناوە، وەك دەفـەرموێت: ﴿وَلَقَدْ خَلَقْنَا ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضَ وَمَا بَيْنَهُمَا فِى سِتَّةِ أَيَّامٍ وَمَا مَسَّنَا مِن لُّغُوبٍ﴾ق/٣٨، واتـە: بەڕاسـتی ئێمـە ئاسمانـەکان و زەوی و هەرچـی لەنێوانیانـدا هەیـە بـە شـەش ڕۆژ دروستمان کردوون، هیچ جۆرە ماندوویەتییەکیش ڕووی تێنەکردووین.

مەبەست لە (أيام) لە ئایەتەکەدا، "قۆناغەکان" یان "ماوەی زەمەنی"ن لە بەدیهێنانی گەردووندا نەك ئـەو ڕۆژانـەی ئێمـەی مـرۆڤ دەیانـژمێرین، بـە بەڵگەی ئەوەی ئامارە بە دەستەواژەی (مما تعدّون) نـەکراوە لـە هیچکام لەو ئایەتانەدا کە سەبارەت بە شەش ڕۆژی بەدیهێنانی ئاسمانەکان و زەوی دەدوێـن، وەك لـەم ئایەتانـەدا ﴿هُوَ ٱلَّذِى خَلَقَ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضَ فِى سِتَّةِ أَيَّامٍ﴾الحديـد/٤. هـەروەها ﴿ٱللَّهُ ٱلَّذِى خَلَقَ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضَ وَمَا بَيْنَهُمَا فِى سِتَّةِ أَيَّامٍ ثُمَّ ٱسْتَوَىٰ عَلَى ٱلْعَرْشِ مَا لَكُم مِّن دُونِهِۦ مِن وَلِىٍّ وَلَا شَفِيعٍ أَفَلَا تَتَذَكَّرُونَ ﴿٤﴾ يُدَبِّرُ ٱلْأَمْرَ مِنَ ٱلسَّمَآءِ إِلَى ٱلْأَرْضِ ثُمَّ يَعْرُجُ إِلَيْهِ فِى يَوْمٍ كَانَ مِقْدَارُهُۥٓ أَلْفَ سَنَةٍ مِّمَّا تَعُدُّونَ﴾السجدة/٤-٥.

ڕاڤـەکارانی قورئـان کـۆکن لەسـەر ئـەوەی شـەش ڕۆژەکـەی بـەدیهێنان دابەشکراوە بۆ سێ بەشـی یەکسان، هـەر بەشـێك یەکسانە بـەدوو ڕۆژ لـە ڕۆژەکانی بەدیهێنان بەمەفهومی ڕێژەیی بۆ کات.

یەکـــەم: دوو ڕۆژ بـــۆ بـــەدیهێنانی زەوی لـــە ئاسمانـــە دووکەڵییـــە یەکەمییەکە، خوای مـەزن دەفـەرموێت: ﴿خَلَقَ ٱلۡأَرۡضَ فِي يَوۡمَيۡنِ﴾فصلت/٩، واتـە: زەوی لـە دوو ڕۆژدا دروسـتکردووە... یـان دەفـەرموێت: ﴿أَوَلَمۡ يَرَ ٱلَّذِينَ كَفَرُوٓاْ أَنَّ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضَ كَانَتَا رَتۡقٗا فَفَتَقۡنَٰهُمَا﴾الانبياء/٣٠، واتە: ئایا کافر و خوانەناسان نـابینن و بۆیـان ڕوون نەبۆتـەوە کـە ئاسمانـەکان و زەوی یەکپارچە بوون و لەوەودوا لێکمان جیاکردنەوە؟

دووەم: دوو ڕۆژ بۆ ڕێککردن (تسوية)ی حـەوت ئاسمانەکـە چـین چـین. بەوتـــەی خـــوایی: ﴿فَقَضَىٰهُنَّ سَبۡعَ سَمَٰوَاتٖ فِي يَوۡمَيۡنِ﴾فصـــلت/١٢، واتـــە: لـەماوەی دوو ڕۆژدا ئاسمـانی کـردە حـەوت چـین. ئەمـەش ئاماژەیـە بـۆ حاڵەتی دوکەڵی ئاسمـان: ﴿ثُمَّ ٱسۡتَوَىٰٓ إِلَى ٱلسَّمَآءِ وَهِيَ دُخَانٞ﴾فصلت/١١. ئەمـە دوای تەقینەوە گەورەکە بە دوو ڕۆژ.

لەکاتێکـــدا دوای ئـــەوە پێکهێنـــانی ئاسمانـــەکان دەســـتی پێکـــرد: ﴿فَقَضَىٰهُنَّ﴾ واتـــە: دروســـتکردن و بـەدیهێنان... حـــەوت ئاسمـــان لـــە ماوەیەکی دیاریکراودا بە دوو ڕۆژی تر.

سـێیەم: دوو ڕۆژ بـۆ ڕێکخسـتنی جیۆلۆجیـای زەوی و ڕامکردنـی بـۆ خزمـــەتی مـــرۆڤ، خـــوای گـــەورە دەفـــەرموێت: ﴿وَجَعَلَ فِيهَا رَوَٰسِيَ مِن فَوۡقِهَا﴾فصلت/١٠، واتە: لەسـەر ڕووکـاری زەوی کێوەکـانی دامەزرانـدووە. ئەمەش ئاماژەیە بەشاخە نەیزەکییەکان، لە سەرەتادا کەوتونەتە خوارەوە و لەسەر توێکڵی زەوی جێگیربوون و بەزوویی ڕەق بوون. بەبەڵگـەی: ﴿مِن فَوۡقِهَا﴾، واتـە لەسـەر ڕووەکـەی. پاشـان: ﴿وَبَٰرَكَ فِيهَا﴾، واتـە خـەیراتی

زیـادكردووە بـەوەی ئـاو و كێڵگـە و ئاژەڵـە سوودبەخشـەكانی تێـدا بـەدیهێناوە، ئەمـەش واتـە: ﴿أَخْرَجَ مِنْهَا مَآءَهَا وَمَرْعَىٰهَا﴾ و ﴿وَقَدَّرَ فِيهَآ أَقْوَٰتَهَا﴾، هـەموو ڕزق و ڕۆزییـەكانی تێدا بڕیـار داوە. ڕۆزی خەڵكەكـەی و بـژێوی تێـدا بـەدیهێناوە، بـەوەی ڕووبارەكـان و درەخـت و ئاژەڵـەكانی دروسـتكردووە، وەك ئامادەباشـییەكی زەوی لـە پێشـوازیكردنی مرۆڤـدا.

هەموو ئەمانەش ﴿فِىٓ أَرْبَعَةِ أَيَّامٍ سَوَآءً لِّلسَّآئِلِينَ﴾ لە ماوەی چوار ڕۆژدا تا نیاز و داخوازییەكانی مـرۆڤ جێبەجێدەكات. چـوار ڕۆژی یەكسـان بـەبێ زیـاد و كەم بۆ ئەو مرۆڤانەی دەپرسن.

"د.حسـب الـنبی" جـەختی لەسـەر ئـەوە كـردەوە كـە زاناكـان بـە بەكارهێنانی هەڵوەشانی تیشكی توخمی یۆرانیـۆم و گـۆڕانی بـۆ قورقوشـم گەیشتونەتە ئەوەی تەمەنی بەردەكانی زەوی و نەیزەكەكان هەژمار بكەن، بۆیـان دەركـەوتووە دروسـتبوونی تـوێكڵی زەوی (واتـە ڕەقبـوونی توێكڵەكەی) پێش (٤,٥ ملیار ساڵ) دەستی پێكـردووە، هـەر ئـەم ژمارەیـە تەمەنی بەردەكانی هەسارەی مانگیشە... هەروەها لەم دواییانـەدا زاناكـان كاربۆنی تیشكدەریان بەكارهێنا بۆ دیاریكردنی تەمەنی پاشماوە ڕووەكی و ئاژەڵییەكان و مێژووی دەستپێكردنی ژیان لەسەر زەوی. كەواتە پێكهاتن و ڕەقبـوونی زەوی پـێش (٤٥٠٠ملیـۆن سـاڵ) دەسـتیپێكردووە و مـرۆڤیش میـوانێكی زۆر دواكـەوتووە بـۆ سـەر هەسـارەی زەوی، دوای ئـەوەی پەروەردگار هەموو ئەوانەی لە زەویدا هەن بۆی ڕامكراوە.

﴿هَلْ أَتَىٰ عَلَى ٱلْإِنسَٰنِ حِينٌ مِّنَ ٱلدَّهْرِ لَمْ يَكُن شَيْـًٔا مَّذْكُورًا﴾الإنسـان/١، واتـە: ئایا زەمانێـك بەسـەر مرۆڤـدا نـەهاتووە كـە شـتێك نـەبووبێت، ناوونیشـانی نەبووبێت؟

زانست دڵنیایی ئەوە دەدات مرۆڤ بەر لە دەیان هەزار ساڵەوە هێنراوەتە سەر زەوی، بەبێ دیاریکردنی یەکلاکەرەوانە. دەتوانین وا دابنێین پێکهاتنی جیۆلۆجی دەستپێکردووە لە داکوتینی شاخە نەیزەکەکان لەسەر توێکڵە ڕەقەکەیـەوە و دەرچـوونی ئاووهـەوا لـە نـاواخنی زەوییـەوە و هـەروەها بـەدواداهاتنی شانشـینی ئـاژەڵی و ڕووەکـی هـەتاکو دەرکـەوتنی مـرۆڤ، ئەمەش ماوەیەکی زەمەنی خایاندووە بە ئەندازەی (٤,٥ملیار ساڵ) کـە لـە قورئـانی پـیرۆز و سـورەتی (الفصـلت)دا ئامـاژە بـەم ماوەیـە دراوە کـە سێیەکی تەمەنی گەردوونە. لە کاتێکدا ڕێکخستنی جیۆلۆجی زەوی لەساتی دەسـتپێکردنی ڕەقبـوونی تـوێکڵی زەوییـەوە هـەتاکو دەرکـەوتنی مـرۆڤ کاتێکی خایاندووە ئەندازەکەی (٤,٥ملیار ساڵ)ە... بۆیە دەتوانین حسابی تەمـەنی گـەردوون بکـەین لـە قورئـانی پـیرۆزەوە بـە لێکـدانی ئـەم مـاوە جیۆلۆجییە لە (٣) بەوپێیەی شەش ڕۆژەکەی بەدیهێنانی گەردوون دابەشن بە سێ بەشی یەکسانەوە و هەر بەشێك یەکسانە بـە دوو ڕۆژ لـە ڕۆژەکـانی بەدیهێنان (بە لێکدانەوەیەکی ڕێژەیی بۆ کات)، لەمـەوە تەمـەنی گـەردوون دەبێتە (١٣,٥ ملیار ساڵ).

"د.حسب الـنبی" ئامـاژەی بـەوە کـردووە کـە تائێسـتا نەگەیشـتووەتە دابەشـــکردنی شـــەش قۆناغەکـــەی بـــەدیهێنانی گـــەردوون. هـــەموو لێکۆڵینەوەکان لـەدەوری دیـاریکردنی تەمـەنی گـەردوون دەسـوڕێنەوە لـە تەقینەوە گەورەکەوە، بەڕێگای جیاواز و بەڕای جیـاوازەوە. کۆمـەڵێك زانـا تەمەنی گەردوون بەپێی دیاردەی کشـانی گـەردوون و لادانـی ڕووەو سـوور بە١(٠ –١٨ ملیار ساڵ) دیاریدەکەن. هەندێك زانای تر بە دوو ڕێگـە ناوکیـە جیاوازەکەی هەریەکە لە زانایان (فاولار) و (هابل) تەمەنی گەردوون بە (١٣ یان ١٥ ملیار ساڵ) دیاریدەکەن، ئەمڕۆش تەمەنی زەوی بە (١٣,٧ملیار)

تـاریکی گەردوون

تیشکی خۆر کە ناڕاستەوخۆ دێت، تاکو لەسەر تەنەکانـەوە نەدرێتـەوە، ناتوانرێت ببینرێن. هەربۆیە بەهۆی بوونی گـەردەکانی هـەوا و ئـاو و تـۆز و گـەردە هەڵواسـراوەکانی هـەواوە تیشـکی خـۆر پەرشـدەبێتەوە و بـەوەش گومەزی شینی ئاسمان دەردەکەوێت، بەڵام سەرەڕای کەمبوونی زۆری ئـەو گەردانە لە بۆشایی دەرەوەی بەرگەهەوای زەویدا، لەگەڵ ئـەوەش تیشـکی خـۆر هەیـە کەچـی کەشـتییەوانەکان هـەر بـەتاریك، وەك شـەوەزەنگێکی بەردەوام، دەیبینن.

جێی سەرسوڕمانە قورئانی پیرۆز پێشینەی هەیە لە دانـانی ئاسمـان بـە شەوێکی بەردەوام تاریك، زۆر تاریـك، وەك دەفـەرموێت: ﴿ءَأَنتُمْ أَشَدُّ خَلْقًا أَمِ ٱلسَّمَآءُ بَنَىٰهَا ﴿٢٧﴾ رَفَعَ سَمْكَهَا فَسَوَّىٰهَا ﴿٢٨﴾ وَأَغْطَشَ لَيْلَهَا وَأَخْرَجَ ضُحَىٰهَا﴾ النازعات/٢٧-٢٩.

لـە میانـەی مانـای ئایەتەکـەدا (ٱلسَّمَآءُ) گوزارشـت لـە تـەواوی بۆشـایی گـەردوون دەکـات، چـونکە دەقەکـە پەیوەسـتە بـە وەسـفی قۆناغـەکانی بـەدیهێنانی گـەردوون و دروسـتبوونی کۆمەڵـەی ئەسـتێرەکان و تەنـە ئاسمانییـەکان، بـەدەربڕینی (فَسَوَّىٰهَا) لەبارەیـەوە، واتـە ڕێکخسـتن پـێش کرداری فراوانبوونی گـەردوون. (رَفَعَ سَمْكَهَا) واتـە زیـاتر چڕی و خەسـتی،

قورئان وەسفی شەوی بۆ ئاسمان داناوە، چونکە بەدڵنیاییەوە ڕاناوی (هـا) لەوشەی (لَيْلَهَا)دا بۆ (ٱلسَّمَآءُ) دەگەڕێتەوە، کەواتـە ئایەتەکـە پەیوەندی بـە شەوی بەردەوامی ئاسمانەوە هەیە کە تەواوی بۆشایی ئاسمان دەگرێتـەوە نەك شەوی زەوی کە کاتەکەی بـەر لـە هـەڵاتنی خـۆرە، شـەویش بەڵگـەی ڕەشی و تاریکییە.

ڕاڤەکارانی قورئان دەڵێن: (وَأَغْطَشَ لَيْلَهَا) واتـە شـەوەکەی زۆر ڕەش و تاریـك و ئەنگوستەچـاو کـردووە، ئەمـەش تـەنها بـە شـاردنەوەی تـۆزە گەردوونییەکانی نێوان هەسارە و ئەستێرە سەرەتاییەکان دەبێـت، بـەهۆی کێشـکردن و چـوونەوەیەکی ماددەکەیـەوە. هـەروەها (وَأَخْرَجَ ضُحَىٰهَا) واتـە تیشکی خۆری بەدیارخستووە.

جێگای سەرنجە، وێڕای ئەوەی خۆر بەردەوام هەڵاتو و بریقەدار بێت لـە بۆشایی گەردووندا، کەچی شەوێکی زۆر تاریـك لەگەردووندا باڵادەسـتە کـە وەك پۆشـاکێك سـەرجەم هەسـارە و ئەسـتێرەکانی لـە هـەموو بـەش و لاکانیەوە داپۆشیوە، بۆیە بەتەواوی وەك کۆمەڵە خاڵێکی بریقـەدار لەسـەر باکگراوندێکی ڕەشی تۆخ دەردەکەون.

پەروەردگار دەفەرموێت: ﴿وَجَعَلْنَا ٱلَّيْلَ لِبَاسًا﴾النبأ/ ١٠.

تایبەتکردنی ئەو شەوە بەردەوامە بـەوەی پۆشـاکێکە و داپۆشـینەکەی وەك سەرجەم هەسارە و ئەستێرەکانی تری گەردوون زەویـش دەگرێتـەوە، بە وشەی (لَكُم) لەو ئایەتەدا دیارە کـە خـوای گـەورە دەفـەرموێت: ﴿وَهُوَ ٱلَّذِى جَعَلَ لَكُمُ ٱلَّيْلَ لِبَاسًا﴾الفرقان/٤٧. "ئیمـام شـەوکانی" دەڵێـت: واتـە

تاریکییەکـەیتان لەبەردەکـەین و بەهۆیـەوە داتاندەپۆشـین وەك ئـەوەی پۆشاك داتاندەپۆشێت.

کەواتـە ئـەو شـەوە بـە تاریکیـە زۆرەکەیـەوە بـە بۆشـایی گەردوونـدا درێژدەبێتـەوە تـاکو هـەموو تەنـە گەردوونییـەکان دابپۆشـێت، تەنانـەت خۆریش کـە سەرچـاوەی ڕووناکییـە لـە هـەموو لاکانییـەوە دایدەپۆشـێت.

خـوای مـەزن دەفـەرموێت: ﴿وَٱلشَّمۡسِ وَضُحَىٰهَا ﴿١﴾ وَٱلۡقَمَرِ إِذَا تَلَىٰهَا ﴿٢﴾ وَٱلنَّهَارِ إِذَا جَلَّىٰهَا ﴿٣﴾ وَٱلَّيۡلِ إِذَا يَغۡشَىٰهَا﴾ الشمس/١-٤.

(يَغۡشَىٰهَا) واتـە داپۆشـین، ئـەوەی کـە فرمانەکـە بـە ڕانـەبردوو هـاتووە بەڵگەیە لەسەر بەردەوامی حاڵەتەکە کە داپۆشینە... ڕاناوەکە دەگەڕێتەوە بـۆ خـۆر، واتـە شـەوە ناسـراوەکە بـە بـەردەوامی و تاریکیەکـەی خـۆر دادەپۆشـێت. هـەروەها (وَضُحَىٰهَا) واتـە ڕووناکییەکـەی (ڕوونـاکی خـۆر). قورئـانی پـیرۆز ڕوونـاکی و تیشـکدان دەبەسـتێتەوە بە خـۆرەوە (بـەوەی سەرچاوەی ڕووناکییە)، مانگیش ڕووناکی ڕووەو زەوی پێچەوانەدەکاتەوە.

(جَلَّىٰهَا) واتـە کەشـفی کـرد و ڕوونـی کـردەوە. مەبەسـت لێـرەدا ڕوونـاکی دەرچـووە لێیـەوە کـە لـەپێش بەرگەهـەواوە نـەبینراو بـووە. بەمشـێوەیە قورئانی پیرۆز فرمانی شـاراوەی بەرگەهـەوا دەردەخـات لـە ئاشـکراکردن و دەرخستنی تیشکی خۆر کە لەپێش بەرگەهەوادا واتە لەبۆشایی دەرەوەدا، دەرکی پێ ناکرێت. لەبـەر نـەبوونی دەرخسـتن و ڕوونکردنـەوە، سـەرەڕای بڵاوبوونەوەی ڕووناکیش لە گەردووندا، کەچی تەنها تاریکی بوونی هەیە.

سەرەڕای جیاجیـایی دەقـەکانی قورئـانی پـیرۆز کـە وەسـفی دیـاردەی تاریکی بەربڵاوی بۆشایی گەردوون دەکەن، هەموویان جەخت لە وەسفێکی جێگیر دەکەنەوە، ئەویش ئەوەیە هەمیشە شەو ڕووناکی ڕۆژ دادەپۆشـێت.

خوای پەروەردگار دەفەرموێت: ﴿يُغۡشِي ٱلَّيۡلَ ٱلنَّهَارَ﴾الرعد/٣، الاعراف/٥٤. ڕاڤەکارانی قورئان دەڵێن: ماناکەی ئەوەیە خوای گەورە شەوی داناوە کە تاریکییە، ڕۆژ دادەپۆشێت، واتە شەوی وەك بەرگی ڕۆژ دروستکردووە کە بە تاریکییەکەی ڕووناکی ڕۆژ دادەپۆشێت. کرداری (يغشى) واتە داپۆشین. دەمـــی ڕانەبردووەکـــەی بەڵگەیـــە لەســـەر بەردەوامیـــەتی و بـــەهێزیش دەگـەیێنێت، بـە مانـای زۆری و زیـادەڕۆیی کـە ئـەمیش بەڵگەیـە لەسـەر داپۆشینی تەواوی بەرگەهەوا بە تاریکی شەو.

لەزیاتر ڕوونکردنەوەی وەسفی ئەم دیاردە شاراوەیەی تـاریکی بـەربڵاو لــە گەردوونــدا کــە خــۆر و ڕۆژ و ســـەرجەم ئەســـتێرە و هەســـارەکانی گرتووەتـەوە، قورئـانی پـیرۆز کـرداری (تغشية) واتـە داپۆشـین، بـەبێ تایبـەتکردنی بـۆ ڕۆژ، دەهێنێـت تـاکو داپۆشـینی شـەوەکە بـە تاریکییـە زۆرەکەیەوە سەرجەم ئەستێرە و هەسارە و تەنە گەردوونییەکان بگرێتـەوە وەك دەفەرموێت: ﴿وَٱلَّيۡلِ إِذَا يَغۡشَىٰ﴾الليل/١.

ئاژانسی بۆشایی ئەمریکی (ناسا) دەرفـەت بـە کەسانی ئاسـایی دەدات بۆ گەشتی بۆشایی ئاسمـان، تـاکو دیمـەنی پـڕ ئەفسـوناوی و سەراسـیمای ئاسمـان ببیـنن، دیمـەنی شـەوێکی بـەردەوام سـەرەڕای هـەڵاتن و بـوونی تیشـکی خـۆر... قورئـانی پیرۆزیـش دەرفـەتێکی بێبەرامبـەر بـە هـەموو مرۆڤێکـی سـەرزەوی دەدات بـۆ چـێژوەرگرتن لـەو دیمەنـە ئەفسـوناوییەی تـاریکی گـەردوون لـە چـەند سـاتێکدا و بـەبێ مەترسـی و دوودڵـی گەشـتی بۆشـایی. ئـەویش ئەوەیـە لـە ڕۆژدا و لەگـەڵ هـەڵاتنی خـۆردا چـاوەکانی لێکبنێت و دیمەنی سیحراوی تاریکی گەردوون ببینێت. لەم وەسفە جـوان و درەوشـاوەیەدا بـۆ تـاریکی گـەردوون قورئـانی پـیرۆز پێشـینەی هەیـە لـە

هەواڵی توانایی گەشتی مرۆڤ بۆ بۆشایی دەرەوە، وەك دەفەرموێت: ﴿ وَلَوْ فَتَحْنَا عَلَيْهِم بَابًا مِّنَ ٱلسَّمَآءِ فَظَلُّواْ فِيهِ يَعْرُجُونَ ﴿١٤﴾ لَقَالُوٓاْ إِنَّمَا سُكِّرَتْ أَبْصَـٰرُنَا بَلْ نَحْنُ قَوْمٌ مَّسْحُورُونَ ﴾الحجـر/١٤-١٥، واتــە: (ئــەو بێباوەڕانــە) ئەگــەر دەروازەیەکمان لە ئاسمانەوە بۆ بکردنایەتەوە تا پیایدا سەربکەون و تێپەڕ بن، ئەوە دەیانوت: بێگومان چاوبەستمان لێکراوە، یاخود ئێمە کەسانێکی جادوو لێکراوین!!

(سُكِّرَتْ أَبْصَارُنَا) واتــە چاوەکانمان داخـراوە، بـە مانـا نقـوم بـووە و داپۆشراوە، یاخود ڕێی لێگیراوە و قەدەغە کراوە لـە بینـین، ئـەو کەسـەش کە چاوەکانی لێکنابێت جگە لەتاریکی هیچی تر نابینێت.

جێی سەرسامییە قورئانی پیرۆز وەها بـاس دەکـات کـە هەسـتکردن بـە چاولێکنان و (سكرت الأبصار) لە ئاکامی تاریکی لەگەڵ بەرزبوونەوە لەسەر ڕێرەوی لولپێچی (لە کاتی ڕۆژدا) دەبێت، تاکو دڵنیایی ئەوە بدات دیمـەنی تاریکی لەسەرو بەرگەهەواوەیە. هەر لەبەرئەوەیە کرداری (ظلّوا)ی لەجیاتی (باتوا) یان (أمسوا) بەکارهێناوە، تاکو بیگەیێنێت ئـەو دیمەنـە وێنـەکراوەی قورئان پێشکەشی دەکات لـەکاتی ڕۆژدایـە، چـونکە سـێبەر تـەنها لـەڕۆژدا دەبێت.

بەر لە سەردەمی گەشتی فەزا، مرۆڤ هیچ بوونێکی لە بۆشـایی ئاسمانـدا نەبووە و شوێنی بـەردەوامی هـەر زەوی بـووە، واتـە لەسـەر ڕووی زەوی و لــەژێر پێوەنــدێکی تــەنکی بەرگەهــەوادا. بەدڵنیاییــەوە ئــەم وەســفە درەوشاوانەی قورئانی پیرۆز بۆ تـاریکی گـەردوون گـەواهین لەسـەر ئـەوەی لەلایەن خـوای بەدیهێنـەرەوە دابـەزیوە، کـە سـەرجەم نهێنییـەکانی بـوون دەزانێت.

پێچانەوەی ئاسمان و زەوی

خـــوای گـــەورە دەفـــەرموێت: ﴿ يَوۡمَ نَطۡوِي ٱلسَّمَآءَ كَطَيِّ ٱلسِّجِلِّ لِلۡكُتُبِۚ كَمَا بَدَأۡنَآ أَوَّلَ خَلۡقٖ نُّعِيدُهُۥۚ وَعۡدًا عَلَيۡنَآۚ إِنَّا كُنَّا فَٰعِلِينَ ﴾ الانبياء/١٠٤، واتە: ڕۆژێك دێت ئێمە ئاسمان دەپێچینەوە، وەکو چۆن کتێبی کراوە دادەخرێت و دەپێچرێتەوە، هەروەك چۆن لەسەرەتاوە دروستمان کرد وەك ئەوکاتەی لێدەکەینەوە، ئەوە پەیمان و بەڵێنی ئێمەیە بێگومان ئیمە ئەو کارە ئەنجام دەدەین.

ئەم ئایەتە پیرۆزە باس لە گرنگی بابەتی سەرەتای بەدیهێنان و کۆتایهاتنی دەکات و دەیدات بە گوێ و تەسەوری مرۆڤدا کە ڕووداوێکی بەبایەخە بۆ بوونی مرۆڤ و بوونی سەرجەم گەردوون. لێرەدا مەبەست لە سەرەتای دەستپێکردنی بوون، سەرەتای دەستپێکردنی گەردوونە بە هەموو ئەو شتانەی تێیدایە، ئەوانەی بەچاوی ئاسایی دەبینرێن و ئەوانەش کە تەنانەت بە بەتواناترین تەلەسکۆب و مایکرۆسکۆبەکانیش نابینرێن و دەگونجێت لە داهاتووشدا نەبینرێن، هەروەها ئەو شتانەی بە زانستی خۆمان دەیزانین و بە لۆژیك و حسابات پێی گەیشتوین و ئەوەش کە بە زانستیشمان نایزانین و نهێنییەکن لە نهێنییەکانی بوون و بەدیهێنان.

ئەوەش کە لە ئایەتە پیرۆزەکەوە تێیدەگەین ئەوەیە: ئەم گەردوونە دوورییەکانی بە زیاتر لە (٢٠ملیۆن ساڵی ڕووناکی) مەزەندە دەکرێت و

بارستاییەکەشـــی بـــە (١٠) و لەبـــەر دەمیـــدا (٥٥) ســـفر کیلـــۆگرام دەخـــەملێنرێت، لەبـــەر دەســـتی توانـــایی خـــوادا وەك پـــەڕەکانی کتێبێکـــە لەبەردەم خوێنەرەکەیدا. ئـەم لێکچونەی گـەردوون بـە پـەڕەکانی کتێبێـك لێکچونێکی گەلێك جوان و وردە و پێویستە مرۆڤ هەڵوێستەی لەسەر بکـات و بیری لێبکاتەوە.

لەئایەتە پیرۆزەکەوە چەند خاڵێکمان بۆ دەردەکەوێت:

یەکـەم: هەرچـەند گـەردوون فـراوان بێـت و ناوەڕۆکەکـەی زیادبێـت و کێشەکەی قورستر بێـت، بەڵام هـەرگیز لـە بەدیهێنەرەکـەی یـاخی نابێـت، بـەڵکو زۆر بەســادەیی و ئاســانی دەیپێچـێتەوە، هــەروەك چـۆن خـاوەن پـەرتوکێك پـەڕەکانی پەرتوکەکـە دەپیچـێتەوە. خـوای بـەتوانا و خـاوەن دەسەڵات لە ئایەتێکی تردا جەخت لەم ڕاستییە دەکاتەوە کە ئەم کارە بـۆ پـەروەردگار کـارێکی زۆر سـادە و ئاسـانە، وەك دەفـەرموێت: ﴿وَهُوَ ٱلَّذِى يَبْدَؤُا۟ ٱلْخَلْقَ ثُمَّ يُعِيدُهُۥ وَهُوَ أَهْوَنُ عَلَيْهِ ۚ وَلَهُ ٱلْمَثَلُ ٱلْأَعْلَىٰ فِى ٱلسَّمَـٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ ۚ وَهُوَ ٱلْعَزِيزُ ٱلْحَكِيمُ﴾الـروم/٢٧، واتــە: هــەر ئــەو زاتــە لــە ســەرەتاوە بەدیهێنراوەکانی بەدیهێناوە، پاشان (بەجۆرێکی تر دروسـتیان دەکاتـەوە) بێگومان ئەو کارە لە دروستکردنی سەرەتا لای ئاسانترە، نموونـەی بـەرز و وەسفی بڵند هەر شایستەی ئەو زاتەیە، لە ئاسمانەکان و زەویدا، بەڕاسـتی زاتێکی زۆر بەدەسەڵات و دانایە.

دووەم: ئایەتەکـە گـەردوون بـە پـەڕەی ئاسـۆیی تـەخت دەچـوێنێت، دەگونجێت بەڕاستیش گەردوون تەخت بێت وەك دۆخێك لەنێوان گەردوونی داخراو و کراوەدا، ئەمەش کاتێك چڕیی گەردوون یەکسان دەبێت بـە چڕیی

مۆلەقە (زۆرێك لـە زانايـانی گـەردوون ئـەم بۆچـوونە پەسـەند دەكـەن)... بەهۆی زۆر گەورەیی و فراوانی قەبارەی گەردوونـەوە (بـەگوێرەی ئێمـەوە) وەك ڕووتەختێك وەهایە (ئەگـەر لەڕاسـتیدا بـەوجۆرەش نـەبێت)، هـەروەك چـۆن لـە سـەرەتادا زەوی بـە ڕوویـەكی ئاسـۆیی تـەخت دادەنـرا لەلایـەن دانیشتوانەوە، تـاكو ئـەوە دۆزرایـەوە كـە زەوی گۆییـە. بۆیـە لێكچـواندنی زەوی بـە پـەڕەكانی تۆمارێـك نزیكـە لەواقیعـەوە بـەوەی ئێمـەی مـرۆڤ لـە هـەموو لایەكیـەوە گـەردوون بەڕوویـەكی تـەخت دەبیـنین، هـەتاكو وادێتـە بیرمـــان لەڕاســـتیدا گـــەردوون شـــێوەكەی تەختـــە (زۆر دەگونجێـــت بەوشێوەیەش بێت) لە شێوەی تەختیی پەڕەكانی پەرتوكێكدا .

سێیەم: ئایەتەكە بیری مرۆڤ بەرەو كشانی گەردوون پاشان هاتنەوەیەك و دارِمـانی دەبـات. وێكچـواندنی پێچـانەوەی گـەردوون بـە پێچـانەوەی پـەڕەكانی پـەرتوكێك وێكچـواندنێكی ئێجگـار جـوان و بـەرزترە لـە هـەر وەسفێك كە بۆ ئەو حاڵەتە بكرێت. بەشێوەیەك تـەنها دەبێـت ئـەم وەسـفە لەلایـەن خوایـەكی كاربـەجێ و دانـاوە دەرچـووبێت كـە بەدیهێنـەری ئـەم گەردوونەیە.

دوای كشـان و فراوانبـوونی گـەردوون تـا ئـەم حاڵەتـەی ئێسـتای (یان ئـەوەی لـە داهـاتوودا پێیـدەگات) خـوای بەدیهێنـەری ئـەم گەردوونـە (بـە هـــەموو ئـــەوەی تێیدایـــە) دەیپێچـــێتەوە و دوای ئـــەو زۆر فراوانبـــوون و گەورەبوونە دەیگێڕێتەوە بۆ دۆخی سـەرەتای بـەدیهێنانی، بەتـەواوی وەك ئەوەی ئێستا فیلمێكی پێچـەوانە بـۆ كشـانی گـەردوون ببینیـت، دەبینیـت ئەســـتێرەكان لـــە لێكنزیكبوونەوەیـــەكی یەكبینـــەدان و گەلەســـتێرەكان دێنەوەیەك و قەبارەیان بچووك دەبێتەوە.

بەگشتی گەردوون دەیەوێت بەرەو باری سەرەتای بگەڕێتەوە. پاشان ئایەتەکە دڵنیایی ئەوە دەدات کە بەمشێوەیە گەردوون دەستیپێکرد و بەمشێوەیەش کۆتایی دێت بۆ ئەو وێنەیەی لە سەرەتاوە هەیبووە.

﴿كَمَا بَدَأْنَآ أَوَّلَ خَلْقٍ نُّعِيدُهُۥ ۚ وَعْدًا عَلَيْنَآ ۚ إِنَّا كُنَّا فَٰعِلِينَ﴾.

ئەمە بڕیارێکی بەدیهێنەرە پێش دروستبوونی گەردوون، ڕۆژێك لە ڕۆژان گەردوون دەگێڕێتەوە بۆ شێوەی سەرەتای، بۆ خاڵێك کە چڕی و پلەی گەرمیەکی ناکۆتای هەیە یان بۆ شێوەیەکی تر کە تەنها لەزانستی خواییدا هەیە.

کرداری کشانی گەردوون و داڕمانی لەسەر خۆی، ئەو داڕمانە زۆر مەزنەی دەیگێڕێتەوە خاڵی سەرەتای بەدیهێنان، نزیکترین ڕاڤەیە زانست لەئێستادا دەتوانێت پێشکەشی بکات سەبارەت بە پێچانەوەی گەردوون یان پێچانەوەی ئاسمان وەك شێوەی سەرەتای بەدیهێنان.

لێرەدا چەند خاڵێك هەن پێویستە لەبەر چاو بگیرێن:

١. دەستەواژەی زانستی یان مرۆیی بۆ کرداری کشان و فراوانبوونی گەردوون کە داڕمانێکی زۆر گەورە بەدوایدا دێت، پێچەوانەکەرەوەی ئەو وێنانەن کە مرۆڤ دەیبینێت یان وێنای دەکات بۆ ئەم ڕووداوەی لە هێز و توندی و مەزنیدا لەسەرو وزە و توانایەوەیەتی، بەڵکو لەسەرو خەیاڵی مرۆڤیشەوەیە بۆ وەسفی کۆتایی گەردوون و ئەوەی تێیدایە (مرۆڤ وەك بەدیهێنراوێك لەسەر ئەم هەسارەیە، هەسارەی زەوی کە یەکێکە لە هەسارە پاشکۆکانی خۆر و خۆریش یەکێکە لەو چەندین بلیۆن ئەستێرەیەی گەلەستێرە پێکدێنن و بلیۆنەها گەلەستێرەش گەردوون پێکدێنن).

لەلایەکی دیکەوە لە دەستەواژە قورئانییەکەدا بۆ پێچانەوەی ئاسمان یان گەردوون هێمنیەك دەبینین، ئەمەش توانا و دەسەڵاتی خوای بەدیهێنەری مەزن دەنوێنێت کە ئەم وتەیەی فەرمووە، کۆتاییهێنان بەهەموو گەردوون بەلای بەدیهێنەرەوە کارێکی زۆر سانایە و ئاسانترە لەوەی ئێمە هەموو ڕۆژێك ئەنجامی دەدەین، ئەویش پێچانەوەی چەند پەڕەی پەرتوکێکە، واتە پێچانەوەی گەردوون هیچ قورسییەکی تێدا نییە بۆ خوای بەدیهێنەر، هەروەك چۆن پێچانەوەی پەڕەکانی پەرتوكێك بۆ ئێمەی مرۆڤ کارێکی گرا نییە.

٢. ئەگەر کۆتاییهاتنی گەردوون بەپێی ڕاڤە زانستییەکە بە کشان و پاشان هاتنەوەیەك و داڕمانی، یارمەتیمان بدات لە تێگەیشتنی ئایەتە پیرۆزەکە و لەڕاڤەی پێچانەوەی ئاسماندا و گێڕانەوەی گەردوون بۆ شێوازی سەرەتای بەدیهێنان، ئەوا زیاد لەوە وردەکاری تری تێدا دەبینرێت، چونکە ئەمە تاکە ڕاڤە نابێت بۆ ئایەتەکە و پێچانەوەی خوایی بۆ گەردوون دەگونجێت بەشێوەی کشان و داڕمان بێت و دەشگونجێت بەهەر شێوەیەکی تر بێت کە لە داهاتوودا بیزانین یاخود هەر نەیزانین.

بەهەمان شێوە ئەو کاتەی کرداری پێچانەوەکە دەیخایەنێت هەمان ئەو کاتە بێت کە کرداری کشان و داڕمانەکە خایاندوویەتی و هەمان ئەو کاتە بێت کە کرداری فراوانبوون و کشان خایاندوویەتی، واتە دەوروبەری (١٥ملیۆن ساڵ)، دەگونجێت لەو کاتەش زیاتر یان کورتتر یاخود لە چاوتروکاندنێکدا ڕووبدات.

خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَنُفِخَ فِي ٱلصُّورِ فَصَعِقَ مَن فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَمَن فِي ٱلۡأَرۡضِ إِلَّا مَن شَآءَ ٱللَّهُۖ ثُمَّ نُفِخَ فِيهِ أُخۡرَىٰ فَإِذَا هُمۡ قِيَامٞ يَنظُرُونَ﴾

الزمر/٦٨، واتە: (ڕۆژێك دێت ئیتر بڕیاری خوایی دەبێت ئەنجام بدرێت، بەكۆتاییهێنان بە ژیانی دونیا و بەرپاكردنی ڕۆژی قیامەت) ئیتر فوو دەكرێت بە (صور)دا و هەركەس لە ئاسمانەكان و زەویدا مابێت دەستبەجێ دەمرێت، مەگەر كەسێك خوا ویستی نەبێت، لەوەودوا فوویەكی تری پێدا دەكرێتەوە (هەر هەموو خەڵكی) هەستاونەتە سەرپێ و چاو دەگێڕن (بە سەرسامییەوە) تەماشای یەكتر و دەوروبەر دەكەن.

بۆیە گەردوون (دەكرێت ناوبنرێت بۆشایی و كات) دوو بەدیهێنراون لە بەدیهێنراوەكانی خوا و هیچیان سەرپێچی ناكەن لە بەجێهێنانی مەراسیمی گوێڕایەڵی و وەلائی تەواو بۆ بەدیهێنەرەكەیان، ئەو خوایەی ئاسمانەكانی بەدیهێناوە و بەتوانایە لە گێڕانەوەی بەدیهێنانەكەیان یان بەدیهێنانی نموونەی ئەوانە بەهەمان شێواز یان شێوازێكی جیاواز، لەهەمانكاتدا یان لەهەر كاتێكی تردا.

خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿أَوَلَيْسَ ٱلَّذِى خَلَقَ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضَ بِقَٰدِرٍ عَلَىٰٓ أَن يَخْلُقَ مِثْلَهُم ۚ بَلَىٰ وَهُوَ ٱلْخَلَّٰقُ ٱلْعَلِيمُ﴾يس/٨١، واتە: ئایا ئەو كەسەی ئاسمانەكان و زەوی دروستكردووە ناتوانێت دووبارە دروستیان بكاتەوە؟! بەڵێ (زۆرچاك) دەتوانێت و ئەو لە دروستكردن و داهێناندا زۆر بەتوانا و زانایە.

هەسارەکانی کۆمەڵەی خۆر پێشبینی دەکرێت (١١) بن نەك (٩)

خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿إِذْ قَالَ يُوسُفُ لِأَبِيهِ يَا أَبَتِ إِنِّي رَأَيْتُ أَحَدَ عَشَرَ كَوْكَبًا وَالشَّمْسَ وَالْقَمَرَ رَأَيْتُهُمْ لِي سَاجِدِينَ﴾يوسف/٤، واتە: کاتێك یوسف بە باوکی وت: باوکی بەڕێزم! من لە خەومدا یازدە هەسارە و خۆر و مانگم بینی کڕنوشیان بۆ دەبردم.

تائێستا زانایان نۆ هەسارە لە هەسارەکانی کۆمەڵەی خۆریان دۆزیوەتەوە (ئەگەرچی ڕا وەهاش هەیە کە هەشتن) ، پێدەچێت لە داهاتووشدا دوو (یان سێ) هەسارەی تر، وەك سەلماندنی خەوەکەی یوسف، بدۆزنەوە.

لە ڕۆژانی دابەزینی قورئاندا پێنج هەسارە ناسرابوون. دوای داهێنانی بنکەکانی تێڕوانینی گەردوونی ژمارەی هەسارەکان گەیشتنە نۆ هەسارە. هاوسەنگی گەردوونی لە کەماڵدایە، هەربۆیە بەر لە دۆزینەوەیان پێشبینی هەبوونی هەریەکە لە هەسارەکانی نیبتۆن و بلۆتۆ کرابوون، واتە لە ڕێگای ئەژمارکردنە گەردوونییەکانەوە سەرەتا دۆزرانەوە و لە پاشانیش بەهۆی تێڕوانینەوە، بینران و ئاشکراکران.

شـايانی ئاماژەپێدانـە ئـەژمارکردنی کۆمپیوتـەری گـەردوونزانی نوێـوە بـوونی هەسـارەیەکی لــە دوای پلۆتــۆوە دۆزیوەتــەوە کــە تــا هەنووکــە نـەبینراوە، ئـەو هەسـارەیە نـاونراوە (بروسـوبینا) و دەورووبـەری (١٠ملیـار کیلۆمەتر) لەخۆرەوە دوورە.

هەروەها زانایان پێشبینی بوونی هەسارەیەکی تریشیان لەنێوان خـۆر و عـەتاردا کـردووە و ناویاننـاوە (فولکـانو) کـە ئـەویش تائێسـتا نـەبینراوە. ئەگـەر بـوونی ئـەم دوو هەسـارەیەش بەتـەواوی سـەلمێنرا، ئـەوا ژمـارەی هەسارەکانی کۆمەڵەی خۆر دەبێتە (١١) نەك (٩).

خۆرو مانگ بە حسابی ورد دروستکراون

خوای گەورە دەفـەرموێت: ﴿ٱلشَّمۡسُ وَٱلۡقَمَرُ بِحُسۡبَانٖ﴾الـرحمن/٥، واتـە: خـــۆر و مانگیشـــی بـــە حســـابێکی ورد دروســـتکردوون و داینـــاون لەخولگەکانیاندا و لە سوڕانەوەدان.

ئەم ئایەتە ئاماژە بە ساڵی خۆری و سـاڵی مـانگی نـادات، وەك هەنـدێك کەس گومان دەبەن، بەڵکو ئیعجازێکی گەورە ڕاڤە دەکات کە زانستی نـویێ ئاشکرایکرد، ئەویش ئەوەیە خۆر و مـانگ لـەڕووەکانی گـەرمی و قـەبارە و دوورییەوە سیستمێکی ورد و حساب بۆکراویان هەیە.

گـەر خـۆر کـەمێك گـەورەتر بێـت یـان نزیکتربـووەوە لـە زەوی ئـەوا گڕدەگرین. خۆئەگەر کەمێك بچـوکبووەوە یـاخود لـە زەوی دوورکەوتـەوە، ئەوکاتە دەیبەستین. بەهەمان شێوە مانگیش گەر کەمێك گـەورەتربوو یـان نزیکبـووەوە، بـەهۆی هەڵکشـانی دەریـاوە نقـومی ئـاو دەبـین، خۆئەگـەر کەمێك بچوك بێتەوە یاخود لە زەوی دوورتر بکەوێتەوە، دەریاکان نامێنن.

حەوت ئاسمانی چین چین

خـوای پـەروەردگار دەفـەرموێت: ﴿تَبَـٰرَكَ ٱلَّذِى بِيَدِهِ ٱلْمُلْكُ وَهُوَ عَلَىٰ كُلِّ شَىْءٍ قَدِيرٌ ﴿١﴾ ٱلَّذِى خَلَقَ ٱلْمَوْتَ وَٱلْحَيَوٰةَ لِيَبْلُوَكُمْ أَيُّكُمْ أَحْسَنُ عَمَلًا ۚ وَهُوَ ٱلْعَزِيزُ ٱلْغَفُورُ ﴿٢﴾ ٱلَّذِى خَلَقَ سَبْعَ سَمَـٰوَٰتٍ طِبَاقًا ۖ مَّا تَرَىٰ فِى خَلْقِ ٱلرَّحْمَـٰنِ مِن تَفَـٰوُتٍ ۖ فَٱرْجِعِ ٱلْبَصَرَ هَلْ تَرَىٰ مِن فُطُورٍ ﴿٣﴾ ثُمَّ ٱرْجِعِ ٱلْبَصَرَ كَرَّتَيْنِ يَنقَلِبْ إِلَيْكَ ٱلْبَصَرُ خَاسِئًا وَهُوَ حَسِيرٌ﴾ الملك/١-٤.

ئێمە لێرەدا لەسەر ئەو بەشەی ئایەتەکە دەوەستین کە دەفـەرموێت: ﴿ٱلَّذِى خَلَقَ سَبْعَ سَمَـٰوَٰتٍ طِبَاقًا﴾ واتە: ئەو زاتـە ئاسمانـەکانی بەحـەوت چـین دروستکردووە.

زانایانی گەردوون دەڵێن: چینی یەکەم چینی هەوای ژێرەوەیە کـە مـرۆڤ و زیندەوەرانی تێدا دەژی، لـە باڵنـدە و ئـاژەڵان و درەخـت و ڕووەکـەکان. ئەم چینەش دیسانەوە لە چەند چینێکی تر پێکهاتووە، لـە دۆخێکـەوە بـۆ دۆخێکـی تـر و لـە جێگایەکـەوە بـۆ جێگایـەکی تـر دەگۆڕێـت، لـە دۆخـی گەرمییەوە بۆ دۆخی سارد و بۆ دۆخی هەورەکان، بۆ حاڵەتی باران، زریان، ئەو پەستان بەرزیی و نزمییانەی کەش کە لە جێگایەکەوە بۆ جێگایەکی تر دەگوێزرێنـــەوە و هـــەر ئـــەو گواســـتنەوەیەش بنـــەمای پێشـــبینییەکانی ئاووهەوایە.

چینی دووەم چینی گەردە گازییە کبریتییەکانە، ئەم گەردانە کرداری داباریینی باران ئاسان دەکەن، گەر ئەم چینە نەبوایە باران نەدەباری و ژیانیش لەسەر ڕووی زەوی نەدەبوو.

لەم چینەی دووەمدا چینی ئۆزۆن هەیە کە بریتییە لە بەرگێك و لە ئۆکسجینی سیانی پێکدێت و تیشکی سەرووەنەوشەیی کوشندە دەمژێت. لە تیشکی هاتوو لە خۆرەوە تیشکی سەرووەنەوشەیی هەیە چینی ئۆزۆن دەیمژێت و ڕێی پێنادات تێپەڕبێت تەنها بەبڕێکی زۆرکەم نەبێت. جێی باسە ئەو بڕە کەمەی تیشکی سەرووەنەوشەیی کە چینی ئۆزۆن ڕێ بەتێپەڕبوونی دەدات هەندێك لە میکرۆبی زیانبەخشی زیندەوەران دەکوژێت، بۆیە بەرکەوتن بە تیشکی خۆر بەسوودە و پاکژکەرەوەیە.

چینی سێیەم وێکچوی کورەیەکی ئەتۆمی کڵپەسەندووە. گەر ئەم چینەش نەبێت بەردە گەردوونییەکان و هەسارۆکە بەربووەوەکان هەموو شتێکی سەرزەوی خاپور و وێران دەکەن، بەڵام ئەم چینە هەموو شتێك دەتوێنێتەوە لە نەیزەك و کانزا و هەسارۆکە و بەردەکان. دواجار بەهۆی هێزی کێشکردنی زەوییەوە دەگەنە زەوی (دوای سوتانیان لەو چینەدا)، بەڵام دوای ئەوەی بوونەتە وردە تەپوتۆزی ئەوتۆ تەنها بە وردبین دەبینرێن.

چینی چوارەمی چینەکانی بەرگەهەوا چینی (ئایۆنۆسفێر)ـە واتە چینی ئایۆنکار. ئەم چینە ئایۆنکارە بەرکەوتەی تیشکی خۆر دەبێت بە تیشکی سەرووەنەوشەیشەوە کە کاردەکاتە سەر تێکشکاندنی گەردیلەکانی گازی ئۆکسجین و نایترۆجین، بەوەش یەکێك لە ئەلیکترۆنەکان وندەکات و دەبێتە ئایۆن، واتە بارگاوی دەبێت. ئەو گەردیلانە پێیاندەوترێت ئایۆنی بارگاوی.

ئـەم ئایۆنانـە کـاری ملیۆنـان ئاوێنـەی کـەش دەکـەن، هەڵدەسـتن بـە پێچەوانەکردنەوە (دانەوە)ی شەپۆلە بێتەڵـەکان لـە زەوییـەوە و بـەدەوری زەویدا پەخشی دەکەن. هەر ئـەم ڕێگەیـەش بـەکاردێت بـۆ نـاردنی پەیامـە بێتەلەکان لە کیشوەرێکەوە بۆ کیشوەرێکی تر، هەروەها بە هەموو جیهـان و بە هەموو ئاڕاستەکاندا.

چینی پێنجەم لە هەزار کیلۆمەترەوە درێژدەبێتەوە تاکو شەست و پێنج هەزار کیلۆمەتر. لەم چینەدا بەپلەبەندی هەوای تێدا کـەم دەبێتـەوە، تـاکو ئیتر نامێنێت. ئەستوری چـینی هـەوای دەوری زەوی زیـاترە لـە (٦٥هـەزار کیلۆمەتر) و زیاتر.

بەرگەهـەوا بەربەسـتێکی ڕاسـتەقینەیە، لـە ڕاسـتیدا چڕییەکەی کەمـە، بەلاّم زۆر ئەستورە، تیشك ڕادەگرێت و شوهبەکان دەسوتێنێت. ژیانمان لە مەترسی دەپارێزێت، چونکە جگە لـە سوودبەخشـەکان ڕێ بـە تێپـەڕبوونی هیچ شتێکی زیانبەخش بەنێویدا نادات.

ئەمەی باسکرا یەکێکە لە لێکدانەوەکانی حەوت چینەکەی ئاسمان...

ڕێنمویی بەهۆی ئەستێرەکانەوەیە نەك هەسارەکان

لەوکاتـەدا کـە زانسـتی ئـەزمونکاری جیـایی ناکـات لـەنێوان ڕوونـاکی و نـووردا، قورئـانی پـیرۆز وەسـفی خـۆر دەکـات بـەوەی ڕووناکیبەخشـە و مـانگیش نووربەخشـە. پـەروەردگار دەفـەرموێت: ﴿هُوَ ٱلَّذِى جَعَلَ ٱلشَّمْسَ ضِيَآءً وَٱلْقَمَرَ نُورًا﴾یونس/٥.

ڕووناکی (ضوء) ڕاستەوخۆ لەو تەنەوە دەردەچێت کە خـۆی ڕوونـاکیی دروسـتدەکات، کاتێـك ئـەو ڕووناکییـەش دەکەوێتـە سـەر تـەنێکی تاریـك نوورەکەی دەداتەوە.

پەروەردگار دەفەرموێت: ﴿وَعَلَـٰمَـٰتٍۚ وَبِٱلنَّجْمِ هُمْ يَهْتَدُونَ﴾النحـل/١٦، واتـــە: و نیشـــانەی زۆر و زەبەنـــدی لـــە زەویـــدا دابینکـــردووە و بـــەهۆی ئەستێرەکانەوە خەڵکی ڕێی خۆیان دەرببەن.

یـــان دەفـــەرموێت: ﴿وَهُوَ ٱلَّذِى جَعَلَ لَكُمُ ٱلنُّجُومَ لِتَهْتَدُواْ بِهَا فِى ظُلُمَـٰتِ ٱلْبَرِّ وَٱلْبَحْرِ﴾الانعام/٩٧، واتە: هەر ئەو زاتە، ئەستێرەی بۆ فەراهەم هێنـاون تـا ببێتـە هـۆی ڕێنمویتـان لـەناو تاریکییـەکانی سـەر ڕووکـاری وشـکانی و دەریاکاندا.

قورئانی پیرۆز ئاماژەی بەوە داوە کە ڕێنموییی لە تاریکییەکانـدا بـەهۆی ئەستێرەکانەوەیە نەك هەسارەکان، لەگەڵ ئەوەشدا هەسارەکانیش نـوور و ڕۆشناییان وەك ئەستێرەکان دەگاتە زەوی.

زانســـتی نـویێ ســـەلماندوویەتی ئەســـتێرەکان سەرچـاوەی ڕووناکی بنەڕەتین لە ئاسماندا، چونکە ئەوانە تەنی ئاسمانی کڵپەسەندوون و پلـەی گەرمییان دەگاتـە ملیۆنـان پلـەی سـەدی، لەبەرئـەوە ڕووناکی لـە خـودی خۆیەوە بەرهەم دێنێت و بەرەو دەرەوە دەریدەکات و بەوەش گۆی زەوی ڕووناك دەکاتەوە.

بـەلاّم ڕۆشـنایی (ڕوونـاکی) هەسـارەکان بنـەڕەتی نـین، بـەڵکو نـوور و ڕۆشنایی لە ئەستێرەکانەوە وەردەگرن و بەرەو زەوی دەیدەنەوە، ئەوەش لەبەرئەوەی هەسارەکان تەنی ئاسمـانی ساردن و ئاگریـان لـەنێودا نییـە و ناتوانن لە خودی خۆیانەوە ڕووناکی پەخش بکەن.

لێرەدا تێبـینی دەکرێت کـە قورئـانی پـیرۆز هەسـارەکانی ناونـەبردووە بەوەی هۆکاری ڕێنمونی بن لە تاریکییەکاندا، بەڵکو تایبەتی کردووە تـەنها بـە ئەسـتێرەکانەوە، ئـەوەش لای مـرۆڤ بـەر لـە ١٤سـەدە بەدڵنیاییـەوە نەزانرابوو.

کۆتایی مانگ لە ڕۆژی دواییدا

پــەروەردگار دەفــەرموێت: ﴿فَإِذَا بَرِقَ ٱلۡبَصَرُ ٧ وَخَسَفَ ٱلۡقَمَرُ ٨ وَجُمِعَ ٱلشَّمۡسُ وَٱلۡقَمَرُ﴾القیامـة/٧-٩، واتــە: کاتێـك دێـت، چـاو ئەبڵـەق دەبێـت، مـانگیش دەگیرێت و تاریك دەبێت، خۆر و مانگ کۆدەکرێنەوە.

لەبەرئەوەی خـۆر بـە بـەردەوامی بارسـتاییەکەی کەمـدەکات، هەربۆیـە دەبێت زەویش بەشێك لە بارستاییەکەی ون بکات لەپێناو مانەوەی دووریی نێوانیانـدا بـەجێگیری، لەبەرئـەوە زەویـش ملیۆنـان تـۆن لـە گـاز و تـۆز وندەکات.

بــەوەی زەوی بــە بــەردەوامی بارســتاییەکەی کــەم دەکــات بــۆ پارێزگاریکردن لە دووریی جێگیری لەگەڵ خۆردا، هەربۆیە دەبێت مـانگیش بۆ پاراستنی دووریی نێوان خۆی و زەوی بارستاییەکەی کـەم بکـات، بـەڵام ئەمە ڕوونادات، مانای ئەمەش وایە دووریـی نێـوان زەوی و مـانگ جـێگیر و چەسـپاو نابێــت، بــە دروســتی هــەر ئــەوەش ڕوودەدات. توێژینــەوە گەردوونییەکان سەلماندویانە مانگ بەردەوام لە زەوی دووردەکەوێتەوە.

زانایان ڕاڤـەی هۆکارەکـانی ئـەم دیاردەیـەیان کـردووە بـەوەی خێرایـی سوڕانەوەی بەدەوری تەوەرەکەیدا بە پلەبەندی کەمـدەکات بـەهۆی (بـا) و کـرداری هەڵکشــان و داکشــان، ئــەوەش دەبێتــەهۆی زیـادبوونێکی زۆر

لـەخێرایی سـوڕانەوەی مـانگ بـەدەوری تەوەرەکەیـدا و ئـەو زیـادبوونی خێراییەش هۆکاری دوورکەوتنەوەیەتی لە زەوی.

زانایـانی فەلـەك دەڵـێن: مـانگ کـە دووریـی (٣٨٥هـەزار کیلۆمـەتر) لـە زەوییـەوە دوورە، هـەموو سـاڵێك (٣ سـانتیمەتر) بـە بـەردەوامی دوورتـر دەکەوێتەوە.

ئـەم دوورکەوتنـەوە بەردەوامـە لـە داهاتوویـەکی دووردا مـانگ دەخاتـە بواری کێشکردنی خۆرەوە، لە دواییشدا ئەوە دەبێتەهۆی تەقینەوەی مانگ لەسەر ڕووی خـۆر. ئـەم زانیارییـە زانسـتییە بەتـەواوی لەگـەڵ ئایەتەکـەدا دێتەوە کە دەفەرموێت: ﴿وَجُمِعَ ٱلشَّمۡسُ وَٱلۡقَمَرُ﴾القيامة/٩.

لە ئایەتی ﴿وَخَسَفَ ٱلۡقَمَرُ﴾یشدا، (خسف) بە مانـای ونبـوون دێـت، واتـە نەمانی ڕووناکی. تێبینی دەکەین ﴿وَخَسَفَ ٱلۡقَمَرُ﴾ پێش ﴿وَجُمِعَ ٱلشَّمۡسُ وَٱلۡقَمَرُ﴾ دێت لە ئایەتە پیرۆزەکەدا، واتە ونبوونی ڕۆشنایی مانگ پێش کۆبوونەوەی لەگەڵ خۆردا ڕوودەدات.

ئەمەش یەکێکی ترە لە ئیعجازە گەردوونییەکانی قورئانی پیرۆز. زانایان دەڵێن: لەکاتی دوورکەوتنەوەی لە زەوی، مانگ بە پلەبەندی ڕووناکیدانەوە لە ڕووەکەیەوە کەمدەکات تاکو بەتەواوی دیارنامێنێت و وندەبێت، ئەوەش مانای (خسوف القمر) دەگەیەنێت.

مردنی ئەستێرە

زاراوەی ئەستێرە بە تەنێکی گەردوونی پرشنگداری گۆیی دەوترێت کە بەردەوام کارلێکی ناوکەیەکبوونی تێدا ڕوودەدات، ئەویش بە یەکگرتنی ئەتۆمە سوکەکانی گازی هایدرۆجین، کە ئەم گازە پێکهاتەی ئەستێرەکانە. لە ئەنجامی ئەم کارلێکەدا گەرمی و ڕووناکی و تیشکەکانی تر پەیدادەبن و هایدرۆجینیش بۆ هیلیۆم دەگۆڕێت.

بۆنموونە خۆر پلەی گەرمی چەقەکەی (١٥ملیۆن پلەی سەدی)یە. زانایان پێیان وایە خۆرەکەی خۆمان بڕێکی زۆر هایدرۆجینی هەیە. هەروەها خۆر لە هەر چرکەیەکدا (٦١٦ملیۆن تۆن) هایدرۆجین دەکات بە (٦١٢ملیۆن تۆن) هیلیۆم، بەمەش (٤ملیۆن تۆن) کەمدەکات کە دەبێتە وزە بەشێوەی گەرمی و ڕووناکی و تیشکەکانی تر.

بەم شێوەیە بڕی (٥٣,٢٢٢,٤٠٠,٠٠٠,٠٠٠ تۆن) هایدرۆجین سوتەمەنی ڕۆژێکی خۆرە، هەروەها لە هەر مەترێکی چوارگۆشەی خۆردا نزیکەی (٦٤ملیۆن وات) وزە دەنێرێتە دەرەوە. کەواتە خۆر بەردەوام لە کەمبووندایە و ڕۆژێك دێت دەکوژێتەوە و دەبێتە تەنێکی ئاسمانی وەك کونی ڕەش یان نیوترۆنە ئەستێرە، یان گرگنی سپی.

ئەستێرە بە قۆناغەکانی ژیانی خۆیدا تێپەڕدەبێت، لە سەرەتای دروستبوونیەوە لە تەمگەلەوە، پاشان لەوپەڕی گەنجیدا کە کارلێکەکانی


بەردەوامە و بڕێکـی زۆر هایـدروجینی هەیـە و لـە کۆتاییشـدا پـاش نـەمانی هایدرۆجینەکەی و گۆڕانی بۆ تەنێکی ئاسمانی تر کـە سـیفەتی ئەسـتێرەی تێدا نییە. ئەستێرەکان لـەم قۆناغـەدا دەگـۆڕێن بـۆ زەبـەلاحی سـوور یـان نیوترۆنە ئەستێرە یان گـرگنی سـپی یـاخود کـونی ڕەش... خـوای گـەورە دەفـــەرموێت: ﴿إِذَا ٱلشَّمۡسُ كُوِّرَتۡ ۝١ وَإِذَا ٱلنُّجُومُ ٱنكَدَرَتۡ﴾التکـــویر/١-٢، دیارە کوژانەوەی خۆر واتای نەمانی کـارلێکی ناوکـە یەکبوونەکانیـەتی کـە ئەوکاتـە هـیچ ڕووناکییـەك نـادات، هـەروەها پـەروەردگار دەفـەرموێت: ﴿وَٱلنَّجۡمِ إِذَا هَوَىٰ﴾النجم/١، واتە: سوێند بە ئەستێرە کاتێك دەمرێت.

خۆر گەورەتره له مانگ

خـوای گـەوره دەفـەرموێت: ﴿ وَكَذَٰلِكَ نُرِيٓ إِبۡرَٰهِيمَ مَلَكُوتَ ٱلسَّمَٰوَٰتِ
وَٱلۡأَرۡضِ وَلِيَكُونَ مِنَ ٱلۡمُوقِنِينَ ﴿٧٥﴾ فَلَمَّا جَنَّ عَلَيۡهِ ٱلَّيۡلُ رَءَا كَوۡكَبٗاۖ قَالَ هَٰذَا رَبِّيۖ
فَلَمَّآ أَفَلَ قَالَ لَآ أُحِبُّ ٱلۡأٓفِلِينَ ﴿٧٦﴾ فَلَمَّا رَءَا ٱلۡقَمَرَ بَازِغٗا قَالَ هَٰذَا رَبِّيۖ فَلَمَّآ
أَفَلَ قَالَ لَئِن لَّمۡ يَهۡدِنِي رَبِّي لَأَكُونَنَّ مِنَ ٱلۡقَوۡمِ ٱلضَّآلِّينَ ﴿٧٧﴾ فَلَمَّا رَءَا ٱلشَّمۡسَ
بَازِغَةٗ قَالَ هَٰذَا رَبِّي هَٰذَآ أَكۡبَرُۖ فَلَمَّآ أَفَلَتۡ قَالَ يَٰقَوۡمِ إِنِّي بَرِيٓءٞ مِّمَّا تُشۡرِكُونَ
﴿٧٨﴾ إِنِّي وَجَّهۡتُ وَجۡهِيَ لِلَّذِي فَطَرَ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضَ حَنِيفٗاۖ وَمَآ أَنَا۠
مِنَ ٱلۡمُشۡرِكِينَ ﴾الأنعـام/٧٥-٧٩، واتـە: بـەو شـێوەیەش دەسـەڵاتی تۆکمەمان لـە ئاسمانـەکان و زەویـدا نیشـانی ئیـبراهیم دەدەیـن بۆئـەوەی بەڵگە بەدەست بێت و لەڕیزی دڵنیاکاندا بێت، ئینجا کاتێك شەو باڵی کێشا بەسەر ئیبراهیمدا ئەستێرەیەکی (گەشی گەورەی) بینی، بۆیە وتی: ئاگادار بن وادابنێین ئەمەیان پەروەردگارمە، کاتێك ئەستێرەکەی لێ ئـاوابوو وتـی: من شتی لەبەرچاو ونبـووم خۆشـناوێت و ناپپەرستم. ئینجـا کاتێـك مـانگی بینی هەڵهات، وتی: ئاگادار بن، وادابنـێین ئەمـەیان پەروەردگارمـە، کاتێـك ئەویش ئاوابوو وتی: سوێند بەخوا ئەگەر پەروەردگارم هیدایەتی نەدامایـە، ئەوە بێگومان لەڕیزی دەسـتەی گومڕاکانـدا دەبـووم. ئینجـا کاتێـك خـۆری بینی هەڵهات، وتی: ئاگـادار بـن، وادابنـێین ئەمـەیان پەروەردگارمـە، ئەمـە

گەورەتریشە کاتێك ئـەویش ئـاوابوو وتـی : ئـەی خەڵکینـە، ئـەی خزمینـە، بەڕاستی من بەریم لـەو شـتانەی ئێـوە کردوتانـە بـە هـاوەڵ و هاوبـەش بـۆ (پـەروەردگار). بەڕاستی من ڕووی خۆم و دڵم لـە پـەرستندا کردووەتـە ئـەو زاتەی ئاسمانەکان و زەوی فەراهەمهێناوە، لەکاتێکدا ڕووم لە هیچ شـتێکی تـر ناکـەم، بـە دڵئـارامی تـەواویشـەوە (دەڵـێم کـە): هـەرگیز مـن لـەڕیزی هاوەڵگیراندا نیم بۆ پـەروەردگار.

ئیبراهیم پێغەمبەر (سەلامی خوای لیبێت) چاو بەئاسماندا دەگێڕێت بەو نیازەی بەدیهێنەری بدۆزێتـەوە کـە گـەورەترە لـە هـەموو شتێك. بۆیـە لـە



تێڕاماندا بە پلەبەندی لە بچوکەوە تا پایەبەرزەکان دەچێت، بـە هەسـارەی ڕۆشـن دەستپێدەکات کـە بەبچوکی دەیبینێـت و پاشـان ئـاوڕ بـۆ مـانگی درەوشاوە دەداتەوە لـە چـواردە شـەویدا کـە ڕووناکییەکـەی ئاسمـانی پـڕ کردبوو، بەڵام زۆری نەبرد ئەویش ونبوو، لەدواییدا دیدو هزری بـەرەو خـۆر

ئاراستە دەکات، بە گەورەتر لە هەسارە و مانگیش دەیبینێت... ئەمە سەبارەت بە ئیبراهیم (سەلامی خوای لێبێت) و پلەبەندی بیرکردنەوەی مرۆییانە، بەڵام ئایەتە پیرۆزەکە ئاماژە بە خۆر دەدات بە دەستەواژەی (أكبر) و ئەو دەربڕینەی بۆ مانگ بەکارنەهێناوە گەرچی پەپکە دیارەکەشی کەمێك گەورەترە لە پەپکەی خۆر، زۆریش لە هەسارەکان گەورەتر دەردەکەوێت. خوای زانا و دانا و دابەزێنەری قورئان فێرمان دەکات خۆر لە مانگ و هەموو هەسارەکانی کۆمەڵەی خۆر گەورەترە.

زانستی نوێ سەلماندویەتی مانگ زۆر لە خۆر بچوکترە، تیرەکەی (٤٣٦ جار) لە تیرەی خۆر بچوکترە و (٣٣٣هەزار جار) لە هەسارەی زەوی بچوکترە.

خۆر دەجوڵێت و مەلە دەكات

خـــوای گـــەورە دەفـــەرموێت: ﴿ٱللَّهُ ٱلَّذِى رَفَعَ ٱلسَّمَٰوَٰتِ بِغَيْرِ عَمَدٍ تَرَوْنَهَا ۖ ثُمَّ ٱسْتَوَىٰ عَلَى ٱلْعَرْشِ ۖ وَسَخَّرَ ٱلشَّمْسَ وَٱلْقَمَرَ ۖ كُلٌّ يَجْرِى لِأَجَلٍ مُّسَمًّى ۚ يُدَبِّرُ ٱلْأَمْرَ يُفَصِّلُ ٱلْءَايَٰتِ لَعَلَّكُم بِلِقَآءِ رَبِّكُمْ تُوقِنُونَ﴾الرعـد/٢، واتـە: خـوا ئـەو زاتەیـە كـە بەچـاوی خۆتـان دەیبیـنن چـۆن ئاسمانـەكانی بـەبێ كۆڵەكـە و سـتوون بەرزكردووەتەوە و ڕایگرتووە، لەوەودوا چووە سەر تـەختی فـەرمانڕەوایی بـەو شـێوەیەی كـە لایـەق بەخۆیـەتی، خـۆر و مانگیشـی ڕامهێنـاوە، هەریەكەیان لـە چەرخ و خـولی خۆیاندا بێوچـان تـا ماوەیـەكی دیـاریكراو دەسوڕێنەوە، هەر ئەو زاتـە كاروبـاری جیهـان هـەر هـەمووی بەڕێدەكات و ڕێكدەخات، هەروەها ئایەتـەكانی قورئـان بـەوردی و دوورودرێـژی دەخاتـە بەرچـاو بۆئـەوەی دڵنیـابن لـە بەخزمـەت گەیشـتن و ئامـادەبوونی بـەردەم دادگای پەروەردگارتان (بۆ لێپرسینەوە).

یـــان دەفـــەرموێت: ﴿وَٱلشَّمْسُ تَجْرِى لِمُسْتَقَرٍّ لَّهَا ۚ ذَٰلِكَ تَقْدِيرُ ٱلْعَزِيزِ ٱلْعَلِيمِ﴾یس/٣٨، واتە: خۆریش لە گەردش و سوڕانەوەی خۆیدا بەردەوامە و بەرەو سرەوت دەچێت، یـاخود بـەدەوری چـەقی خۆیـدا دەسـوڕێتەوە، بێگومان ئەوە توانای زاتێكی باڵادەست و زانا دەردەخات.

ڕاڤـەكارانی قورئـــان (وەك ڕازی و طـبري و قـرطبي) لـە ئایەتـەكانی قورئانـــەوە ئـــەو ڕاســـتییەیان هـــەڵهێنجاوە كـــە خـــۆریش وەك زەوی و

هەسارەکانی تر لە باری جوڵە و مەلەی بەردەوامدایە، لە خولگـەی تایبـەت بەخۆیدا.

چینی و یابانییەکان توانییان پێشبینی خۆرگیران و مـانگگیران بکـەن و لەپاشان گرنگیدان بـە زانسـتی گەردووونناسـی لـە سـەردەمی یۆنانـدا زیـاتر بوو... تالیس و بەتلیمۆس و ئەرستۆ وتیان زەوی جـێگیر و چەسـپاو و بـێ جوڵەیە، زەوی چەقی گەردوونە و خۆر و هەموو هەسارەکان لە خولگەیەکی گۆیی داخـراودا بەدەوریـدا دەسـوڕێنەوە. لـە سـەرەتای سـەدەی سـێیەمی پێش زایندا "ئەریستادکوس" تیـۆریکی تـری هێنـا و وتـی زەوی بـەدەوری خۆردا دەسوڕێتەوە، بەڵام وایدانا خۆر جێگیر و بێ جوڵەیە.

خـەڵکی ئـەم تیۆرەیـان ڕەتکـردەوە و بانگەشـەکارانی تیۆرەکـەیان بـە گومڕا و سەرلێشێواو دانا و توندترین سزایان دەدان... مەسـەلەکە هـەروەك خۆی مایەوە تا کۆتایی چاخی ناوەڕاسـت (لەسـاڵی ١٥٤٣ز)، کاتێـك زانـای پۆڵەنــدی "کۆپـــەرنیکۆس" کتێبەکـــەی خـــۆیی لـــەبارەی گـــەردوون و هەسارەکانەوە بڵاوکردەوە، لە کتێبەکەیدا بـیردۆزی سـوڕانەوەی زەوی بـە دەوری خۆردا جێگیرکرد، بەڵام دیسانەوە ئەمیش خۆری بە وەستاو دانا.

لەپاشان و لەدوای داهێنانی تەلەسکۆب ئەم تیۆرەیـە بـووە ڕاسـتییەکی زانستی و وردەوردە زانایان مەیلیان بەرەو ئـەو هـزرە ڕۆیشـت تـاکو زانـای گەردووونناسی ئیتاڵی "گالیلۆ" توانی بگاتە ئەم ڕاستییە، بەهۆی چاودێری و تەماشـاکردنی بـەردەوامی جوڵـەی ئەسـتێرە وهەسـارەکان (لـە سـەدەی حەڤدەدا).

لە هەمان سەدەدا زانای گەردووونناسی ئەڵمانی "کیپلـەر" گەیشـتە ئـەو ڕاسـتییەی هەسـارەکان تـەنها بـەدەوری زەویـدا ناسـوڕێنەوە، بـەڵکو لـە خولگـەی تایبـەتی هێلکـەیی (أهليليجـی)دا بـەدەوری خـۆردا (سـەنتەر) دەسوڕێنەوە.

زانای ئینگلیزی "ڕیچارد کارینگتۆن" لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەدا ئاشکرایکرد خۆر بەدەوری خۆیدا دەسوڕێتەوە بە ماوەی (٢٨ ڕۆژ و ٦ کاتژمێر و ٤٣ خولەك)، ئەوەش لەڕێی شوێنکەوتنی خۆرەپەڵە (البقع الشمسية) کە لە خۆردا دۆزرایەوە.

"کیپلەر" ئاشکرایکرد خۆر و هەسارەکانی لە خولگەی تایبەتیاندا مەلەدەکەن بەپێی ڕژێمێکی زۆر ورد و نایاب کە "ڕیچارد کارینگتۆن" دۆزییەوە (خۆر بەدەوری خۆیدا دەسوڕێتەوە).

لە ئینسایکلۆپیدیای ئەمریکیدا هاتووە: خۆر بەخێرایی (٢٢٠ ملیۆن کیلۆمەتر لە چرکەیەکدا) بەدەوری چەقی گەلەستێرەی ڕێی کاکێشاندا دەسوڕێتەوە، هەروەها هەسارە گەڕۆکەکانیش لەگەڵیدا مەلەدەکەن کە هەر سوڕێکی تەواو بەدەوری گەلەستێرەکەیدا بە ماوەی (٢٥٠ ملیۆن ساڵ) تەواو دەکات.

هەر لەکاتی لەدایکبوونیەوە کە دەگەڕێتەوە بۆ (٤,٦ ملیار ساڵ) خۆر و پاشکۆکانی هەژدە خولیان بەدەوری گەلەستێرەی ڕێی کاکێشاندا تەواوکردووە.

هەر لەهەمان ئینسایکلۆپیدیادا هاتووە کە گەلەستێرەی ڕێی کاکێشان (١٠٠ بلیۆن) ئەستێرە لەخۆدەگرێت (ئێستا هەندێك لە زانایان بە ٢٠٠بلیۆن ئەستێرە لەقەڵەمی دەدەن) هەریەك لەو ئەستێرانە لەگەڵ گاز و تۆزی گەردوونیدا کە لەنێوانیاندایە بەدەوری چەقی گەلەستێرەدا دەسوڕێنەوە. خۆر ملیاران کیلۆمەتر ($٢,٧ \times ١٠^{١٧}$ کیلۆمەتر) لە چەقی گەلەستێرەکەوە دوورە و بەخێرایی (٢٢٠ کیلۆمەتر/چرکە) دەجولێت... هەر خولێکی تەواوی سوڕانەوەی خۆر بەدەوری چەقی گەلەستێرەی ڕێی کاکێشاندا نزیکەی (٢٥٠ ملیۆن ساڵ) دەخایەنێت.

مانگیش لە جوڵەی بەردەوامدایە

زانستی نوێ سەلماندویەتی خۆر و مانگیش دەجوڵێن، لە ئایەتی (٢)ی سورەتی (الرعد)دا پەروەردگار دەفەرموێت: ﴿كُلٌّ يَجْرِي لِأَجَلٍ مُّسَمًّى﴾... کەواتە هەریەکە لە خۆر و مانگیش لەجوڵەدان.

پەروەردگار دەفەرموێتت: ﴿لَا الشَّمْسُ يَنبَغِي لَهَا أَن تُدْرِكَ الْقَمَرَ وَلَا اللَّيْلُ سَابِقُ النَّهَارِ وَكُلٌّ فِي فَلَكٍ يَسْبَحُونَ﴾يس/ ٤٠، واتە نە خۆر بۆی هەیە بە مانگ بگات، نە شەویش پێش ڕۆژ دەکەوێت، بەڵکو هەریەکەیان لە خولگەی تایبەتی خۆیاندا مەلەدەکەن و بەئاسانی دەسوڕێنەوە.

هەریەکە لە خۆر و مانگ بەخێرایی تایبەت بەخۆیان دەسوڕێنەوە:

١. خێرایی جوڵەی خۆر ١٢ کیلۆمەترە لە هەر چرکەیەکدا.

٢. خێرایی جوڵەی مانگ ١٨ کیلۆمەترە لە هەر چرکەیەکدا.

٣. خێرایی جوڵەی زەوی ١٥ کیلۆمەترە لە هەر چرکەیەکدا.

ئێستا بڕوانە... بەدڵنیاییەوە هەستی پێدەکەیت کە هۆی ئەوە چییە هەرگیز خۆر بە مانگ ناگات.

گەر سەرنجی خێرایی هەریەکەیانمان دا بەتەواوی لە ئیعجازی وتەی خوایی: ﴿لَا الشَّمْسُ يَنبَغِي لَهَا أَن تُدْرِكَ الْقَمَرَ﴾ تێدەگەین.

شەفەقی جەمسەری

خوای پەروەردگار دەفەرموێت:﴿فَلَآ أُقۡسِمُ بِٱلشَّفَقِ﴾الإنشـقاق/١٦، واتـە: سوێند بە شەفەق (ئەو ڕەنگە سوورەی کە لـەکاتی خۆرئاوابووندا پەیدا دەبێت).

کاتێك تیشکی خـۆر دەکەوێتـە سـەر بەرگەهـەوای دەوری زەوی و بـەو کریستاڵە بەفرییە بچوکانەدا تێپەڕدەبێت کە لەشـێوەی وردە شوشـەدان و بـەنێو بەرگەهـەوادا بلاّودەبنـەوە، ئەودەمـە تیشـکی خـۆر بـۆ حـەوت ڕەنگەکەی شەبەنگەبەڕۆژ شیدەکەنەوە و پەلکەزێڕینە دروستدەکەن.

بـەلاّم دیـاردەی شـەفەقی جەمسـەری کـە لەجەمسـەرەکانی زەویـدا ڕوودەدات، لە ئاکامی چەند کردارێکی ئاڵۆزدا دەبێت. خۆر ملیۆنان تەن لـە بەرهەمی تەقینەوەکانی خۆی فڕێدەدات و لە ئاکامی ئـەو تەقینەوانەشـەوە پشـتێنەیەکی زۆر بـەهێز بـۆ خـۆر دروسـتدەبێت. هـەرکات ئـەو پشـتێنە موگناتیسییەی خۆر لەگەڵ پشتێنە موگناتیسـییەکەی زەویـدا پێکدەگـەن، کارلێـك دەکـەن و لـە ناوچـەی جەمسـەرەکاندا دەڕەوێتـەوە، لـە ئـەنجامی ئەوەشـدا دیـاردەی شـەفەقی جەمسـەری زەوی ڕوودەدات کـە بەڕاسـتی دیاردەکە دیاردەیەکی سەرنجڕاکێش و ئایەتێکی زۆر نایابی خوای مەزنە.

زانایـان ئـەو ڕاسـتییە زانسـتییەیان دۆزییـەوە کـە زەوی لـە هـەموو لایەکانیەوە بە پشتێنەیەکی موگناتیسی دەورەدراوە، خۆریش گەردەلول و

بایەکی زۆر بەهێز دەردەکات و ئـەو بـا توندەش ڕووەو زەوی دێـن و لێـی نزیك دەبنەوە ، بەڵام ئەو پشتێنە موگناتیسییە ڕێ بە نزیکبوونەوەی ئـەو گەردەلولە بەهێزانە لەزەوی نادات.

کـاری پشـتێنەی موگناتیسـی زەوی نەهێشتنی کاریگـەری گـەردەلولی خـۆرە، کـارلێکی لەگـەڵ دەکـات و دەیڕەوێنێتـەوە، ئـەم کـردارەش دەبێتەهۆی ئەوەی بەشـی دەرەوەی بەرگەهـەوای زەوی کڵپـەیـەك بکـات و ئەو دیمەنە نایابانە دروست بکات.



لەتبوونی مانگ

یەکێك لە نایابترین موعجیزەکانی پێغەمبەر (ﷺ) موعجیزەی لـەتکردنی مانگـە، بێبـاوەڕان هەولّیانـدا بـەدرۆی بخەنـەوە، بـەلاّم بـەهۆی گـەورەیی ڕووداوەکەوە بوێریی ڕەتکردنەوەی یەکجارەکی ئەو موعجیزەیـەیان نـەبوو، وتیان سەرەتا با چاوەڕوانی کاروانییەکان بکەین، محمد سیحری لەچاومان کردووە، بەلاّم هەواڵەکانی ئـەوان ڕاسـتییەکە دەردەخـات، دواجـار هـەواڵی کاروانچیان ڕاستێتی موعجیزەکەی سەلماند.

بەپێی ڕای زانایانی جوگرافیا، باشترین ناوچە بۆ بینینی لەتبوونی مانگ (بە دانانی ئەوە کە ڕوویداوە ! !) لەدوای نیوەدورگـەی عـەرەبی هیندسـتان بووە، جێی سەرسامی زانایانی مێژوویی ڕۆژئـاوایی بـوو کاتێـك لـە تۆمـاری ئەو ماوەیەدا بینیان باس لەوە کراوە کە:

أ- لەشــاری دهــار (Dhar)ی هینــددا پادشــاکەی (Bjoh Raj) و گەلەکەی (بە سەرجەم چین و توێژەکانەوە)، موعجیزەی لەتبوونی مانگیان بینیوە.

ب- لە کەنار چامال (Chamal) پادشای ناوچـەکە لـە کۆشـکەکەیەوە لەتبوونی مانگی بینی، توشی ترس و فۆبیایەکی گەورە بوو چونکە گومانی دەبـرد ئـەوە کۆتـایی دونیایـە، بـەلاّم لـەپاش ماوەیـەك بیسـتی کـە ئـەوە موعجیزەی پێغەمبەرێکە لە نیوەدورگەی عەرەبی دەرکـەوتووە. وەزیرێکـی

خۆی بۆ چاوپێکەوتنی پێغەمبەر (ﷺ) نارد و وەزیرەکە دڵنیابوو لە باسەکە و لەسەر دەستی پێغەمبەر (ﷺ) موسڵمان بوو... لە ئەمڕۆدا لایەنگران و شوێنکەوتوانی ئەو پادشایە لە هەندێك ناوچەی شاری دهار (Dhar)ی هیندستان دەژین.

ج- تەنها دەسەڵاتداران نەبوون، بەڵکو زۆرینەی دانیشتوانی هیندستان ڕووداوەکەیان بینیوە، هەندێکیان ئەو ساڵەیان وەك ساڵێکی جیاکەرەوەی مێژوویی بەکارهێناوە، لە هەندێك کتێبیشدا ئاماژەیان پێکردووە. بۆنموونە یەکێك لە پەیکەرە (شوێنەوارییەکان)ی ئەو ماوە زەمەنیە لەسەری نووسراوە (لەو ساڵەدا دروستکراوە کە تێیدا مانگ بوو بە دوو لەتەوە).

د- لەدوای چواردە سەدە تێپەڕبوون بەسەرموعجیزەکەدا و لە (٤ی مایسی ساڵی ١٩٦٧ن) دا و لە بنکەی گەردوونی کوپە کەنەدی Cope Kennedy) یەکێك لە کەشتییە فەزاییەکان وێنەی ڕووی تاریکی



مانگی گرت (کە لەلای ئێمەوە نابینرێت) لە دووری (٣٠٠٠ کیلۆمەتر)، لەبەرئەوەی لە دوورییەکی کەمەوە وێنەکان گیران، ئەو وێنانە زۆر بەڕوونی ڕووی مانگیان پێشاندا (بە وردیی ٩٥٪ و وێنەکان لە ئەرشیفدا بە ژمارەی (١٨٠٥-٦٧) دانران... ئەو تایبەتمەندیەی ئەم وێنانە لە وێنەکانی تر

جیادەکاتەوە ئەوەیە کە وردەکاری زۆری لەخۆگرتبوو. زانایـان بینیـان درز یان قڵیشـانێك لەسـەر ڕووی مـانگ هەیـە وەك پشـتێنەیەك بەدرێـژیی (٢٤٠ کیلۆمەتر) و فراوانی (٨ کیلۆمەتر) و چەقی ئەم لەتبوونەش دەکەوێتە سەر (٦٥ پلە) باشور و (١٠٥ پلە) خۆرهەڵات.

ئـەو لەتبوونانـەی لـە هۆکـارە سروشـتییەکانەوە دروسـتدەبن شـێوەی شەپۆلیان هەیە و لە ئاڕاستە و درێژیدا ڕێکوپێك نین، بەڵام ئەوەی زانایـانی سەرسام کردووە تەنها لەتبوونەکە نییە (گەرچی تەنها لەتبوونەکەش بەسە بۆ وروژانی هەزاران پرسیار)، بەڵکو ئەو لەتبوونەیە (درزەیە) کە بەنزیکەیی هێڵێکی ڕاستی ڕێك پێکدێنێت.

هەر هەمان ئەو دیاردەیە بیری (نیـل ئارمسـترۆنگ)ی سەرسـام کـرد کـە یەکەمین کەسە پێیەکانی خستە سەر خاکی مانگ، تـا ئەودەمـەی زانایـانی میسر موعجیزەی لەتبوونی مانگیان تێگەیاند.

لەو وێنانەی مانگ کە کەشـتییەوانە فـەزایی یـان مانگـە دەسـتکردەکان گرتونیان بەڕوونی ئەو درز و کەلێنـە دەبینرێـت کـە وەك پشـتێنێك دەوری مـانگی داوە. یـەکێك لـەو نەخشـانە نەخشـەیەکی زانـای ئیتـاڵی کاسـینی (Cassini)ــە کـە مێژووەکـەی بـۆ زیـاتر لـە (٣٠٠ سـاڵ) پـێش ئێسـتا دەگەڕێتەوە.

هـەروەها هێڵێکـی ڕاسـتی هاوشـێوە لەسـەر ڕووی مـانگ دەبینرێـت و بەپێی ڕای زانایانی گەردووناس ئەو هێڵە دەبێت پڕبێـت لـە (magma)، کاتێك ڕووناکی خۆری دەکەوێتە سەر بریقەدار دەبێت.

نەخشـەکەی (کاسـینی) لای زانایـانی ئـەم چـەرخەش بـە یـەکێك لـە بەڵگەنامە باوەڕپێکراوە گرنگەکان دادەنرێت کە هیچ گومان لەسـەر ڕاسـتو دروسـتییەکەی نییـە، چـونکە بـە بـەراوردکردنی بـە وێنـە و نەخشـەکانی

ئەمڕۆمان، هاوتاییەکی نایاب لەنێوانیاندا دەبینرێت، بەلاّم زانایانی ئەم سەردەمە بێدەنگن لە باسکردنی ئەم ڕاستییە بینراوە.

لەڕاستیدا دەستێکی شاراوە هەیە هەلّدەستێت بە دانانی تیۆرگەلێك بۆ شاردنەوەی کۆمەلّێ ڕاستی زانستی کە ئاینی ڕاستەقینە (ئیسلام) پالّپشتی دەکات. یەکێك لەوانە دیاردەی لەتبوونی مانگە کە زۆرکەم نەبێت باسی لێوە نەکراوە، وێڕای ئەوەش کە لە دیارترین و سەرنجڕاکێشترین دیاردەکانی مانگە.

دیارە ئەم هێلّی کەرتبوونە لە سەردەمە نزیکەکان لە پێغەمبەرەوە (ﷺ) زۆرتر ڕوون و ئاشکرا بووە، چەند لەسەردەمی پێغەمبەرەوە (ﷺ) دوورتر بکەوینەوە بەرەو سەردەمی ئێستامان، دەبینین هێلّەکە بە پلەبەندی کالّ دەبێتەوە و دیارنامێنێت، چونکە ڕووی مانگ کاریگەر دەبێت بە:

١. لێشاوی ئەو نەیزەکانەی دەکەونە سەر ڕووەکەی.

٢. ئەو گۆڕانە زۆر گەورەیەی پلەی گەرمی کە ڕۆژانە لەسەر ڕووەکەی ڕوودەدات.

٣. ئەو شلە گەرمیانەی کە هەندێجار لێرە و لەوێ دەتەقن.

جگە لەوانەش هۆکارگەلێك هەن وادەکەن ئەو هێلّەی لەسەردەمی (کاسینی)دا ئەو ڕوونییەی هەبوو، ئێستا زۆر لەو ڕوون و ئاشکراییەی نەمابێت. لە بەرامبەر ئەوەدا هۆکارە تەکنەلۆژیاکانی ئێستا دەتوانن تەنانەت پێکهاتەی ناوەکی مانگیش (بۆ قوولّی دەیان مەتر) ئاشکرا بکەن، بۆیە سەردەمی ئێستا باش و باشترە بۆ زانین و ئاشکراکردنی ئەو درز و کەلێنە گەورەیە، بەلاّم!!!

مادده و دژە مادده

خوای گەورە مرۆڤی بە نێر و مێ بەدیهێناوە، وەك دەفەرموێت: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ إِنَّا خَلَقۡنَٰكُم مِّن ذَكَرٖ وَأُنثَىٰ وَجَعَلۡنَٰكُمۡ شُعُوبٗا وَقَبَآئِلَ لِتَعَارَفُوٓاْ﴾ الحجـــرات/١٣، واتە: ئەی خەڵكینە ئێمە هەمووتانمان لە نێر و مێیەك دروستكردووە و كردومانن بە گەلان و تیرە و هۆزانی جۆربەجۆر تا یەكتر بناسن.

پەروەردگار مرۆڤی بە نێر و مێ دروستكردووە هەتاكو هاوەڵێكی هەبێت، هەتاكو یەكتر بناسن و خۆشەویستی لەنێو بەدیهێنراوەكانیدا هەبێت. ئەم سیستمە تەنها لای مرۆڤ نییە، بەڵكو شانشینی ئاژەڵانیشی گرتووەتەوە، وەك خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَأَنَّهُۥ خَلَقَ ٱلزَّوۡجَيۡنِ ٱلذَّكَرَ وَٱلۡأُنثَىٰ ﴿٤٥﴾ مِن نُّطۡفَةٍ إِذَا تُمۡنَىٰ﴾ النجم/٤٥-٤٦، واتە: هەر ئەو زاتەیە كە جووت و دوانە، نێر و مێی بەدیهێناوە، لە نوتفەیەك و گەشە بكات.

هەروەها دەفەرموێت: ﴿قُلۡنَا ٱحۡمِلۡ فِيهَا مِن كُلّٖ زَوۡجَيۡنِ ٱثۡنَيۡنِ﴾ هود/٤٠، واتە: وتمان–ئەی نوح– لە هەموو نێر و مێیەك دوان هەڵبگرە.

مرۆڤ و بەشە جیاوازەكانی ئاژەڵان و ڕووەك و سەرجەمیان لە شێوەی نێر و مێ بەدیهێنراون، ئەمە ئەو زانیارییەیە كە قورئان هەواڵ دەدات و زانستی زیندەوەرزانی جەختی لەسەر دەكاتەوە.

سەرەڕای ئەوانە، لەم ئایەتەدا ئاماژەیەكی گشتگیرتر دەبینین كاتێك خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَمِن كُلِّ شَيۡءٍ خَلَقۡنَا زَوۡجَيۡنِ لَعَلَّكُمۡ

تَذَكَّرُونَ﴾الذاريات/٤٩، واتە: لە هەموو شتێك ئێمە جووتمان دروستكردووە، بەڵكو بیربكەنەوە و یاداوەری وەربگرن.

دەربـارەی وشـەی (الشـیء) لێـرەدا، ئەوانـەی پـێش ئێمـە و ئێمـەش زۆربەمان واتێیگەیشتوین تەنها مرۆڤ و ئاژەڵ و ڕووەك دەگرێتەوە، قورئـان لـەم ئایەتـەدا كـۆی كردوونەتـەوە و هـەواڵی لەبارەیانـەوە داوە كـە خـوای گەورە سـەرجەم بـەدیهێنراوە زینـدووەكانی بـە نێـر و مـێ دروسـتكردووە، بەڵام ئەگەر فراوانتر بڕوانینە وشەی (شیء) گشتگیرییەكی زیـاتر لـە ڕووەك و ئاژەڵ و مرۆڤی تێدا دەبینین، بەڵكو (بێگیان) یش دەگرێتەوە... پرسـیار لێرەدا ئەمەیە: ئایـا نێـر و مـێ لـە بێگیانـدا هەیـە؟ بـۆ وەڵامدانـەوەی ئـەم پرسـیارە پێویسـتمان بـە گەشـتێكی خێـرا هەیـە بـە نێـو فیزیـای تەنۆلكـە سەرەتاییەكاندا.

لەنیوەی یەكەمی سەدەی بیستەمدا یـەكێك لـە فیزیاییـە ئینگلیزەكـان بەناوی "دیراك Dirac" لێكۆڵینەوەی لەسەر هاوكێشەكانی ئەلكترۆن كرد. ئەلیكترۆن وەك دەزانین تەنۆلكەی بارگە سالبن بەدەوری نـاوكی گەردیلـەی ماددەدا و لە خولگەی تایبەتدا دەسوڕێنەوە. "دیراك" لـەكاتی ئەنجامـدانی ئەم لێكۆڵینەوانەدا بۆیدەركەوت كە هاوكێشەكان دوو شیكاریان هەیـە نـەك تەنها شیكارێك. هەر یەكێك لە ئێمە مامەڵەی لەگـەڵ هاوكێشـەی پلـە دوودا كردبێت بەئاسانی لەم حاڵەتە تێدەگات. هاوكێشـە پلـە دووەكـان دووجـای بڕێكـی نـەزانراویان تێدایـە و بـڕی دووجـایش هەمیشـە موجەبـە و هـەمان ئەنجام دەدات. مانای ئەوەش وایە كە ڕەگی دووجای بۆنموونـە ژمـارە (٤) یان (٢)دەبێت یان (-٢) دەبێت.

هەڵبەتە هاوكێشەكانی "دیراك" لەم نموونەیـە ئـاڵۆزترن، بـەڵام بنـەمای سەرەكییان هەر یەكە. "دیراك" گەیشتە دوو كۆمەڵـە هاوكێشـە، كۆمەڵـەی

یەکەم بۆ ئەلیکترۆنە بارگە سالبەکان و ئەوانی تر بۆ تەنێکی نەزانراو کە بارگەی موجەبی هەیە. "دیراك" چەند هەوڵێکی سەرنەکەوتوی دا بۆ لێکدانەوەی ئەم تەنۆلکە نەزانراوە... ئەو باوەڕی بە بوونی هەبوو، بەڵام فیزیاییەکانی تر دانیان نەدەنا بە بیرۆکەی هەبوونی تەنۆلکەی بارگە موجەبدا کە دەگونجێت بەتەواوی دژی ئەلیکترۆن بێت. بەتەواوی وەك ئەوەی ئەندازیارێك مامەڵە لەگەڵ هاوکێشە پلە دووەکاندا دەکات، دژی بوونی درێژی و بارستایی سالبە.

پاش چەندین ساڵ لە هەوڵ و کارەکانی بیردۆزی "دیراك" و لە سەرەتای سییەکاندا شوێنەواری ئەم تەنە نەزانراوە دۆزرایەوە، لە ئامێرێکدا کە پێیدەوترێت (Cloud Chamber) ژووری هەڵم. لەکاتی لێکۆڵینەوەی کاریگەری بواری موگناتیسی لەسەر ئەم شوێنەوارانە، دۆزرایەوە کە بارستایی ئەم تەنۆلکەیە یەکسانە بە بارستایی ئەلیکترۆن، بارگەی موجەبی هەیە و یەکسانە بە بارگەی ئەلیکترۆن، لەبەرئەوە ئەم تەنۆلکەیە ناونرا بە دژ. لەپاش ئەمەوە دەستکرا بە لێکۆڵینەوە لە دژە تەنۆلکەکانی تر... مانای بوونی دژ بۆ ئەلیکترۆن (Positron) یان (Anti-electron) واتە بوونی دژ بۆ تەنۆلکەکانی تریش. کرداری دۆزینەوەی ئەم دژانە یەك لەدوای یەك دەستپێکرد و بۆ چەند جۆرێك دابەشکران، ئێمە لێرەدا ناچینە نێو درێژەی ئەم باسەوە و تەنها ئاکامی کۆتایی باس دەکەین کە هەموو تەنۆلکەیەك دژی هەیە، بەڵکو هەموو تەنێك دژی خۆی هەیە.

زانا "پاوڵ دیفیز" لەساڵی (١٩٩٥ن) دا خەڵاتێکی جیهانی وەرگرت (نرخەکەی یەك ملیۆن دۆلار بوو) بەرامبەر بەو لێکۆڵینەوانەی جەخت لەسەر پەیوەندی نێوان زانست و ئایین دەکەنەوە. "پاوڵ دیفیز" چەند دانراوێکی هەیە، دیاریترینیان (خوا و فیزیای نوێ) یە. تیایدا دەڵێت:

"ڕاستییەکانی زانستی فیزیای نوێ باوەڕبوون بە خوا و ڕۆژی دوایی و غەیب لەدەروونی مرۆڤدا قووڵ دەکەنەوە".

دۆزینەوەی دژە مادده، هەواڵی ئەگەری بوونی جیهانێکی تر دەدات کە هاوتای جیهانە ماددییەکەی خۆمانە و لە دژە تەنۆلکەکان پێکدێت، واتە لە دژەمادده پێکدێت.

ئایا ئەو جیهانە کامەیە کە لە دژەمادده پێکدێت؟ ئەمە ئەو پرسیارەیە کە تائێستا هیچ کەس نەیتوانیوە وەڵامی بداتەوە. زەوی لەبنەڕەتدا لە مادده پێکدێت نەك دژەمادده، بەڵام دژەمادده کە لە تیشکە گەردوونییەکانەوە (Cosmic rays) پێکدێن، کاتێکی زۆر لە کەشی زەویدا ناژین.

تەنها لە تاودەرەی تەنۆلکەکاندا (Particle Accelerator) خێراییەکەیان هەندێك کەمدەکات، تا دەگاتە ئەو حاڵەتەی کە ناتوانێت لێی دەربازبێت ئەویش لەناوچوون و فەنابوونە بەهۆی ماددەی بەرامبەریەوە کە لە کەشی زەویدا بەبڕێکی ئێگجار زۆر هەن. کاتێك تەنۆلکەیەك لەگەڵ دژەکەیدا یان ماددەیەك لەگەڵ دژەکەیدا بەیەکدەگەن، هەریەکەیان ئەوی تر لەناو دەبات و هەردووکیان دیارنامێنن، وەك تەقینەوەیەك هەردووکیان دەگۆڕێن بۆ وزە کە گەورەترینیان لەشێوەی تیشکی (گاما)یە.

یەکێك لەو پەنهانانەی فیزیاییەکانی سەرسام کردووە بڕی دژەکانە کە هاتوونەتە پێکهاتەی ئەم گەردوونەوە... ئایا زەوی بە نموونەیەکی بچوککراوە دادەنرێت بۆ بەشەکانی تری گەردوون؟ واتە ئایا ڕێژەی مادده لە هەموو گەردووندا لە ڕێژەی دژەکانیان زیاترە وەك ئەوەی ئێستا لەزەویدا هەیە؟ دەتوانین ئەوە یەکلایی بکەینەوە کە ڕێژەی دژەماددەکان لە گەلەستێرەکەماندا ڕێژەیەکی کەمە، ئەگەر وانەبوایە ئەوا زۆربەی ئەو ماددانەی لەنێوان ئەستێرەکاندا هەن لەناو دەچوون و چاودێرە

گەردوونییەکانیش برێکی زۆر زیاتر لە تیشکی (گاما)یان تۆماردەکرد، بەڵام کێ زانیاریمان دەداتێ ئەم مەسەلەیە جیاواز نییە بۆ گەلەستێرە دوورەکانی تر کە دەکەونە لێوارە دوورەکانی گەردوونەوە؟! دەگونجێت گەلەستێرە هەبن بەتەواوی لە دژەئەستێرە پێکبێن و پێیان بوترێت دژەگەلەستێرە.

ئەگەر دانماننا بەبوونی دژێك بۆ گەلەستێرە، خۆمان لەبەردەم پرسیارێکی تری سەرسوڕهێنەردا دەبینینەوە، ئەویش: چی ڕێ لە نزیکبوونەوەی گەلەستێرە دەگرێت لە دژەکەی و پاشان لەناوچوون و فەنا بوونیان؟ ئایا ئەم بیردۆزە لێکدانەوە و ڕاڤەیەکی نوێمان بۆ ئەو ئایەتە دەداتێ کە دەفەرموێت: ﴿إِنَّ ٱللَّهَ يُمۡسِكُ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضَ أَن تَزُولَاۚ وَلَئِن زَالَتَآ إِنۡ أَمۡسَكَهُمَا مِنۡ أَحَدٖ مِّنۢ بَعۡدِهِۦٓۚ إِنَّهُۥ كَانَ حَلِيمًا غَفُورٗا﴾ فاطر/٤١، واتە: بەڕاستی هەر خوایە ئاسمانەکان و زەوی ڕاگرتووە و نایەڵێت تێکبچن و لەیەك بترازێن، خۆئەگەر تێکبچن و لەیەك بترازێن، کێ دەتوانێت جگە لەو زاتە فریایان بکەوێت و بەڕاستی هەر ئەو زاتە هەمیشە و بەردەوام خۆگر و ئارامگر و لێخۆشبووە.

ئەگەر ئەو حاڵەتە ڕووبدات ئەوا پەرشبوونی گەلەستێرەکان و دژەکانیان و لەناوچوونیان بەم ڕێگایە لەچەند ساڵێکدا تەواو دەبێت و لە ئاکامدا برێکی ئێگجار گەورە لە وزە دەردەچێت، وەك ئەوەی ئاسمان ڕۆنێکی قرچاو بێت، خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿فَإِذَا ٱنشَقَّتِ ٱلسَّمَآءُ فَكَانَتۡ وَرۡدَةٗ كَٱلدِّهَانِ﴾ الرحمن/٣٧، واتە: کاتێك دێت ئاسمان لەت دەبێت و وەکو گوڵێکی سوور دێتە بەرچاو، یاخود وەك ڕۆنی قرچاوی لێدێت.

ئێمە ناتوانین وێنای لەتبوون (إنشقاق)ی ئاسمان بکەین، چۆن پەرت دەبێت؟ کام بەشەی لەت دەبێت؟ بەڵام ئەگەر ڕوویدا و گەلەستێرەکەمان

لەگـەڵ دژەکەیـدا پەرشـبووەوە، ئەمـە مانـای پەرشـبوونەوەی هـەموو ئاستەکانی گەلەستێرەیە کە ئێمە لەناویدا دەبیبنین، وەك ئەوەی گـەردوون بکاتە دووبەشەوە، ئەمەش وەك ئەوەی کە ئاسمـان قڵیشـابێت، لەمکاتـەدا ئەستێرەکان وندەبن و دەکوژێنەوە. هەر ئەسـتێرەیەك کاتێـك لـە دژەکـەی نزیك دەبێتەوە لەناو دەچێت و پەرش دەبێتەوە. پەروەردگار دەفـەرموێت: ﴿فَإِذَا ٱلنُّجُومُ طُمِسَتۡ ﴿٨﴾ وَإِذَا ٱلسَّمَآءُ فُرِجَتۡ﴾المرسلات/٨-٩، واتە: کاتێـك دێـت ئەستێرەکان ڕووناکییان نامێنێت، ئاسمانیش لەت دەبێت و لێکدەترازێن.

کـاتێکیش ئەسـتێرەکان بـەم ڕێگایـە پـەرش دەبـن و بارسـتەکەیان دەگۆڕێت بۆ وزە، لەمکاتەدا ئەو هێزی ڕاکێشانە نامێنێـت کـە هەسارەکان بـەرەو ئەسـتێرەکان لـە ڕێڕەوەکانیانـدا کـێش دەکـات، هەسارەکان لـە ڕێڕەوەکانیـان دەردەچـن و پـەرش و بڵاودەبنـەوە. خـوای پـەروەردگار دەفـــەرموێت: ﴿إِذَا ٱلسَّمَآءُ ٱنفَطَرَتۡ ﴿١﴾ وَإِذَا ٱلۡكَوَاكِبُ ٱنتَثَرَتۡ﴾الإنفطـــار/١-٢، واتە: کاتێك ئاسمان لەتلەت و پارچە پارچە دەبێت، کاتێك کـە ئەسـتێرە و هەسارەکان پەرش و بڵاودەبنەوە و ورد و خاش دەبن. ئـەنجامی ئەوانـەش تێکچـونێکی گەورەیـە لەسـەر زەوی، خـوا دەفـەرموێت: ﴿وَإِذَا ٱلۡبِحَارُ سُجِّرَتۡ﴾التکویر/٦، واتە: کاتێك دەریاکـان گـڕ دەدرێـن. یـان دەفـەرموێت: ﴿وَإِذَا ٱلۡجِبَالُ سُيِّرَتۡ﴾التکویر/٣، واتە: کاتێك کە کێوەکان لە شوێنی خۆیان هەڵدەکـــەنرێن و بـــەملاولادا بـــران. یـــان دەفـــەرموێت: ﴿وَإِذَا ٱلۡقُبُورُ بُعۡثِرَتۡ﴾الأنفطـار/٤، واتــە: کاتێــك کــە گۆڕەکــان ژێــرەوژوور دەکــرێن (مردووەکانی ناویان دەهێنرێنە دەرەوە و زیندوو دەکرێنەوە).

ئەمانە لە نیشانەکانی هـاتنی ڕۆژی دوایـین کـە خـوای گـەورە هـەواڵمان لەبارەیانـــەوە پێـــدەدا و بابـــەتی فیزیـــای تەنۆلکـــەکان و دژەکانیـــان

لێکدانەوەیمان دەدەنێ، لەناوچوونی مادده و دژەکەی بووەتـە ڕاسـتییەکی زانستی کە ڕۆژانە لـە تـاودەرەی تەنۆلکەکانـدا ڕوودەدات و وزە بـۆ مـادده دەگۆڕێت.

ئێستا ئەگەر بگەڕێینـەوە بـۆ ئایەتـە پیرۆزەکـە: ﴿وَمِن كُلِّ شَيْءٍ خَلَقْنَا زَوْجَيْنِ﴾ دەبینین وەڵامەکـەمان دەبێتـە ئـەوەی کـە بێگیـان یاخود مـادده بەشێوەی جووت یـان دوانـە هـەن (مـادده و دژەکـەی). بەدیهێنـەری توانـا تـەنها مـرۆڤ و ئـاژەڵ و ڕووەکـی لەشـێوەی نێـر و مـێ یـان دوانـەدا نەخوڵقاندووە، بـەڵکو لـە هـەموو شـتێك دوانـەی بـەدیهێناوە، تەنانـەت لـە بێگیـان و ماددەیشـدا، ئەمـەش ئـەو لێکدانـەوە گشـتگیرە تەواوەیـە کـە لەئایەتەکەدا دەبینرێت.

"محمد عبدالسلام"ی بە ڕەگەز پاکستانی کە فیزیاییەکی موسڵمانە و لە ساڵی (١٩٧٩ن)دا خەڵاتی نـۆبڵی لـە فیزیـادا وەرگرتـووە، لێکۆڵینەوەیـەکی گرنگی هەیە لە بابەتی تەنۆلکەکان و دژەکاندا و ڕۆڵێکـی گـەورەی هـەبووە لە دانانی بیردۆزی یەکخستنی هەردوو هێزی سەرەکی لـەنێوان چـوار هێـزە کاریگەرەکەی گـەردوون، ئـەوانیش هێـزی کارۆموگناتیسـی و هێـزی ناوکـە ئەتۆمی لاوازە. دوای بەدەستهێنانی خەڵاتەکەی، ئەم زانا موسڵمانە دەڵێت ئـەو ئایەتـەی قورئـان کـە دەفـەرموێت: ﴿وَمِن كُلِّ شَيْءٍ خَلَقْنَا زَوْجَيْنِ﴾ بەجێگـەی سروشـێکی بـەهێزبووە بـۆی لـەکاتی لێکۆڵینەوەکانیـدا لەسـەر دژەکانی تەنۆلکە ماددییەکان.

پوختەی ئیعجازی ئایەتەکە ئەوەیـە: وەك چـۆن سـیفەتی دوانـەیی لـە جیهانی ئاژەڵ و ڕووەکەکاندا و نێر و مێ لە مرۆڤدا هەیـە، بەهـەمان شـێوە سیفەتی دوانەیی لە دونیای ماددەشدا هەر بوونی هەیە.

گواستنەوەی عەرشەکەی بەڵقیس

خوای پەروەردگار دەفـەرموێت: ﴿قَالَ ٱلَّذِى عِندَهُۥ عِلْمٌ مِّنَ ٱلْكِتَٰبِ أَنَا۠ ءَاتِيكَ بِهِۦ قَبْلَ أَن يَرْتَدَّ إِلَيْكَ طَرْفُكَ﴾النمـل/ ٤٠، واتـە: (یـەکێك لـە پیاوچـاکان) کـە زانسـت و زانیـاری لـە (نهێنیـەکانی) کتـێبی تـەورات هـەبوو وتـی: مـن بـە چاوتروکاندنێك بۆت دەهێنم.

چیرۆکی سولەیمان (سەلامی خوای لێبێت) و بەڵقیس (پادشای سـەبەء) و بابەتی گواستنەوەی عەرش بابەتێکی سیحرئامێز بـوو. چـۆن مـەخلوقێك (لەوسەردەمەدا) دەتوانێت عەرشی پادشای (سبأ) ئامادەبکـات لـەدووری هەزاران کیلۆمەترەوە، لەبەشێکی چرکەیەکدا، واتە بـەر لـەوەی سـولەیمان چاو بتروکێنێت؟ بەڵام زانستی نوێ هەواڵمان دەداتێ کە ڕوودانی ئەو کـارە لەڕووی زانسـتییەوە دەکرێـت ڕووبـدات، یـاخود بەلایـەنی کەمـەوە لـەڕووی تیۆرییەوە، بەگوێرەی توانایمانەوە لـە سـەدەی بیسـت و یەکـدا... دەبێـت ئەوە چۆن ڕوودەدات؟ ئەوە باس و بابەتەکەمانە ! !

مادده و وزە دوو وێنەی جیاوازی یەك شـتن، دەکرێـت مـادده بـۆ وزە و وزەش بۆ مادده بگۆڕرێت، ئەوەش بـەپێی هاوکێشـەیەکی ناسـراو... مـرۆڤ سـەرکەوتوو بـووە لـە گـۆڕینی مـادده بـۆ وزە، ئـەوەش لـە کارلێکـە ناوکییەکاندا کە کارەبا دروست دەکەن، گەرچـی دەستبەسـەرداگرتنی ئـەم گۆڕانە، تائێستاش گۆڕانکاری نوێی بەسەردا دەکرێـت ڕووەو باشـترکردن و

گەشـەپێدان... بەهـەمان شـێوە مـرۆڤ سـەرکەوتووش بـووە (گەرچـی بەڕادەیـەکی کەمیشـە) لـە گـۆڕینی وزە بـۆ مـاددە، ئـەوەش لـە تەنۆلکـە تاودەرەکاندا (particle accelerator) ئەم کردارە تا هەنووکە لەسـەر ئاستی تەنۆلکەکاندا ئەنجام دەدرێت، بۆیە گۆڕینی ماددە بۆ وزە و وزە بۆ ماددە کارێکە لەڕووی زانستی و کرداریشەوە گونجاوە.

لەڕاستیدا گەیشتن بەڕێگاگەلی زانستی و هۆکارگەلی کرداریـی شیاو بـۆ گۆڕینی وزە بۆ ماددە و ماددە بۆ وزە بەسوك و ئاسانی، بە پێشـکەوتنێکی زانستی و هونەری مەزن دادەنرێت. ئاستی ئێستای زانستی و کرداریمان لەم بوارەدا تەنها لـە ئاسـتی منداڵێکدایـە کـە تـازە فێـری خوێندنـەوە دەبێت. ئەگەر ڕۆژێك لەڕۆژان مرۆڤ توانی بە سوك و ئاسانی لە نێوان ماددە و وزەدا ئاڵوگۆڕ بکات، ئەودەمە گۆڕانی ڕیشەیی بەڵکو شۆڕشی مـەزن لـە شـێوازی ژیانی ڕۆژانەی مرۆڤدا ڕوودەدات. یـەکێك لـەو هۆیانـە ئەوەیـە کـە دەکرێـت وزە بـەخێرایی ڕوونـاکی لەسـەر شـێوەی شـەپۆلی مـایکرۆیی بـۆ هـەر جێگایەکی خواستراو بنێررێت، لەپاشان دەیگەڕێنینەوە و دەیگۆڕینەوە بـۆ ماددە! بەوەش دەتوانین هەر ئامێرێك، تەنانەت ماڵێك بەتەواوی بنێرین بـۆ هەر بەشێکی سەرزەوی، یاخود تەنانەت بـۆ سـەر مـانگ یـان مـەریخ، ئـەو کارە لە ماوەی چەند چرکەیەك یان چەند خولەکێکدا بەئاکام دەگات.

ئەو ئاستەنگەی فیزیاییەکان بۆ بەدیهێنانی ئەم خەونە دەیبینن ڕیزبەند بوونەوەی گەرد یاخود گەردیلەکانی ماددەکانـە بەتـەواوی لەسـەر شـێوەی بنەڕەتییەکانیان. یەکێکی تر لـە ئاسـتەنگەکان کـە زانسـت ئێسـتا پێیـەوە گرفتارە چوسـتی (کەفائـەی) و وەرگـرتنی شـەپۆلە کارۆموگناتیسـییەکانی ئێستایە کە لە (٦٠٪) تێپەڕ ناکات، ئەوەش لەبەر پەرشبوونەوەی زۆری لـە هەوادا. هەموو ئەوەی باسکرا دەرخستێکی کورتی هەڵوێستی زانست بـوو و

بەرتوانایی ئێستا لە گۆڕینی مادده بۆ وزه و بەپێچەوانەشەوه... با ئێستا بۆ بابەتی گواستنەوەی عەرشی بەلقیس شا بگەڕێینەوه.

ڕاڤەی لۆژیکی ئەو کارەی پیاوچاکەکە ئەنجامیدا (ئەوەی زانستی لە تەورات هەبوو) -جا مرۆڤ بێت یان پەری- بەپێی زانستی ئێستامان ئەوەیە: ئەو هەستاوه بە گۆڕینی عەرشی پادشای (سبأ) بۆ جۆرێك لە وزه، کە مەرج نییە لەسەر شێوەی وزەی گەرمی بووبێت، وەك ئەو وزەیەی لە بنکەکانی کارلێکە ناوەکییەکانی ئێستادا چنگ دەکەون. وزه وێکچوی وزەی کارەبایی یان ڕووناکییە و دەکرێت بەهۆی شەپۆلی کارۆموگناتیسییەوه بۆ جێگای مەبەست ڕەوانە بکرێت.

هەنگاوی دووەم ئەوەیە کە هەستاوه بە ناردنی ئەو وزەیە لە سەبەئەوه بۆ سولەیمان پاشا، لەبەر ئەوەی خێرایی بڵاوبوونەوەی شەپۆلە کارومۆگناتیسییەکان هەمان خێرایی بڵاوبوونەوەی ڕووناکییان هەیە (واتە ٣٠٠ هەزار کیلۆمەتر لە هەر چرکەیەکدا)، ماوەی گەیشتنی بۆ لای سولەیمان (سەلامی خوای لێبێت) سێ هەزار کیلۆمەتره.

هەنگاوی سێیەم و کۆتایی گۆڕینی ئەو وزەیەیە لەکاتی گەیشتنیدا جارێکی تر بۆ مادده، بۆ هەمان شێوەی پێشووی، واتە هەموو گەردیلە و هەموو گەردەکان بۆ شوێنی یەکەمجار و سەرەتایان گەڕاونەتەوه.

مرۆڤی ئەم سەردەمە ناتوانێت ئەو کارە بکات کە کەسەکە (ئەو کەسەی زانستی لەتەورات هەبوو) بەر لە دوو هەزار ساڵ کردی. توانای ئێستای مرۆڤ لەوه زیاتر تێپەڕ نابێت کە هەوڵی ڕاڤەکردن و تێگەیشتنی ڕووداوەکە بدات. ئەوەی مرۆڤ تێیدا سەرکەوتوو بوو گۆڕینی بەشێك بووه لە ماددەی توخمە قورسەکانی وەك یۆرانیۆم بۆ وزه بەهۆی کەرتبوونی گەردیلەکانی ئەو توخمانەوه، بەڵام کارلێکە ناوەکییەکانی تر کە بە یەکبوونی توخمە

ســوکەکانی وەك هایــدرۆجین و هیلیــۆم دروســت دەبێــت (وزەی خــۆر و ئەســـتێرەکان بەرهـــەم دێنێـــت) تـــا هەنووکـــەش مـــرۆڤ توانـــای دەستبەسەرداگرتنی تەواوی نییە. تەنانەت ئەگـەر مـرۆڤ لـە کۆنترۆڵکردنی وزەی یەککگرتنی گەردیلەییدا سەرکەوتوو بوو، هێشتا وزەی بەرهەمهاتوو لە شێوەی سەرەتاییدایە و گرانە بەبێ لەدەستدانی بەشێکی زۆر لە وزەکە بۆ دووریی زۆر بنێردرێت.

گۆڕانی مادده بۆ شەپۆلی مایکرۆیی ئێستا بەشێوەیەکی ئاسایی ئەنجام دەدرێت (لە دیمەنێکی سەرەتاییدا) کـە پێویسـتی بـە گـۆڕانی ماددەیـە بـۆ وزەی گـەرمی پاشـان بـۆ وزەی میکـانیکی پاشـان بـۆ وزەی کارەبـایی و دواجاریش ناردنی لەسەر شەپۆلی مایکرۆیی. لەبەرئەوە دەبیـنین بەشـێکی زۆری ئەو ماددەیەی سەرەتا بـەکارمان هێنـا لـەڕێی ئـەو گۆڕانانـەوە لـەناو دەچێت تـەنها بەشـێکی کـەمی دەمێنێتـەوە و دەتـوانین لـەڕێی شـەپۆلە مایکرۆییەکانەوە بینێرین. چوستی گۆڕینی مادده بۆ وزەی گـەرمی پاشـان وزەی میکانیکی دواتر وزەی کارەبایی لە(٢٠٪) زیاتر نییە. تەنانەت ئەگـەر لاوازیی ئێستای تەکنەلۆژیامان تێپەڕاند لە گۆڕانی یۆرانیۆم بۆ وزە، ئەوەی دەگۆڕێت بۆ وزە بەشێکی کەمی بارستایی یۆرانیۆمەکەیـە، بـەڵام بەشـێکی زۆری لە سوتەمەنی ناوەکیدا دەمێنێتەوە و بە درێژایی هـەزاران و ملیۆنـان ســاڵ وزەکــەی تیشــکدەدات و بــۆ چــەند تــوخمێکی تــر دەگۆڕێــت کــە کۆتاییەکەی بریتییە لە قورقوشم.

لەلایەکی تریشەوە دەبێت ئەو شـەپۆلانە وەربگیرێـن و پاشـان دووبـارە بگۆڕدرێنــەوە بــۆ وزە و پاشــان بــۆ مــادده، هــەموو گــەرد و گەردیلــە و تەنۆلکەیەك بچێتەوە جێگا بنەڕەتییەکەی خۆی، چوستی کۆکردنەوەی ئەم تیشــکەش (ئێســتا) و گــۆڕینی بــۆ وزەی کارەبــایی بەهــەمان شــێوەی

نێردراوەکە لە (٥٠٪) پتر نییە، واتە: ئەوەی تا ئێستا لە مادده بنەڕەتیەکە ماوەتـەوە، لـەدوای گـۆڕانی لـە مـادەوە بـۆ وزە و نـاردنی لـەڕێی شـەپۆلە کارۆموگناتیسییە مایکرۆییەکانەوە وەرگرتن و جارێکی تـر گـۆڕانی بـۆ وزە بریتییـە لـە (١٠٪)، ئەمـەش بەرلـەوەی هـەنگاوی کۆتـایی تـەواو بکرێـت، ئەویش گۆڕینی ئەو وزەیەیە بۆ مادده.

ئەم قۆناغەی کۆتایی (واتە گۆڕانی ئـەم وزەیـە بـۆ مـادده بنەڕەتیەکـە) تائێسـتا مـرۆڤ توانـای تـەواوکردنی نییـە، لەبەرئەوەیـە ئێمـە چوسـتی تەواوکردنی ئەم هەنگاوەی کۆتایی نازانین. ئەگەر وامانـدانا لـەژێر باشـترین بارودوخدا مرۆڤ توانی (٥٠٪) ی ئەو وزە ماوەیە بۆ مادده بگۆڕێت، ئاکـامی کۆتـایی ئـەوەی پێـی دەگـەین کـەمترە لـە بـڕی (٥٪) ی ئـەو ماددەیـەی کارەکەمان پیّ دەستپێکردووە.

ئەمەش مانای وایە ئەگەر بە عەرشەکەی بەڵقیس دەستمان پێکرد و بـە هەر ڕێگایەك گۆڕیمان بۆ وزە و ئەم وزەیەمان بەشێوەی شەپۆلی مایکرۆیی نارد، پاشان ئەو شەپۆلانەمان وەرگرتەوە و جارێکی تر گۆڕیمانەوە بۆ وزە یاخود مادده، ئەوا تەنها(٥٪) ی عەرشـەکەی "بـەڵقیس شـا"مـان دەسـت دەکەوێتەوە، ئەوەی تری لەمیانەی ئەو گۆڕانانەدا لەناودەچێت، ئەو بڕەش (٥٪ی ماددەی بنەڕەتی) بەس نییە بۆ دروستکردنەوەی بەشێکی بچووکی عەرشەکەش، وەك قاچ یاخود دەسکی کورسیەکەی عەرشی پاشا.

ئایەتـەکانی قورئـانی پـیرۆز کەسـایەتی ئـەو کەسـەی کـە (زانسـتی لـە تەورات هەبوو) دیاری ناکات ئایا مرۆڤ بووە یان پەری؟!

لە زۆرێك لە تەفسیرەکاندا باس لەوە کـراوە: ئـەو کەسـەی عەرشـەکەی "بـەڵقیس شـا"ی گواسـتەوە مـرۆڤ بـووە، بـەناوی (آصـف بـن برخیـاء)، بۆچوونیش هەیە ئەوەی کارەکەی کردووە یەکێکی تـر بـووە لەپەرییـەکان.

ئەگەری هەبوونی مرۆڤێك لەو سەردەمەدا بەو پلە بەرزەی زانست و زانیاری ئەگەرێکی زۆر کەمە.

ئەو پەرییە سەرکەوتوو بووە لە گۆڕینی عەرشـەکەی بـەڵقیس بـۆ وزەو پاشان ناردنی بۆ دووریی هەزاران کیلۆمەتر، پاشان دووبارە گۆڕینەوەی بۆ وێنە بنەڕەتیەکەی (مادده)، ئەمەش لەماوەی کەمتر لە چرکەیەکدا، یـاخود لە چـەند چـرکەیەکدا، ئەگـەر پێشـنیارەکەی پـەریی یەکـەم وەربگـرین کـە ئامـادەیی هـەبوو عەرشـەکە بهێنێـت بـەر لـەوەی سـولەیمان لەسـەر کورسیەکەی هەستێت.

ئاستی زانیاری و توانای هەریەکە لەو دوو پەرییە (یەکەم و دووەم) بـەر لە دوو هەزار ساڵ لە ئاستی زانیاری و توانای هونەری و زانستی مرۆڤی ئەم سەردەمە زۆر بەرزتر بووە.

سەرچاوەکان

١. تەفسیری ئاسان، بورهان محمد أمین
٢. موسوعة الإعجاز العلمي في القرآن الكريم، عبالرحيم الماردينى
٣. موسوعة الإعجاز العلمي في القرآن الكريم و السنة المطهـرة، يوسـف الحـاج أحمد
٤. الموسـوعة الذهبيـة في إعجـاز القـرآن الكـريم و السـنة المطهـرة، د.أحمـد مصطفى متولى
٥. موسوعة الإعجاز العلمي في القرآن و السنة، م.نايف منير
٦. موسوعة الإعجاز القرآنى في العلوم والطب و الفلك، د.نادية طيارة
٧. موسوعة الإعجاز العلمي في القرآن، هيثم جمعة بلال
٨. حقائق العلم الحديث (١-١٠)، عبدالرحمن العصافي
٩. الإعجاز العلمي في القرآن الكريم، محمد سامي محمد علي
١٠. معجزات القرآن، هارون يحيى
١١. الإعجاز العلمي في القرآن، السيد الجميلي
١٢. الإعجاز العلمي في السماء و الأرض، الشيخ أسامة نعيم
١٣. من آيات الإعجاز العلمي (السماء في القرآن الكريم)، د.زغلول راغب محمد النجار
١٤. مجلة الإعجاز، الهيئة العالمية للإعجاز العلمي
١٥. چەند پێگەیەکی ئینتەرنێت، بەتایبەت هەردوو پێگەی ئەلیکترۆنی:
www.55a.com
www.kaheel7.com